گوڵان

ســـاڵی سییـەم (١٣٦٢)- (١)ی ئایاری ٢٠٢٣

### زانایانی ئایینی لە بارەی دیدارەکەی سەرۆکی هەرێم:

# ڕێزگرتن لە زانایانی ئایینی بەشێکە لە ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی






# جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی

٦٣

جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی و نەتەوەیی، هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی ئەنفال بوو کە لەلایەن ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتدارانی بەغداوە بە ڕاوەدوونان و گرتنی فەیلییەکان و بارزانییەکان دەستی پێ کرد.


کوردی فەیلی، کە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق نیشتەجێ بوون و لە ڕووی ئایینیەوە پەیڕەوی مەزهەبی شیعەن، لەلایەن دەوڵەتی عێراقی ژێر فەرمانڕەوایی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٦٣ەوە بە هەموو شێوەیەک کۆمەڵکوژ و جینۆساید کران. ژێدەر و ئامارەکان ئەوە دەردەخەن و پشتڕاستی دەکەنەوە کە بە دەیان هەزار کەس لەم توێژەی کورد قڕ کران و لەناو بران.

هەر یەکە لە سەعدوون شاکر و بارزان تکریتی، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی جینۆساید و لەناوبردنی فەیلییەکانیان دەکرد، دواتر و بۆ ئەم مەبەستە، لە ساڵی ١٩٨٠دا، وەزیری ناوخۆی عێراق فەرمانی وەدەرنانی کوردە فەیلییەکانی لە وڵات دەرکرد. لە فەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عێراقدا هاتووە: «ئەو ئێرانییانەی لە وڵاتدان و ڕەگەزنامەی عێراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کە مامەڵەیان کردووە و بڕیاریان لەبارەوە دەرنەچووە، دەردەکرێن». بڕیارەکەی حکومەتی عێراق ئەوەشی تێدا بوو:

(لاوانی کوردی فەیلی لە تەمەنی ١٨ تا ٢٨ ساڵ، بگیرێن و لە بەندیخانەی پارێزگاکاندا تا ماوەیەکی نادیار دەستبەرسەر بکرێن). هەروەک بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکوومەتی عێراق ئەوەشی دووپات کردووەتەوە: «هەر کەسێک لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیان دا بگەڕێنەوە، تەقەیان لێ بکرێت». واتە بکوژرێن!

لە ڕۆژی ٢٦ی شوباتی ١٩٨١دا، لە ڕۆژنامەی (ثورة)ی زمانحاڵی حکوومەتی عێراقدا، سەددام حوسێن لە بارەی کوردە فەیلییەکانەوە دەڵێ: «ئەم توێژە لە عێراق ڕیشەکێش بکەن، تاوەکوو خاک و هەوای عێراق پیس نەکەن و کاتێک لە ڕێی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عێراقییەکان دەبێت، خوێنی عێراقییەکانیش پیس نەکەن».

# چاپکراوی نوێ







بۆ ئەم ژمارەی گۆڤاری گوڵان دوو کتێبی چاپکراومان هەڵبژاردووە، کە یەکەمیان بریتییە لە کۆمەڵێك چیرۆك بەناوی (کەزی دایکمیان بڕیوە) لە نووسینی چیرۆکنووس (بەهرام محەمەد- کاکل)، ئەم کتێبە(١٦) چیرۆك لەخۆ دەگرێت و، لە دووتوێی (٢٢٤) لاپەڕەیە و، چیرۆکنووس لەناو ئەو کتێبەدا چیرۆکی (برا مەمکوژە تۆڵەی کەزیی دایکم نەکردۆتەوە) وەك ناونیشانی بۆ ئەم چیرۆکە هەڵبژاردووە، لەو چیرۆکەدا یاسی کوڕێك و کچێك دەکات کە ئەڤینداری یەکدی بوونە، بەڵام دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە بە شێوەیەکی ئاسایی زەماوەندی هاوسەرگیری بکەن، ئەمەش پەیوەندیی بە نەهامەتی و دەربەدەریی کوردەوە بووە، کوڕە لەژێر زەبری ڕەگەزپەرستان ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵدەبژێرێت، بەڵام خۆشەویستەکەی لەبیر ناکات، شەوێك بێ هەست وخوست دەگەڕێتەوە گوندەکەیان، کچەکە مارە دەکات و هەر ئەو شەوەش بۆی دەردەچن و دوای هاوسەرگیرییان، کوڕەکە سەربردەی باو ك و دایکی بۆ هاوژینەکەی دەگێڕێتەوە، کە چ مەینەتی و ئەشکەنجەیان دیوە، باوکی پێشمەرگەی ئەیلوول بووە، لە ڕێی سیخوڕێکەوە هەڵدەکوتنە سەریان، باوکی ڕزگاری دەبێت، بەڵام دایکی بە کەلەپچەکراوی ڕەوانەی ئەبوغرێب دەکەن، کەزی و بسك و پرچیان بە تەواوی تراشیبوو، بۆ چەند جارێك ئەمە دووبارە دەبووەوە، کوڕەکە دەگێڕێتەوە کە لە تۆڵەی ئەم ستەمە بووەتە پێشمەرگە.. ڕووداوەکان بەردەوامن تا کۆتایی چیرۆکەکە.. دەستخۆشی لە چیرۆکنووس دەکەین و بە ئومێدی بەرهەمی زیاتر.


- کتێبی دووەم کە بریتییە لە شەش چیرۆك بەناوی (ئاخیر ڕۆژی داپیرە) لە نووسینی چیرۆکنووس محێدین تەها، کە شەش چیرۆکی لەخۆ گرتووە، لە چیرۆکی یەکەمەوە تا دوا چیرۆك مامەڵەی لەگەڵ هێڵێك کردووە لەنێوان واقیع و خەیاڵ، خەیاڵێك بەهەر شێوەیەك بێت کاریگەریی بەسەر واقیعەوە، یاخود بە جۆرێکی دیکە واقیع چۆن خەیاڵ بەرهەم دێنێت، ئەو هاوکێشەیە لە چیرۆکەکان بە یەك هێڵ گوزارشتی لێ کراوە، پاڵەوانەکان ڕەنگە بە خۆشیان نەزانن یاخود بیریان لەوە نەکردبێتەوە چۆن دەژین؟ بەڵام مەحکومن بەوەی بە ویستی خۆیان بژین، پاڵەوانێك لە سەرەمەرگدا دەگەڕێتەوە تەمەنی کوڕێژگەیی، چەند خولەکێکی پێش مەرگی لەو تەمەنە کوڕێژگەیی جودا نابێتەوە، لەو ساتەوەختەدا حەز بە فڕین دەکات، لە سێبەرەکەی خۆی دەزانێت ئازادی بریتییە لە مەرگ لەو ساتەی هەم گەڕاوەتەوەو، هەمیش بەرەو مەرگ دەچێت، ئەوەی پێ ئازادیی تەواوە. ئەم کۆچیرۆکە لە خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە دووتوێی (١٢٨) لاپەڕەدا چاپکراوە.. دانەیەکی گەیشتۆتە گوڵان سوپاس بۆ چیرۆکنووس محیەدین تەها.

د. نەرمین مەعرووف :




**جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان بۆ سێ ساڵ لەناو بودجەی حکومەتی فیدراڵی لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە**

خوسرەو جاف :




**بڕوای ڕەهام بە ئازادیی ڕادەبڕین هەیە، بەڵام ناکرێت ئازادی بۆ ڕووخاندن و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت**

دکتۆر هومام ئەلشەماع :



**ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا زامنی سێ ساڵی پشکی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لێ دەکەوێتەوە**

سۆران عەبدوڵڵا :



**ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و عێراق پشکی هەرێمی لە بودجە و ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان زامن کرد**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

ئایدن مەعرووف :

## ناکرێت کورسیی کۆتا بخرێتە ناو ململانێ و کێشەکانی نێوان لایەن و حزبە سیاسییەکانی کوردستان



ئەوین ئامانج :

## ئامانجی گەورەم هەیە و هەوڵ دەدەم ئەنجامی بەرز بەدەست بهێنم




## سکۆتەری ژێر ئاو



نەسرین یەحیا:

## چینی خاوەن پێداویستیی تایبەت پەراوێز خراون و، دەمەوێت ببمە دەنگێک بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان



## ئایا پۆدرەی منداڵ بێ زیانە؟




موزەرفەر ئەحمەد عباس

## مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان



## ئەستێرەی شانۆ





# دیداری سەرۆکی هەرێم لەگەڵ زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هەنگاوێکی گرنگ و دیدارێکی مێژوویی



## د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە میانەی ئەو دیدار و ئێوارەخوانەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانی ئەمساڵ بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی ئایینیی هەرێمی کوردستان ڕێکیخست، پێم خۆش بوو ئاماژە بە هەندێ بڕگەی دیدارەکە و ڕەهەند و لێکەوتەکانی بکەم، بۆ ئەوەی تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی بەرچاویان ڕوون بێت و ئاگاداری ناوەڕۆکی دیدارەکە بن.

لە ڕاستیدا ئەم دیدارە لەبەر ئەوەی تایبەت و لوتکەیی و مێژوویی بوو، گرنگی و بایەخ و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، بەتایبەت لە کاتێکی وادا ڕێزگرتن بوو لە کۆشش و ئەرك و ماندووبوونی سەرجەم زانایانی ئایینی لە پای ئەو خزمەتەی لە گەیاندنی پەیامی دینداری و ئامۆژگاری و بەرزکردنەوەی لایەنی ڕۆحی و ئیمانیی خەڵکی موسڵمان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەیکەن، لەو سۆنگەیەوە سەرۆکی هەرێم ڕێز و دڵسۆزی و هەستێکی خۆش و خۆشحاڵییەکی زۆری بەرانبەر مامۆستایانی ئایینی پیشان دا، بۆ وەها دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوخبەیەکی دیاری مامۆستایانی ئایینی بە جیاوازی ئایدیا و بۆچوون و شوێنی خزمەتکردنەوە، کە ئاماژە و بەڵگەی ڕێزگرتنی دەستەڵاتی ئەم هەرێمەیە لە پێگەی ئایین و مامۆستایانی ئایینی و ڕۆڵی ئایین لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا.

لە هەمان کات ئەم لێکنزیکی و گفتوگۆیانە بایەخی زۆریان بۆ بەرژەوەندیی گشتی و ئایندەی کوردستان هەیە، هەروەها بە ڕاوێژ و وەرگرتنی پەیامی دڵسۆزانەی زانایانی ئایینی و ڕێزگرتن لە نیشتمانپەروەران و ئایندۆستانی کوردستان، دەتوانرێ نزیکتر و وردتر لە هەست و خواستی هاووڵاتیان و کۆمەڵگە دەستنیشانی گرفتەکان بکرێ و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە مامۆستایانی ئایینی شەریحەیەکی گرنگ و کاریگەر و خاوەن نفووزی جەماوەری و پێگەی کۆمەڵایەتین و، نوێنەرایەتیی پەیامێکی پیرۆز دەکەن، ڕۆژانەش بە حوکمی کار و پیشەیان تێکەڵاوی خەڵکن، کەواتە ڕێزگرتن لە زانایانی ئایینی ڕێزگرتنە لەو زۆرینەیەی پێی دەگوترێ موسڵمان لە کۆمەڵگەدا، لە هەمان کات هەستکردنە بە کاریگەریی گوتاری ئایینی لە بەرزکرنەوەی هۆشیاریی تاك و پاراستنی کەلتوور و بەها مرۆڤایەتییەکان و ڕێزگرتن لە ئیرادە و هەستی نەتەوەپەروەری و ڕێبازی عیرفانی و بڵاوکردنەوەی بەها و ڕەوشتی جوان و بەرزکردنەوەی لایەنی ڕۆحی، بۆیە دانیشتنەکەش لەو کەشە مەعنەوییە بێبەش نەبوو و کۆمەڵێك قەسیدەی ئایینی و عیرفانییش خوێندرانەوە.

دوای پێشوازییەکی گەرم لە تاك بە تاکی بەشداربووان و بەخێرهێنانی گەرم لەلایەن خودی سەرۆکی هەرێم، دانیشتنێکی تایبەت بەڕێوە چوو، سەرۆکی یەکێتیی زانایان بەڕێز د. عەبدوڵا مەلا وەیسی بە ناوی زانایانەوە سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کرد، بۆ ڕەخساندنی دەرفەت و سازکردنی ئێوارەخوان بۆ زانایانی ئایینی وەك ڕێزگرتن لە ئەرکی پیرۆزیان لە مانگی ڕەمەزان، دواتر بە کورتی و پوختی دوو خاڵی باس کرد: لە خاڵی یەکەم تیشکی خستە سەر ئەسڵ و ڕەسەنایەتیی میللەتی کورد و ئاماژەی بەوە دا، کە بەرپرسیارێتیی قۆناغی ئێستای کورد لە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمدایە و ئەم هەرێمەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە ئەم پەیامە بە ناوی سەرجەم زانایانەوە ڕادەگەیێنین، کە گرنگە لە ڕووی تایبەتمەندیی ئایینی و ڕەسەنایەتی و بەها مرۆڤایەتییەکان و ئەخلاق و کەلتووری نەتەوەیی بپارێزرێت و درز و

**ڕێزگرتن لە زانایانی ئایینی ڕێزگرتنە لەو زۆرینەیەی پێی دەگوترێ موسڵمان لە کۆمەڵگەدا**

**بە ڕاوێژ و وەرگرتنی پەیامی دڵسۆزانەی زانایانی ئایینی و ڕێزگرتن لە نیشتمانپەروەران و ئایینداوستانی کوردستان، دەتوانرێ نزیکتر و وردتر لە هەست و خواستی هاووڵاتیان و کۆمەڵگە دەستنیشانی گرفتەکان بکرێ و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە**

**گرنگە لە ڕووی تایبەتمەندیی ئایینی و ڕەسەنایەتی و بەها مرۆڤایەتییەکان و ئەخلاق و کەلتووری نەتەوەیی بپارێزرێت و درز و دەستی ڕەشی کەس دۆخی کۆمەڵگە و لایەنی کۆمەڵایەتیمان بەرەو ئاقارێکی خراپ و نارێک نەبات**

دەستی ڕەشی کەس دۆخی کۆمەڵگە و لایەنی کۆمەڵایەتیمان بەرەو ئاقارێکی خراپ و نارێك نەبات.

لە خاڵی دووەمیش باسی لە واقیعی ئێستای کوردستان و ئەو کەشە سیاسییەی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان کرد، کە پێویستە هەمووان پێکەوە لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و باشترکردنی گوزەران و بەرەوپێشبردنی کوردستان جەژنی ڕەمەزان بکەنە دەرفەتێك بۆ ڕاگەیاندنی ئاشتەوایی نیشتمانی و دانیشتن لەسەر مێزی دیالۆگ و گفتوگۆ و هێورکردنەوەی گرژییەکان، لەوەشدا هیوای خواست سەرۆکی هەرێم وەك ئەندازیاری ئاشتەوایی دوای جەژن ڕۆڵی زیاتر و هەوڵی جددی بدات، بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنەکان و وەلانانی ناکۆکییەکان و ڕاگەیاندنی مۆژدەی ئاشتەوایی نیشتمانی، چونکە لە ئەنجامی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان ئەگەری باشتربوونی گوزەران و ژیانی خەڵکی کوردستان زیاترە و قەزیەی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە، سەرکەوتنی پتر و باشتر مسۆگەر دەکات.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی قسەکانی زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی مامۆستایانی کرد و، ئامانجی دانیشتنەکەی ڕوون کردەوە و گوتی: «هەموو لایەکتان زۆر بەخێر بێن، هەر لە زاخۆ تا خانەقین، بەڕاستی زۆر زۆر خۆشحاڵین کە داوای ئێمەتان قەبووڵ کرد و تەشریفتان هێناوە، زۆر سوپاستان دەکەین و هەموومان لە سەرۆکایەتیی هەرێم بەخێرهاتنتان دەکەین. مەبەستمان بوو هەموو زانایانی ئایینی دەعوەت بکەین، بەڵام لەبەر گونجان و مانگی ڕەمەزان ئێوە تەمسیلی هەموویان دەکەن و ڕێزی زۆرمان بۆ یەك بە یەکی مامۆستایانی ئایینی هەیە کە لەگەڵ ئێمە ئێستا ئامادە نین، بە هیوام هەر مامۆستایەکی ئایینی لە هەر شوێنێکە بە گەورەیی خۆی لێمان قەبووڵ بکات، خوای گەورە تاعەتی هەموو لایەك قەبووڵ بکات و، داواشتان لێ دەکەم لە دوعا و نزاکانتان لەبیرمان نەکەن و دوعای خێرمان بۆ بکەن، وە سوپاسی سەرۆکی یەکێتیی زانایان دەکەم لەسەر ئەوەی عەرزی کرد، لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمە بیکەین، یان کردوومانە و یان دەیکەین، ئەوە ئەرکی ئێمەیە و نە منەتی تێدایە و نە منەت لەسەر کەس دەکەین، ئەگەر پێمان بکرێ خزمەتێك بکەین، دەبێ بیکەین».

سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی مامۆستایانی ئایینی و مێژووی پڕ شانازی گەلەکەمان بە هەردوو ئاراستەی خەباتی نەتەوەیی و خزمەتی ئایینی، سەرۆکی هەرێم تیشکی خستە سەر ئەو کاریگەرییەی زانایانی ئایینی هەیانە لەناو کۆمەڵگەدا و گوتی: «ئێوەی مامۆستایانی ئایینی باشتر لە هەموو کەس زیاتر ڕۆڵ و پێگەی خۆتان لەناو کۆمەڵگە دەزانن، هەر لە کۆمەڵگەی کوردەواری و شۆڕشەکانی کوردستان و شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی و هەموو قۆناغەکان، لە قۆناغی بەرگری و ئازادی و دوای سەرهەڵدان، ڕۆڵی زانایانی ئایینی بەرجەستە بووە و، ڕۆڵی چاکە و خێریان هەبووە، بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە و لایەنە سیاسییەکان، بەو پێیەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانین و زۆرینەی کۆمەڵگە موسڵمانە، خۆشمان وەك بنەماڵەی بارزان و ڕێبازی خزمەت و خەبات ئەسڵی خۆی پتر لە سێسەد ساڵە دەستپێکردنەکەی دەستپێکێکی ئایینی بووە و دیفاع بووە لە حەق و لە ئایین و ئێستاش ئێمە پابەند دەمێنینەوە بەم بنەما و ئەسڵەی هەمان بووە».

دواتر هاتە سەر دۆخی سیاسیی کوردستان و پەیوەندیی نێوان لایەنەکان و گرنگیی ئەو هەنگاوانەی بەپێی ئەزموون گرنگە ڕەچاو بکرێن، بەڕێزیان گوتی: «کوردستان وڵاتی هەموومانە و ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، بەرهەمی خەبات و قوربانیدان و بەرخۆدان و تێکۆشانی هەمووان بووە، ئێمە کە پێکەوە بووین و پێکەوە تێکۆشاوین و یەکڕیز بووین و لە یەك سەنگەر بووین، دەستکەوتی باشمان بەدەست هێناوە، بەڵام لە لێکترازان و غیابی یەکهەڵوێستی، هەموو لایەك زەرەرمان کردووە و کەس قازانجی نەکردووە. سەیری قۆناغەکانی ڕاپەرین بکەن، ساڵی ١٩٩١ ڕاپەرین بە بڕیاری بەرەی کوردستانی لەلایەن خوالێخۆشبوو مام جەلال و خوالێخۆشبوو کاك نەوشیروان و جەنابی کاك مەسعود بارزانی (خوا تەمەنی درێژ بکات) لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تر بەردی بناغەی سەرهەڵدان و سەرکەوتنیان دانا، لەم

قۆناغەدا سەرکەوتین، چونکە پێکەوە بووین، دوای قۆناغی ٢٠٠٣ کە دەستووری هەمیشەیی عێراق نووسرا و کۆمەڵێك دەستکەوت بۆ کورد مسۆگەر کرا، نەتیجەی ئەو یەکگرتن و یەکهەڵوێستییەی کورد بوو، کە پێکەوە دەبین، دەستکەوتمان دەبێت، بەڵام کە لەگەڵ یەك نابین، زۆر شت لەدەست دەدەین. بۆ دڵنیایی ئێوەی بەڕێز، ئەو دەستکەوتانەی ئەمڕۆ هەمانە لە سایەی خەباتی هەموو گەلی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانمانەوە بووە». بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە دەبێ بە گەشبینییەوە لە چارەسەربوونی کێشە ناوخۆیی و پرسە هەڵواسراوەکان لەگەڵ بەغدا بڕوانین، چونکە بێجگە لە پێکهاتن هیچ بژاردەیەکی دیکە لە بەردەم لایەنەکاندا نییە و لەگەڵ بەغداش لەسەر ڕێگەی ڕێککەوتن و لەیەکگەیشتنین.

دواتر هاتە سەر قۆناغی شەڕی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەی فکری توندڕەوی و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەرهەڵستکاریی هزری توندڕەوی و گوتی: «لە سەردەمی هاتنی داعش ڕۆڵی زانایانی ئایینی یەکجار گرنگ و گەورە بوو، جێی خۆیەتی بڵێم پڕ بەدڵ سوپاسی مامۆستایانی ئایینی دەکەم، ئەگەر دیقەت بدەن، زەمینەی توندڕەوی و پاڵپشتی لە فکرەی توندڕۆیی لە کوردستان نەبوو، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ وتاری ئایینیی مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی کە هۆشیارییان لەناو کۆمەڵگە بڵاو کردووەتەوە و تاکی کوردیان پاراستووە، لەو کاتدا کە دوو ملیۆن ئاوارە بە هۆی داعشەوە هاتنە کوردستان، لە بیرمە لە شاری دهۆك دەرگای مزگەوتەکان بۆ ئاوارەکانی مەسیحی و ئێزدی کرانەوە و لەلایەن زانایانی ئایینی هاوکاری دەکران، ئەمە نموونە و تابلۆیەکی جوانە و هەموو لایەکمان شانازی پێوە دەکەین. من پێش ئێستا لە دەرەوە بووم لای پاپای ڤاتیکان، یەك لەو شتانەی کە لە لای ئەو گرنگ بوو لەسەر کوردستان باسی کرد، مەسەلەی ئەو پێکەوەژیانە بوو کە لە کوردستان هەیە و هەموو ئایینەکان بە ئاشتی و ڕێزگرتن لە یەکتری بە یەکەوە دەژین».

هەروەها نموونەیەکی دیکەی لە خزمەت و ڕۆڵی زانایان هێنایەوە کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و گوتی: «لە سەردەمی کۆرۆنا مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵێکی گەورەیان لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و مەسەلەی خۆپارێزی گێڕا، بەداخەوە بەشێکیشیان بە هۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە گیانیان لەدەست دا، کە لێرەوە سەری ڕێز و نەوازش بۆ کۆچکردووان دادەنوێنم و، ڕۆڵی هەموو لایەك لەم پرۆسەیەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرز دەنرخێنم.

ماوەتەوە بڵێم؛ ئەو ڕێزگرتنەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە زانایانی ئایینی و پیشاندانی هەست و هەڵوێست و بەرزنرخاندنی خزمەت و ڕۆڵیان، نیشانەی بایەخدانی بەڕێزیانە بە پێگەی مامۆستایانی ئایینی و کاریگەریی وتار و پەیامیان، کە خۆی لە گەیاندنی ئیسلامی ڕاستەقینە و هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری دەبینێتەوە و خەمی لە پێشینەیان بەرەو پێشبردنی ڕەوشی دینداری و هێشتنەوەی ڕەسەنایەتی و کەلتووری کوردەواری و یەکبوونی نێوماڵی کورد و پاراستنی بەها مرۆڤایەتییەکان و مۆراڵی کۆمەڵگەیە، زانایانی ئایینیش زۆر خۆشحاڵ بوون بەو هەڵسوکەوت و مامەڵە بەرز و جوانەی سەرۆکی هەرێم، بەتایبەت لە ڕێزگرتن و وەستان لە کاتی بانگدان و ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ لەگەڵ زانایان و داوای نزا و دوعای مۆفەقییەت و گوێگرتن لە قەسیدەی عیرفانی و خۆشحاڵی دەربڕین بە کەشی ڕۆحی و ئیمانی و مەجلیسی زانایان، بۆیە دواجار باسی لە هەستی خۆی کرد بەرانبەر دیدارەکە و گوتی: «جارێکی تر بەخێرهاتنتان دەکەم و پڕ بەدڵ ئەو قسەیە دەکەم کە بۆ من دانیشتنێکی خۆش و مایەی خۆشحاڵییەکی یەکجار زۆر بوو، بەتایبەت لە ڕۆژێکی پیرۆزی وەك ڕەمەزان، ئەو شتە ڕۆحییانەی خوێندتانەوە، منیش زۆر پێی ئاسوودە بووم، ئینشائەڵڵا خوای گەورە هیدایەتی هەموو لایەکمان بدات و، لە دوعای خۆتان بێبەشمان نەکەن و کوردستان هەر بە خۆشی بمێنێتەوە و هەموومان بە برایەتی و یەکریزی و پێکەوەیی هەرچی قۆناغی ناخۆشیشە دەرباز بکەین».

**لە ئەنجامی یەکریزیی نێوماڵی کورد و ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان ئەگەری باشتربوونی گوزەران و ژیانی خەڵکی کوردستان زیاترە و قەزیەی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە، سەرکەوتنی پتر و باشتر مسۆگەر دەکات**

**ئەو ڕێزگرتنەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە زانایانی ئایینی و پیشاندانی هەست و هەڵوێست و بەرزنرخاندنی خزمەت و ڕۆڵیان، نیشانەی بایەخدانی بەڕێزیانە بە پێگەی مامۆستایانی ئایینی و کاریگەریی وتار و پەیامیان**

**زانایانی ئایینی زۆر خۆشحاڵ بوون بەو هەڵسوکەوت و مامەڵە بەرز و جوانەی سەرۆکی هەرێم، بەتایبەت لە ڕێزگرتن و وەستان لە کاتی بانگدان و ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ لەگەڵ زانایان و داوای نزا و دوعای مۆفەقییەت و گوێگرتن لە قەسیدەی عیرفانی**



### زانایانی ئایینی لە بارەی دیدارەکەی سەرۆک هەرێم:

# ڕێزگرتن لە زانایانی ئایینی بەشێکە لە ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی



لەهەمبەر ئەو دیدارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانایانی ئایینی لە ئێوارەی ٢٨ی ڕەمەزان بەرانبەر بە ١٨ی٤ی٢٠٢٣ لە سەرۆکایەتیی هەرێم ئەنجام درا و، تێیدا کۆمەڵێك قسە و گفتوگۆی باش سەبارەت بە پرسە ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان کرا، زانایانی ئایینی بەشداربوو لەم دیدارە سەبارەت بە ناوەرۆك و کۆی دانیشتن و دیدارەکە، چ سەرنج و بۆچوون و پێشنیارو لێکدانەوەیەکیان لە لا گەڵاڵە بووە، بەمجۆرە ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان خستەڕوو.

**د.عیرفان ڕەشید ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی:**

# بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە خۆشحاڵییەوە پەیامی زانایانی وەرگرت




د.عیرفان ڕەشید ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان لە بارەی دیدارەکەوە گوتی: کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ زانایانی هەرێمی کوردستان گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، نزیکبونەوەی بەرزترین هەرەمی دەسەڵات لەگەڵ ئەو توێژە کاریگەرەی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە بە هۆکاری جیاجیا دروست بوون. زانایانی بەڕێز لە ئەنجامی تێگەیشتنیان لە ئازارەکانی خەڵك و تێکەڵبوونیان لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە تەواوی نەهامەتییەکان شارەزان، گرنگیی ئەم چاوپێکەوتنەش لەوەدا بوو، کە وێڕای ئێوارەخوانێك بە بۆنەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، گەیاندنی داواکاریی خەڵك بوو بە سەرۆکی وڵات، بەڵام گەیاندنی پەیامی خەڵك لەلایەن زانایانەوە جیاوازە، چونکە گەیاندن شێوازی خۆی هەیە، جگە لە باسکردنی ئایین و پیرۆزییەکانی، گرنگیی بڵاوکردنەوەی بەها بەرزەکان لە کۆمەڵگەدا، ڕێگریکردن لەو تەوژمە نامۆیانەی کە دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە، لەو سەردانەی زانایان بۆ لای جەنابی سەرۆکی هەرێم هەموو ئەم پەیامانە گەیەندرایە سەرۆکی هەرێم و بەڕێزیشیان جگە لە خۆشحاڵبوونی، هاوڕا بوو لەگەڵ زانایان، ئومێد دەکەین کاریگەریی ئەو سەردانە ببێتە هۆی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی کۆمەڵگە و گەیاندنی ڕاستییەکان وەکو خۆی.



**پ.د.حەسەن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان:**

# گەورەییە سەرکردەکانی کورد دانەبڕێن لە ئایینی ڕەسەنی کوردەواری و عیززەتە بۆ دونیا و قیامەتی خۆیان

پ.د.حەسەن موفتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای فەتوا، سەبارەت بە گرنگیی دیدارەکە گوتی: ئاماژەیەکی باشە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا بانگهێشتی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکات و لە خزمەتیاندا پێکەوە ئیفتاری بەربانگ بکەنەوە و پێکەوە بە جەماعەت نوێژی مەغریب ئەنجام بدەن، پاشان بە گوێگرتنی ئامۆژگاری و گوتنەوەی سروودی پڕ بەهای (مەولایە سەلی)ی شێخ محەمەدی بوسەیری و سروودی ناوازەی (ڕەبی بنێرە سەڵاوات)ی مامۆستای گەورە مەرحوومی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بیارە بەشێك لە شەوی بیست و هەشتی قەدر زیندوو ڕابگرن. ئەمانە تێکڕایان ئاماژەی عاقیبەت خێرین و خاڵی ئومێدبەخشن، گەورەییشە بۆ سەرکردەکانی کورد کە دانەبڕێن لە ئایینی ڕەسەنی کوردەواریی هەزار و چوارسەد ساڵەی خۆیان، عیززەتە بۆ دونیا و قیامەتی خۆیان. لە کاتێکدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم ئەو ڕاستییەشی ڕاگەیاند کە ئەو شەوکەت و پێگەی کە ئەوان هەیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تەریقەتی نەقشبەندی - وەك ئاماژەیەك - کە زیاتر لە دووسەد ساڵە لە دەڤەرەکەیان بەرکەماڵە و شانازییش بەو مەعنەوییاتەوە دەکەن.



**مامۆستا مەلا نەجمەدین شەمساوەیی بەرپرسی لقی سلێمانیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام:**

## ڕێز و تەقدیری جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ زانایانی ئایین جێگەی پێزانینه

مامۆستا مەلا نەجمەدین شەمساوەیی بەرپرسی لقی سلێمانیی یەکێتیی زانایان لە تێڕوانینی خۆی بەرانبەر دیدارەکە دەڵێت: وەها سەردانێك کاریگەریی ئەرێنیی خۆی هەیە، زۆر دەمێکە بەرپرسان بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك جاران لە مامۆستایانی ئایینی نزیك نەماون، بۆیە ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم بەرز دەنرخێنم، ڕێزی جەنابیان بۆ زانایانی ئایینی جێگەی پێزانینە، لەلایەکی دیکەشەوە گوێگرتنی بەڕێزیان بۆ مامۆستایانی ئایینی کە مامۆستا دکتۆر عەبدوڵڵا لە جیاتی هەمووان ئاریشەکان و گرفتەکانی نێوان لایەنەکان و سەرجەم بابەتەکانی لەمەڕ ژیان و گوزەرانیی خەڵك و نیگەرانییەکانی لای بەڕێزیان باس کرد، ئەو بابەتانە هەموو جێگەی ڕێز و پێزانینە بۆ جەنابیان دڵخۆشکەرن.

**د.بەشیر خەلیل حەداد وتارخوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات:**

## زۆر گرنگە لە نێوان دەستەبژێری ئایینی و سەرکردەی وڵات پەیوەندییەکی تەواوکاری هەبێت



د. بەشیر خەلیل حەداد مامۆستای زانکۆ و پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات و یەکێك لە بەشداربووانی ئێوارەخوانەکە گوتی: سەبارەت بەم دیدارەی لەنێوان سەرۆکی هەرێم و ژمارەیەك لە مامۆستایانی قەدرگرانی ئایینی ئەنجام درا، ئەمە کارێکی پێویست و هەنگاوێکی باشە، بەتایبەت لە نێوان نوخبەی ئایینی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەرکردەی وڵات گرنگە پەیوەندیەکی تەواوکاری هەبێت، لە ئەنجامدانی ڕاوێژی باش و ئامۆژگاری پێویست و چارەسەری گونجاو بۆ ئەو گرفت و کێشانەی لەناو کۆمەڵگە هەیە، گەنگەشەی پرسەکان بکرێت، دەرەنجام هەندێ لەو کێشە و پرسیارانەی لای خەڵك هەیە بیگەیێننە لایەنی پەیوەندیدار و ئەوانیش لە ڕێی ئەم نوخبە کارایەی کۆمەڵگە وردتر ئاگاداری پرسەکان دەبن، بۆیە لەوەش زیاتر گرنگە سەرۆکی هەرێم دەستەیەکی هەبێت لە کەسایەتیی ئایینی و ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی لەکاتی پێویست لەسەر پرسە گرنگ و گەرمەکان ڕاوێژیان وەربگرێت، گوێ لە بۆچوون و چارەسەرەکانیان بگرێت، بۆ ئەو ئاریشانەی دێنە پێشەوە، بەتایبەت لەم قۆناغە کە قەیرانی سیاسی تەنگی بە هەرێمەکەمان چنیوە، زۆر جار کە کێشەیەکی سیاسی دروست دەبێ، ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر دۆخی کۆمەڵگە و ژیانی هاووڵاتیان دەبێت، بۆیە ئا لێرە ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی و ئەو نوخبەیە بەدیار دەکەوێت کە لە کۆبوونەوەیەکی وادا لە ڕێی ڕاوێژ و پێشنیار و پەیامی گرنگ و دیالۆگەوە چارەسەری گونجاو دیاری دەکەن و پاڵپشتی دەنوێنن، دانیشتنەکە سەرکەوتووانە بوو، دەبێت هەمووان ببینە هۆکاری ڕەحمەت بۆ کیان و کۆمەڵگەی خۆمان هەروەکو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هۆکاری ڕەحمەت بوو بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی.

**د.ئەنەس محەمەد شەریف دۆسکی**
**ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی کوردستان:**

# دوای بەربانگ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پرۆتۆکۆلی شکاند و پێی گوتین: من لە ناو ماموستایانی ئایینی دادەنیشم



د.ئەنەس محەمەد شەریف دۆسکی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی زانایان سەبارەت بە دیدارەکە گوتی: لە ڕاستیدا لێکنزیکیی کاربەدەست و ماموستایانی ئایینی لە کوردستان بەرهەمی باشی دەبێت، چونکە لەمێژە داوای زانایانی ئایینی ئەوە بووە کە یەکڕیزی هەبێت بۆ ئەوەی ئەم کیانە بەرەو پێشەوە بڕوات، خاڵی هەرە گرنگی ئەم دیدارە ئەوە بوو کە سەرۆك نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی پێ دا، کە ئەوان بە ڕێگەی شێخ و مەلایەتی و عیرفانی بوونە سەرۆك و ڕابەری ئەم میللەتە، بۆیە قەت پێچەوانەی بنەمای ئەم ڕێبازە کار ناکەن و بەردەوام هەوڵ دەدەن خزمەت بکەن، هەروەها چەند جارێك کە کوردستان ڕووبەڕووی کێشەی گەورە بووە، بنەماڵەی بارزان بوونەتە هۆکار بۆ قوتارکردنی کورد لە قەیرانەکان، کە خۆیشی گوتی: ئەوە ئەرکی ئێمەیە و مننەت نییە، هەموو هەوڵێکیش دەدەین بۆ یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و بگرە زۆر جار زیان بە بەرژەوەندیی حزبی کەوتووە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی، تەنانەت سەرۆکی هەرێم لە دوای نانخواردن پرۆتۆکۆلی شکاند و گوتی: من لەناو ماموستایانی ئایینی دادەنیشم و شوێنی فەرمیی خۆی جێهێشت، ماموستایەکی ئایینی لە شوێنی ئەو دانیشت، ئەمەش بەڵگەی تەوازوع و سادەیی بەڕێزیان دەگەیەنێت و لە هەمان کات پیشاندانی ڕێزە بەرانبەر ماموستایانی ئایینی و خزمەت و هەوڵ و هەنگاوەکانیان.




**د.مادح مەلا محەمەد بەرزێوەیی**
**ئەندامی ئەنجومەنی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف:**

# دیداری جەنابی سەرۆکی هەرێم کارێکی زۆر چاك و ئیجابی بوو، هەستمان کرد دڵسۆزانە پێشوازی لە زانایان دەکات

د. مادح مەلا محەمەد بەرزێوەیی ئەندامی ئەنجومەنی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەم شێوەیە سەرنجی خۆی لە بارەی دیدارەکە خستە ڕوو: خوای مەزن فەرمانی پێ کردووین کە کاروبارمان بە مەشورەت بیت:((وأمرهم شوری بينهم))، وە فەرموویەتی: ((وشاورهم فی الأمر)). ئەوجا پرس و ڕاوەرگرتنی زانایانی دین کارێکی بە سوودە بۆ قازانجی دین و ژین.

لەو سۆنگەیە دیداری جەنابی سەرۆکی هەرێم کارێکی زۆر چاك و ئیجابی بوو، چونکە هەستمان کرد کە بە دڵسۆزانە پێشوازی لە زانایان دەکات، دیدارەکەش ئومێدبەخش بوو بۆ داهاتوویێکی باشتر بۆ گەڵی کوردو ئایین و ژیانی.

بۆیە ئومێدەوارین کە ئەو جۆرە دیدارانە بەردەوام بن لە نێوان بەرپرسان و زانایان، چونکە زانایانی ئایینی هەمیشە ڕێگای ڕاست نیشانی خەڵك دەدەن و هیچ کات لە مەشورەتی چاك درێغی ناکەن.



ماموستا شێخ جیهاد خەیلانی:

## دیداری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ زانایانی ئیسلام ڕێزگرتن بوو لە مامۆستایانی ئایینی لە کوردستاندا

مامۆستا شێخ جیهاد خەیلانی، لەبارەی دیدارەکەوە دەڵێت: ئەو دیدارەی سەرۆکی هەرێم ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی بۆ مامۆستایانی ئایینی ڕێکخستبوو، مانای وایە کە بەڕێزیان مزگەوت و شەریعەت و مامۆستایانی ئایینی خۆش دەوێت و جێگەی بایەخی بەڕێزیانن، هەروەك تەعبیرە لە خۆشەویستی بۆ مەولوودو باس و یادی (ڕسول الله) درووودی خوای لەسەر بێت، بەتایبەت ڕێزگرتن لەو دەستە مامۆستا بەڕێزە ئایینییانەی کە تەمەنێکیان لە خزمەتکردن سەرف کردووە، کارێکی بە جێ و گرنگە، ڕاستە هەموو مامۆستایان بەشدار نەبوون، بەڵام ئەوە خۆی لە خۆیدا ڕێزگرتن بوو لە سەرجەم مامۆستایانی ئایینی، هەروەك خۆیشی ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەوان وەکو بنەماڵەی بارزان لەسەر ڕێبازی مزگەوت و میحراب گەیشتوونەتە ئەو قۆناغە، بۆیە ئێمە وەکو مامۆستایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت دڵمان خۆش بوو بەم دیدارە، کە لە هەمان کات پاڵپشتیشە بۆ یەکێتیی زانایان و تەواوی مامۆستایانی ئایینی، کە کاتی خۆی مەرحوومی مەلا مستەفا بارزانی دایمەزراند، بۆ ئەوەی حوکم بە شەریعەت بکرێ، بۆیە سوپاس و دەستخۆشیمان هەیە بۆ جەنابی سەرۆك و هیوای موفەقییەتی بۆ دەخوازین لە خزمەتکردنی کوردستان.

مامۆستا مەلا مەمدوح شێخ عەبدولجەبار حەمدی بەرپرسی لقی زاخۆی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان:

## ئەم ئێوارەخوانە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی باش و ڕێزگرتن بوو لە ئەرک و ماندووبوونی مامۆستایانی ئایینی لە مانگی ڕەمەزاندا



مامۆستا مەلا مەمدوح شێخ عەبدولجەبار حەمدی بەرپرسی لقی زاخۆی یەکێتیی زانایان، سەبارەت بە هەمان پرلاس گوتی: ئەم سەردان و ئێوارەخوانە لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بۆ ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئایینی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕێك خرابوو، جێگەی پێزانین و مایەی دڵخۆشیی زۆر بوو، حەتمەن ئەم لیقا و گفتوگۆیانەی لەم جۆرە لە بەرژەوەندیی گشتی و کوردستانن، ئەمەش دواجار کاردانەوەی ئەرێنی بەسەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دادەنێت و دەبێتە هۆی هەماهەنگیی و هاوکاریی پتری چین و توێژەکان بۆ سەرخستنی پرۆسەی خزمەت بەرانبەر کورد و کوردستان، جەنابیان قسەی زۆر باش و جددی کرد لەسەر وەزعی هەرێم و چۆنیەتی خزمەتکردنی زانایان و سەقامگیریی کوردستان، بەدڵنیاییەوە مامۆستایانی ئایینی وەك کار و پیشەی خۆیان هەمیشە وەك دڵسۆزێك بۆ کورد و کوردستان خزمەت دەکەن و پەیامی برایەتی و دینداری بڵاو دەکەنەوە و دەیانەوێت ئارامیی ئەم کیان و کۆمەڵگەیە پارێزراو بێت، بۆیە ئەم ئێوارەخوانە هەنگاوێکی باش بوو بۆ مامۆستایانی ئایینی و ڕێزگرتن بوو لە ئەرك و ماندووبوونیان لە ناو مانگی ڕەمەزانی پیرۆز.

**د.دڵشاد گەلاڵی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:**

# پێشوازی و سادەیی و ڕێزگرتنی سەرۆکی هەرێم لە مامۆستایانی ئایینی بووە جێگەی سەرنجی من



د. دڵشاد گەلاڵی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، ئەو مامۆستایەیە کە قەسیدەی خوێندەوە و سەرۆکی هەرێم بە لایەوە خۆش و سەرنجڕاکێش بوو، لە بارەی ئێوارەخوان و کۆبوونەوەکەش دەڵێت: پێشوازی و سادەیی و ڕێزگرتنی سەرۆکی هەرێم لە مامۆستایانی ئایینی، بووە جێگەی سەرنجی من، ئەوە سەلمێنەری ئەوەیە کە دەوروبەری خۆی خۆش دەوێت و بەڕێز سەرۆکی هەرێم کەسێکی تابلێی جەماوەری و تێکەڵە و زیاتریش دەیویست گوێ بگرێت، نەك خۆی قسە بکات، بۆیە بواری دا بە هەندێ لە مامۆستایان کە قسە بکەن. ئاگای لە هەر هەمووان بوو، لە بچووکترین هەڵسوکەوت بگرە، تا گەورەترین هەڵسوکەوت بە واتایەکی دی، هەردەتگۆت تەنیا لەگەڵ یەك کەس دانیشتووە، یەك کەسی پێشتگوێ نەخست، هەستت بەوە نەدەکرد کە گرنگی تەنیا بە چەند کەسانێك دەدات لە ئامادەبووان، بەڵکو بە یەك ئاست گرنگی بە هەموو ئامادەبووان دەدا.

کاتێ سەرۆکی زانایان پێشنیاری ئەوەی کرد، پارچە قەسیدەیەك بخوێننەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێم یەکسەر گوتی: زۆرم پێ خۆشە و فەرموو مامۆستا دەست پێ بکە. قەسیدەی مەولایە سەڵیم خوێندەوە و هەستم کرد زۆری بەلاوە خۆش بوو، هەر خۆیشی لەگەڵ ئێمە دەیگێڕایەوە و بە ئیعجابەوە گوێی بۆ شل کردبوو، پاشانیش گوتی: بەڕاستی چێژ لەم جۆرە مەجلیس و کەشە عیرفانییە دەبینم، هەروەها جارێکی دیکەش داوای لێم کردەوە کە سروودێکی دیکەش بڵێمەوە.



**مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان:**

# جێگەی ڕێزە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم کاتە جەنجاڵەی کوردستاندا مامۆستایانی ئایینی لە زاخۆوە تا کەلار پێکەوە کۆبکاتەوە

مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری لێپرسراوی لقی گەرمیانی یەکێتیی زانایان، دەڵێت: سوپاس و دەستخۆشیمان هەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لەم ساتە جەنجاڵەی هەرێمی کوردستاندا کۆکەرەوەی زانایانی ئاینی بوو هەر لە کەلارەوە تا زاخۆ، هەڵبەتە زانایانی ئایینی بە حوکمی پێگە و مەکانەتی کۆمەڵایەتییان هەمیشە و هەموو کات بەشێك بوون لە خەڵك و خۆشیان بە خاوەنی کیانەکەیان زانیوە و پردی پەیوەندیی نێوان خەڵك و دەسەڵات بوون، لە هەموو قۆناغەکاندا زانایانی ئایینی بەو پەڕی ئەمانەتەوە داواکاری و پێویستیی خەڵکیان بە بەرپرسان گەیاندووە، هەروەکو هەمیشەش ڕێزلێگیراوی تەواو بوون لەلایەن بەرپرسانەوە، بەتایبەت سەرکردە باڵاکانی گەلەکەمان.



شێخ ئیبراهیم بەرزنجی بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوەی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف:

# ئێوارەخوانەکەی سەرۆکی هەرێم هەموو ئاراستە جیاوازەکانی مامۆستایانی ئایینی لە خۆی گرتبوو

شێخ ئیبراهیم بەرزنجی بەڕێوەبەری ئیرشاد و توێژینەوەی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەمبەر دیدارەکە گوتی: کۆبوونەوەکە هەموو تەوەجوهاتەکانی لە مامۆستایانی ئایینی لەخۆ گرتبوو، کە دانیشتنی لەم شێوە گرنگە بۆ گفتوگۆ و تەرحکردنی سەرنج و پێشنیار بۆ سەرۆکی هەرێم، کە بە شێوازێکی ڕێکوپێك و پڕ لە هەست و سۆز پێشوازی لە مامۆستایانی ئایینی کرد و سوپاس و ستایشی زۆریشی کردن لەسەر دانیشتن و کۆی گفتوگۆیەکان، هەستیش دەکرا، هەمووان لە سەرۆکایەتی هەرێم دڵخۆش بوون بە پێشوازی و خزمەتکردنی مامۆستایانی ئایینی، ئەم دانیشتنە هاوشێوەی دەستەیەکی ڕاوێژکاری ڕۆڵی گرنگی هەبوو، بۆیە ئەگەر وەك پێشنیاز دەستەیەك لە مامۆستایانی ئایینی وەك دەستەی ڕاوێژکاری ئایینی سەرۆکایەتیی هەرێم دەستنیشان بکرێن بۆ پرسەکان گرنگ و پێویستە.

شێخ گەیلان تاڵەبانی:

# ئەم ئێوارەخوانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ زانایانی ئایینی ڕێکی خستبوو شتێکی تازە نییە و ئەمە ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانییە



شێخ گەیلان تاڵەبانی، سەبارەت بە دیدارەکە بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە خستە ڕوو: بە ناوی مامۆستایانی ئایینی کەرکووك دەستخۆشی لە جەنابی سەرۆکی هەرێم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکەم بۆ ئەو پێشوازییە گەرم و ئێوارەخوانە، ئەمە شتێکی تازە نییە بەڵکو ئەمە ڕێبازی مەلا مستەفای بارزانییە کە هەمیشە وابووە و ڕێزی لە ئایینی ئیسلام و زانایانی ئایینی گرتووە. لە دانیشتنەکە داوا لە بەرپرسیان کرا تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان ڕابگرێت، چونکە یەکڕیزی و ئاشتەوایی دەبێتە هۆی سەقامگیریی کوردستان و خۆشگوزەرانیی خەڵك.

سەرۆکی هەرێم لە وەڵامدا ئاماژەی بەوە کرد، ئەوەی دەیکەین ئەرکە نەك مننەت، هەموو لایەنەکان دەیانەوێت خزمەتی کوردستان بکەن، بەڵام هەر یەکەو بەپێی بیر و ڕای جیاوازی خۆی، زۆر جار ناکۆکی هەبووە و لایەنە سیاسییەکان ئەمەیان تێپەڕاندووە، دەبێت ناکۆکییەکان نەمێنن و بەرژەوەندیی گشتی لەبەر چاو بگیرێت، هەروەها تەقدیری پێگە و خزمەتی زانایانی ئایینی باس کرد، چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوو لە شۆڕشەکاندا و جەختی لەوە کردەوە کە پیاوانی ئایینی جێگەی ڕێز و بایەخی ئەوانن، چونکە ڕۆڵیان لە ڕووی خزمەت و هەنگاوەکانیان بۆ هۆشیاریی کۆمەڵگە و چاکسازی و هاندانی خەڵك بۆ ڕەوشتی جوان و خۆشەویستیان بۆ خاك و نیشتمان لەبەر چاوە.



**ئایدن مەعرووف**

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان بۆ گوڵان:

# ناکرێت کورسیی کۆتا بخرێتە ناو ململانێ و کێشەکانی نێوان لایەن و حزبە سیاسییەکانی کوردستان

**سیاسەتی پیادەکراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست پێکهاتەکاندا بریتییە لە ڕێزگرتن و بەشدارپێکردنیان و برەودان بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوانیان، بەڵگەی بەرجستەش لەم ڕووەوە بوونی وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکانە، ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئایدن مەعرووف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** سەرۆک بارزانی لە چەندین بۆنەدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە پێکهاتەکان بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە، کەمینە نین، بەڵکو ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، هاووڵاتیی ئەم نیشتمانەن و دەبێت هەموو مافەکانیان پارێزراو بێت، لە نووسینەوەی دەستووری کوردستانیشدا دەبێت خۆیان مافەکانی خۆیان دیاری بکەن. ئایا تا چەند ئەم ئاراستەی سەرۆک بارزانی لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ کراوە و کابینەی نۆیەم وەك بەشێك لە بەرنامەکەی چۆن کاری لەسەر دەکات؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت، بوونی پێکهاتەکان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان گرنگیی خۆی هەیە، کە ئاشکرایە بەشدارییەکی باشیان لە پرۆسەی سیاسی و حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، ئەمەش سەلمێنەری بایەخپێدانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە بە پێکهاتەکان، تاوەکو مومارەسەی مافەکانیان بکەن و بەشدارێکی کارا بن لە پاراستن و برەودان بە بەرژەوەندییەکانیان لە هەرێمی کوردستان. دواتر ئەوە ڕاستە کە نەتەوە پەیوەست نییە بە ژمارەوە، ئەوەتا دەبینین نەتەوەی تورکمان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بوونێکی گرنگیان هەیە و کاریگەرییان لەسەر بارودۆخ و پرۆسە سیاسییەکە هەیە. نەتەوەی تورکمان لە کوردستاندا خاوەنی مێژوو و کەلتوور و زمان و دابونەریتی تایبەت بە خۆیەتی و پێگەی سیاسیی خۆی هەیە. ئێمەش هەر وەك جەنابی سەرۆك بارزانی دەفەرموێت وشەی کەمینەمان قبووڵ نییە و قسەکانی لە جێگای خۆیەتی و زۆر گرنگە و لە هەموو قۆناغ و پرس و کات و شوێنێکدا سەرۆك بارزانی گرنگی بە نەتەوەکان و پێکهاتەکان داوە، بەتایبەت لەوەی کە جیاوازی ناکات لەنێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستادا و داکۆکیکار و پاڵپشتێکی بەهێزی هەموو نەتەوەکانە بۆ گەیشتن بە ماف و بەرژەوەندییەکانیان، چ لە عێراق چ لە کوردستان. لەلایەکی دیکەوە سەرۆك بارزانی کەسایەتی و کاریزمایەکی سیاسیی زۆر گرنگە و ڕەمزی پێکەوەژیانە و وەك بەبیرهێنانەوەیەکی بەئەمەك، جەنابی سەرۆك بارزانی لە نووسینەوەی دەستووری

**ئێمەش هەر وەک جەنابی سەرۆک بارزانی دەفەرموێت وشەی کەمینەمان قبووڵ نییە**

**ئەو بەرگری و پاڵپشتییەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ ئێمە وەک پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی زۆر گرنگ و کاریگەر بوو و ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەک لە هزر و بیرکردنەوەماندا لە بیری بکەین**

**له هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش هەموو پرسێک، لە بارودۆخ و پێداویستیی پێکهاتەکان دەپرسێتەوە**

**بڕیار دراوە مێژووی تورکمان و کلد و ئاشوور و سریان بکرێتە پرۆگرام لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستان و ئەکادیمیای تورکمان و ئەکادیمیای کلد و ئاشووری و سریان دابمەزرێت**

**ئەم کورسییانەی کۆتا، کاریگەرییەکی گرنگ و ئەرێنییان لەسەر پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی لە هەرێمی کوردستاندا بووە**

**کاتێک لایەنێک هەوڵ دەدات، کێشە بۆ کۆتا دروست بکات و دژی کۆتا بێت، ئەمە پاشەکشەیە لە دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ**

عێراقدا چەند داکۆکیکار و بەرگریکار بووە لە نەتەوەکەی خۆی، هێندەش و بگرە زیاتریش بەرگریکار و پاڵپشت بوو بۆ جێگیرکردن و بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەك تەنیا تورکمان، بەڵکو مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان. ئەو بەرگری و پاڵپشتییەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئێمە وەك پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی زۆر گرنگ و کاریگەر بوو و ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەك لە هزر و بیرکردنەوەماندا لە بیری بکەین، هاوکات لە نووسینەوەی دەستووری کوردستان و هەموو بڕیار و پرسێك کە کاریگەریی ئایندەی هەبێت، ئەوە جەنابی سەرۆك بارزانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت پێکهاتەکان خۆیان بەشدار بن لە لێژنەکان و بە خۆیان ماف و داواکاری و بەرژەوەندییەکانیان بنووسنەوە و دیاری بکەن.

*** بوونی وەزیرێکی هەرێم لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری پێکهاتەکان هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە وەك وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان، تاچەند توانیوتە پردێك لە نێوان حکومەت و تایبەتمەندیی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دروست بکەیت؟**

- دامەزراندنی وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان خۆی لەخۆیدا گرنگیدانە بە دۆسیە و کاروباری پێکهاتەکان، مەبەستی سەرەکیی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە بایەخی تەواو بدرێت بە بارودۆخ و پێداویستی و چارەسەرکردنی کێشەی پێکهاتەکان. بۆیە ئێمەش وەك وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان بووینەتە پردێکی ڕاستەوخۆ و پەیوەندیەکی بەهێز و توندوتۆڵمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە و لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش هەموو پرسێك، لە بارودۆخ و پێداویستیی پێکهاتەکان دەپرسێتەوە و گفتوگۆی لەبارە دەکرێت، و وەزیرە پەیوەندیدارەکان -کە وەك یەك تیم کار دەکەین- ڕادەسپێرێت بۆ بەدواداچوون و چارەسەری هەر کێشە و پێداویستییەك کە تایبەت بێت بە پێکهاتەکانەوە. ئەوەی ئێمە بەدیمان کردووە، ئەوەیە کە بەڕێزیان زۆر پەرۆشە بۆ گەشەپێدان و قووڵکردنەوەی پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەك وەزیر و وەزارەتەکە بە پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەتی کوردستان سەردانی هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانمان کردووە، بۆ ئاگاداربوون لە ڕەوشی پێکهاتەکان و کێشە و گرفتەکانیان بە مەبەستی چارەسەرکردنیان. لەم ڕووەوە توانیومانە ببینە پردی بەهێزی نێوان پێکهاتەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هۆکاری خێر بووین بۆ پێکهاتەکان.

*** کاتێك کێشەیەك تایبەت بە پێکهاتەکان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باس دەکرێت، سەرۆك وەزیران وەڵامدانەوەی بۆ کێشە و تایبەتمەندیی پێکهاتەکان چۆنە و تا چەند بڕیاری گرنگ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دراوە؟**

- لە ڕاستیدا هەر کێشە و گرفتێکی پێکهاتەکان هەبووبێت و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرابێتە ڕوو، ئەوا لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەبارە کراوە و بە خەمخۆرییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و پلان و بەرنامەی بۆ داڕێژدراوە. واتە سەرۆك وەزیران و سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان لە خەمی داواکاری و کارەکانی پێکهاتەکاندا بوون. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە بڕیار لەسەر چارەسەری کێشەی زەویی برا کریستیانەکان و جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ دراوە، کە ئەم یاسایە تایبەتە بە ڕەوشی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان. هاوکات بڕیار دراوە مێژووی تورکمان و کلد و ئاشوور و سریان بکرێتە پرۆگرام لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستان و ئەکادیمیای تورکمان و ئەکادیمیای کلد و ئاشووری و سریان دابمەزرێت، کە هەموو ئەوانە بە بڕیار و ڕەزامەندی و پاڵپشتیی ڕێزدار مسرور بارزانی بووە.

*** کێشە و ململانێی حزبە سیاسییە کوردییەکان، کاریگەری لەسەر کۆتای پێکهاتەکانیش دروست کردووە و هەوڵ دەدەن**

**کە کورسیی پێکهاتەکان لەناو خۆیاندا دابەش بکەن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەم کێشەیە لە کوێوە سەری هەڵداوە و ئێوە وەك پێکهاتەکان ئایا ڕایەکی یەکگرتووتان هەیە بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافەکانی خۆتان بکەن؟**

- ئاشکرایە کورسیی کۆتا بە پێی یاسا لە هەرێمی کوردستان ڕێك خراوە، بوونی ئەم کورسییانەی کۆتا، کاریگەرییەکی گرنگ و ئەرێنییان لەسەر پێکەوەژیان و ئاشتی و لێبوردەیی لە هەرێمی کوردستاندا بووە، بۆیە نابێت و ناکرێت کورسیی کۆتا بخرێتە ناو ململانێ و کێشەکانی نێوان لایەن و حزبە سیاسییەکانی کوردستان. ئێمە هەموو کات لەگەڵ ئەوەداین کە هۆکاری چارەسەری کێشەکانی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان بین و نەبووینەتە لایەنگری هیچ لایەنێك لە کاتی کێشەکانی نێوانیاندا. لێرەدا وەك هەموو کات ئەوە دووپات دەکەینەوە، کە بوونی نەتەوەکان و پێکهاتەکان لە کورسیی کۆتا گرنگترە، چونکە وەك دەزانین جەنابی سەرۆك بارزانی لە هەموو کاتێکدا جەختی لەسەر ماف و بەرژەوەندیی پێهکاتەکان کردووەتەوە و بوونی نەتەوەکان لە هەرێمی کوردستان بە پیرۆزی و بە چاوێکی ڕێزەوە سەیر کراوە. بەڵام کاتێك لایەنێك هەوڵ دەدات، کێشە بۆ کۆتا دروست بکات و دژی کۆتا بێت، ئەمە پاشەکشەیە لە دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ.

*** ئێستا هەر لەسەر پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هەمیش لەسەر پرسی هەمواركردنەوەی یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، نوێنەری یۆنامی لە عێراق بووەتە بەشێك لە پرۆسەکە و ئەویش لەسەر ئەم پرسە قسەی خۆی هەیە، هەروەها لەسەر پرسی کۆتای پێکهاتەکانیش پێشنیاری خۆی هەبووە، وەك کەسێك کە بەشداریت لە کۆبوونەوەکان، ئایا یۆنامی چ پێشنیارێکی بۆ کۆتای پێکهاتەکان کردبوو، بۆچی ئێوە ڕەتتان کردەوە؟**

- بێگومان بوونی یۆنامی لە عێراقدا گرنگە بۆ چاودێری و بەدواداچوونی دۆسیەی پێکهاتەکان، بەڵام ئەو پێشنیارەی لەلایەن یۆنامی کراوە، کە دابەشکردنی کورسیی کۆتاکانە بە سەر شارەکانی هەرێمی کوردستان، یان زیادکردنی دوو کورسیی کۆتا بۆ شاری سلێمانی، کە کورسییەك بۆ تورکمان و یەکێکیش بۆ کریستیانەکان بێت، لەلای ئێمەوە قبووڵکراو نییە و، لە کۆبوونەوەکەدا پێمان ڕاگەیاندن کە ئەوە جێگای قبووڵکردن نییە و لە کۆتاییدا وتیان ئەوە تەنیا پێشنیارە و بڕیار نییە. ئێمە پێمان ڕاگەیاندن کە دەمانەوێت پڕۆسەی هەڵبژاردن بۆ پێکهاتەکان بە یەك بازنەیی بێت و دابەشی سەر شارەکان نەکرێت و داواشمان کردووە کە پێکهاتەکان بەشدار نەبن لە دەنگدانی تایبەتدا. چونکە لە دەنگدانی تایبەتدا دەستتێوەردان لە دەنگدانی کۆتاکان دەکرێت، کە ئەمەش کاریگەریی خراپ لەسەر کاندیدەکانی کورسیی کۆتا و هەڵبژاردنەکەش بە گشتی دروست دەکات.

*** بیانووی حزبە سیاسییەکان بەگشتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی لەسەر کۆتای پێکهاتەکان ئەوەیە کە ئێوە پاشکۆی پارتی دیموکراتی کوردستانن و نوێنەرایەتیی پێکهاتەکان ناکەن، ئایا ئێوە بەڕاستی نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی خۆتان ناکەن و وەك ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەفتار دەکەن؟ هەروەها بۆچی پێکهاتەکان زیاتر لە پارتی نزیکترن تا حزبەکانی دیکە؟**

- ئێمە هەموو حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بەتایبەت هەر دوو حزبی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) بە یەك چاو سەیر دەکەین و پەیوەندیمان لەگەڵ هەموویان باشە و کێشەمان لەگەڵ هیچیان نییە. بەڵام ئێمە ڕێککەوتنی سیاسیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە پێی ئەو ڕێککەوتنە کریستیان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە جومگەکانی دەسەڵات و حکومەت بەشدارن. بۆیە ناکرێت ئێمە لە حکومەتدا بەشدار بین و لە پەرلەمانیشدا ئۆپۆزسیۆن بین. هەر بۆیە ئێمە پابەندین بەو هاوپەیمانییە و ڕێککەوتنەی لە نێوانماندا هەیە، لەلایەکی دیکەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو حزب و لایەنەکانی دیکە زیاتر داکۆکیکار و پاڵپشتە بۆ بەدەستهێنانی مافی پێکهاتەکان و زۆریش پەرۆشە بۆ برەودان بە پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان.

**دەمانەوێت پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ پێکهاتەکان بە یەک بازنەیی بێت و دابەشی سەر شارەکان نەکرێت و داواشمان کردووە کە پێکهاتەکان بەشدار نەبن لە دەنگدانی تایبەتدا**

**ئێمە هەموو حزب و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بەتایبەت هەر دوو حزبی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) بە یەک چاو سەیر دەکەین و پەیوەندیمان لەگەڵ هەموویان باشە و کێشەمان لەگەڵ هیچیان نییە**

**ناکرێت ئێمە لە حکومەتدا بەشدار بین و لە پەرلەمانیشدا ئۆپۆزسیۆن بین**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو حزب و لایەنەکانی دیکە زیاتر داکۆکیکار و پاڵپشتە بۆ بەدەستهێنانی مافی پێکهاتەکان**



# بنەماکانی
# ئاسایشی خۆراک
# لە هەرێمی کوردستاندا





**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ و پرۆفیسۆر لە یاسا - زانکۆی سۆران

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاسایشی خۆراك بە گرنگترین پرسی ناوەندیی چوارچێوەی ئاسایشی سەرتاسەریی نەتەوەیی هەرێم و سەقامگیرییەکەی هەژمار دەکرێت، چونکە دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، واتا سەرکەوتن لە دەستەبەرکردنی هەلی ماددی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ هەموو هاووڵاتییەك لە کوردستان، کە پشکی خۆی لە خۆراك وەدەست بهێنێت، تاکو ژیانێکی تەندروست و تەژی لە چالاکی و بەختەوەری بەسەر بەرێت.

وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاسایشی خۆراك پشت بە ئاستی سەرکەوتنی سیاسەت و بەرنامەو پڕۆژە ستراتیژییەکان دەبەستێت، لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و کواڵێتیی کاڵاکانی خۆراك، ئەمەش لە ڕێی بەکارهێنانی زانستییانە و نموونەییانەی سەرچاوە مرۆیی و سرووشتییەکان

**وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاسایشی خۆراك پشت بە ئاستی سەرکەوتنی سیاسەت و بەرنامەو پرۆژە ستراتیژییەکان دەبەستێت**

**سەرکەوتنی سیاسەتی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك، واتا وەدیهێنانی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بۆ نەوەکانی ئێستا و ئایندە**

**لە کوردستان وێڕای کەمیی سەرچاوەکانی ئاو بە هۆی نەبوونی ژمارەی پێویستی بەنداو و پۆندەکان ئاوی باران و بەفرمان بە هەدەر دەڕوات**

**هەرێمی کوردستان پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی هۆشمەندانە هەیە بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی بەرهەمەکانی بەکاربهێنێت**

**زۆربەی دەوڵەتانی کشتوکاڵی سیاسەتی پاڵپشتیی بەردەوامی و هاوسەنگ بۆ جووتیار و ئاژەڵدار و خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر و ماسی و باخەوان و گوڵچێنەران دەکەن و، هاوکاریی ماددی و تەکنیکی و مەعنەوییان پێشکەش دەکەن**

دێتە دی، ئەم هەنگاوەش بە مەبەستی زیادکردنی داهاتی سەرچاوە داراییەکانە لە بواری هەناردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ و ڕزگاربوون لە پاشکۆیەتیی ئابووری، بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕی بارزرگانیی خۆماڵی و ئیقلیمی و پارێزگاریکردن لە هاوسەنگیی ژینگەیی.

سەرکەوتنی سیاسەتی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك، واتا وەدیهێنانی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بۆ نەوەکانی ئێستا و ئایندە، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی بەبێ دابینکردنی ئاسایش خۆراك دابین ناکرێت.

گرنگترین بنەماکانی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

١- ئاسایشی ئاو: بنەمایەکی بنەڕەتیی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بەردەوامبوونیەتی، چەندین ڕەهەندی سیاسی و ئەمنیی هەیە، چونکە زۆربەی دەوڵەتان هەوڵ دەدەن کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاو بکەن، لەوانەش ئێران و تورکیا، ئێمەش لە کوردستان وێڕای کەمیی سەرچاوەکانی ئاو بە هۆی نەبوونی ژمارەی پێویستی بەنداو و پۆندەکان ئاوی باران و بەفرمان بە هەدەر دەڕوات، بۆیە کاتی هاتووە، کە توێژینەوە و دیراساتی ئەکادیمی بکرێت بۆ گەیشتن بە چاکترین ڕێگە بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمدا، هەروەها ڕزگاربوون لە وەرزەکانی وشکەساڵی بە بەکارهێنانی ئاو بەو شێوەیە، کە بەروبوومی کشتوکاڵی پێ ئاو بدرێت، تاکو گەشە بکات و بەرهەمەکە زیاد بکرێت، هاوکات زێدەڕۆیی لە بەهەدەردانی ئاو نەکرێت، ئەمەش بەوە دەبێت کە ڕێگەی تایبەت بۆ ئاودانی هەر بەروبوومێك هەڵبژێردرێت. لێرەدا پێویستە جەخت لەوەش بکەینەوە کە دەبێت پارێزگاری لە ئاوی ژێرزەوی بکرێت، لە کاتی پێویستیش نەبێت، بیر لێ نەدرێت، هاوکات ئاوی باران و بەفر لە پۆندی ئاودا کۆبکرێتەوە، یان بگوازرێتەوە بۆ بەنداوە زەبەلاحەکان و بۆ کاتی پێویست عەمبار بکرێت.

٢- فەراهەمکردنی زەویی شیاو بۆ کشتوکاڵ: خۆراك لە زەویی کشتوکاڵیدا دەستەبەر دەبێت، بەڵام قۆستنەوەی هەڵەی بەکارهێنانی زەوی، دەبێتە هۆی کەمیی توانای بەرهەمهێنان، چونکە چاندن لە یەك جۆرە کشتوکاڵ بە شێوەیەکی فراوان لە بەروبووم و لەوەڕی زیاد لە پێویست و، بڕینەوەی درەخت و، زۆر بەکارهێنانی پەیین و قڕکەری زیندەوەر و شتی دیکە، ئەمانە دەبنە هەڕەشەی مەترسیدار بۆ سەر توانای زەویی کشتوکاڵ، تاکو لە پرۆسەی بەهەمهێنان بەردەوام بێت، بۆیە دەبینین ئەمەش لە کوردستان دیاردەیە و ڕوودەدات.

هەرچەندە زەویی بەپیتمان بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لە سەرتاسەری کوردستان لەبەردەستدایە، بۆ هەموو جۆرە کشتوکاڵێکی هاوینە و زستانە، چ بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵ بێت لە گەنم و جۆ و برنج و پەتاتە و میوە و سەوزە و گوڵ و ڕووەکی دیکە، بەڵام وەبەرهێنان لەم زەوییانە بە شێوەی زانستی ئەنجام نادرێت، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە توێژینەوەی زانستی و پراکتیکی بۆ بکرێت، بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەو زەوییانە و زیادکردنی ڕووبەرەکانیان، دواتر چاککردنیان و کەمکردنەوەی ڕووبەری بەبیابانبوون و، پاراستنی دارستان و فراوانکردنی پرۆسەی چاندنی درەخت و، دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی پیسبوونی ژینگە و، دامەزراندنی کارگە بۆ پیشەسازیی خۆراك.

٣- سامانی ئاژەڵ و ماسی و پەلەوەر و باڵندە: گومان لە گرنگیی ئەم سامانەدا نییە بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمدا، هەر چەندە دەستەبەرە و ماوەیەکە بایەخی پێ دراوە، بەڵام ئەو شێوازانەی بۆ پەرەپێدانی بەکاردەهێنرێن زۆر پێشکەوتوو نین، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم سامانە خۆراك بۆ مرۆڤ دابین دەکات، لە هەمان کاتدا بە کەرەستەی بنەڕەتی دادەندرێت لە زۆربەی پیشەسازییەکانی خۆراکدا، کە لەم ڕێگەیەوە هەلی کار فەراهەم دەکرێت، هۆکاریشە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بێکاری و جیاوازیی چینایەتی. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە تا ئێستا زۆر پێویستیمان بە ئەنجامدانی توێژینەوە هەیە لەلایەن پسپۆڕانەوە، تاکو باشترین ڕێگەی وەبەرهێنانی ئەم سامانە و پەرەپێدانی بخەنەڕوو، هەروەها خودبژێوی وەدی بێت و دەست بکرێت بە هەناردەکردن بۆ بازاڕ و، دواجاریش سەرچاوەی داهاتی نیشتمانی زیاد بکرێت.

٤- بەڕێوەبردنی ئەکادیمییانەی زانستی و پراکتیکی: هەرێمی کوردستان پێویستی بە بەڕێوەبردنێکی هۆشمەندانە هەیە بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی بەرهەمەکانی بەکاربهێنێت و، لەسەر ئاستی ناوخۆ و وڵاتانی ئیقلیمیدا بەبازاڕ بکرێن، ئەمەش لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵەوە دەبێت، کە پلان دابڕێژێت بۆ پرۆسەی فراوانکردنی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر و باڵندە و زیادکردنی سامانی ماسی

بۆ وەدیهێنانی خۆراکی هاوسەنگ بۆ هەموو دانیشتووانی هەرێم، هەروەها کەمکردنەوەی پرۆسەی بەهەدەردان لە ڕێی بەکارهێنانی عاقڵانەی سامانی مرۆیی و دارایی، تاکو پشت بە تەکنەلۆژیای تازە ببەسترێت و پرس و ڕا بە شارەزایانی دەوڵەتانی پێشکەوتنخوازی کشتوکاڵی بکرێت، لە هەمان کاتدا پڕۆژەی بەردەوامی کشتوکاڵی و ئاودێری جێبەجێ بکرێت، دواجاریش دەرچووانی کۆلێجەکانی کشتوکاڵ و ڤێتێرنەری و پەیمانگە تەکنیکییەکان دابمەزرێن.

بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاسایشی خۆرك، پێویستە ئەم سیاسەتانەی خوارەوە پەیڕەو و جێبەجێ بکرێن:

أ- سیاسەتی کشتوکاڵی: ئەو بەرنامە کشتوکاڵی و بەرهەمهێنان و چاکسازییانە دەگرێتەوە کە پسپۆڕان دەیگرنە بەر بۆ بەکارهێنانی نموونەیی سەرچاوەکانی دارایی و کشتوکاڵی، بۆ وەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندیی جووتیار و وەبەرهێنەری کشتوکاڵی و، بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی کوردستانی، ئەمەش لەمیانی دەستنیشانکردنی ئامانجە هەنووکەیی و دوورمەوداکان بۆ گەیشتن بە چاککردنی گوزەرانی جووتیاران و ئاژەڵداران و خاوەنی پڕۆژەکانی پەلەوەر و باڵندە و سامانی ماسی و هەنگەوانان و، دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەم توێژینەوانە تاکو هاندەر بێت بۆیان، لە ڕووی ماددی و مەعنەوییشەوە پاڵپشتی بکرێن، هاوکات دانانی پلانی گونجاو بۆ وەدیهێنانی هاوسەنگی لە بازاڕەکاندا لە ڕووی خستنە ڕوو و داخوازیدا، هانی هاووڵاتیانیش بدرێت کە پشت بە بەرهەمی خۆماڵی ببەستن.

ب- سیاسەتی پاڵپشتیی نرخی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و سامانی ماسی و پەلەوەر: زۆربەی دەوڵەتانی کشتوکاڵی سیاسەتی پاڵپشتیی بەردەوامی و هاوسەنگ بۆ جووتیار و ئاژەڵدار و خاوەن پڕۆژەکانی پەلەوەر و ماسی و باخەوان و گوڵچێنەران دەکەن و، هاوکاریی ماددی و تەکنیکی و مەعنەوییان پێشکەش دەکەن. ئێمەش لە کوردستان زۆر پێویستیمان بەوە هەیە، ئەگەر بمانەوێت ژینگەیەکی ساغڵەم فەراهەم بکەین بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك کە هەموو پێویستییەکانی خۆراك بۆ گشت دانیشتووانی هەرێم دەستەبەر بکات، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم پاڵپشتیی بەردەوامی جووتیاران و هەموو ئەوانە بکات کە لە کەرتی ئاسایشی خۆراکدا کاردەکەن، ئەمەش بە دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستییەکانی پاڵپشتیی دارایی و تەکنیکی و مەعنەوی، هەروەها پێشینە و قەرزیان پێ بدات و، هانی کۆمپانیاکان بدات بۆ هاوردەکردنی ئامێر و کەرەستەی پێشکەوتووی کشتوکاڵی، هاوکات لە باج و ڕەسمی گومرگ بیانبەخشێت، بازاڕی ناوخۆ و دەرەوەیان بۆ بدۆزێتەوە، بەردەوامیش بێتە نێویانەوە بۆ پاڵپشتیی بەرهەمەکانی خۆماڵی ئەگەر هات و تێچوونی بەرهەمهێنانیان زیاد بوو.

لە کۆتاییدا دەبینین کە وەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك تەنیا ئەرکی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵکو ئەرکێکی بنەڕەتیی هەموو ئەکادیمیست و پسپۆڕانی کاروباری کشتوکاڵ و پیشەسازیی کشتوکاڵ و ژینگە و دارستان و بەنداوەکانی ئاو و پۆند و ڕێگاو بان و زۆر پسپۆڕانی دیکەی زانستی ئابووری و دارایی و یاسایە.

کاتی ئەوە هاتووە هەموومان هەوڵی زانستی و پراکتیکی و ئەکادیمییانە بدەین لە ڕێی سازکردنی وۆرك شۆپ و سیمینار و نووسینی توێژینەوە و وتار بۆ دەستنیشانکردنی خاڵی لاواز لە پرۆسەی ئاسایشی خۆراك و شێوازی چارەسەرکردن، هاوکات چۆنێتیی گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن بۆ نەوەکانی ئێستا و ئایندە، بەڵام خۆدوورخستنەوە و گوێنەدان و دوورەپەرێزی لە پێکەوەڕۆیی لەگەڵ پێشکەوتندا، یان تەنیا گلەیی و گازاندە و ڕەخنە و گوێگرتن لە پڕۆپاگەندەی نابەجێ، یان حکومەت بەرپرس بێت لە هەموو کێشە و خەمەکان، بێ ئەوەی یارمەتیمان بدات و ڕێنماییمان بکات، ئەمانە هەموویان کاری مەترسیدارن، بەتایبەتیش کە کەس گومان لە دڵسۆزیی زۆربەی ئەکادیمیست و پسپۆڕانی کورد و کوردستان ناکات، کە چۆن ئارامگرن و بەرگەی هەموو جۆرە مەینەتییەك دەگرن، بەڵام خۆشەویستیی نیشتمان لە باوەڕەوەیە، زەنگی مەترسی وا لێ دەدات و لاوازیی ئاسایشی خۆراك دەبێتە هۆی دارمانی ئاسایشی نەتەوەیی.

کەمتەرخەمی لە کارکردن بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك و بەردەوامبوونی پشتبەستن بە وەهم و کۆمەکی دەرەکی، کە بەردەوام دەوەستێتە سەر بەرژەوەندییەکان، دۆخی هەرێم ناسەقامگیر دەکات، هەروەها ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە، دیارە ئەو گەلانەی لە دابینکردنی خۆراك و داوودەرماندا پشت بە خۆیان دەبەستن، هەرگیز ژێردەستە نابن.

**پێویستە حکومەتی هەرێم پاڵپشتیی بەردەوامی جووتیاران و هەموو ئەوانە بکات کە لە کەرتی ئاسایشی خۆراکدا کاردەکەن**

**ئاسایشی خۆراک تەنیا ئەرکی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵکو ئەرکێکی بنەڕەتیی هەموو ئەکادیمیست و پسپۆڕانی کاروباری کشتوکاڵ و پیشەسازیی کشتوکاڵ و ژینگە و دارستان و بەنداوەکانی ئاو و پۆند و ڕێگاو بان و زۆر پسپۆڕانی دیکەی زانستی ئابووری و دارایی و یاسایە**

**کاتی ئەوە هاتووە هەموومان هەوڵی زانستی و پراکتیکی و ئەکادیمییانە بدەین لە ڕێی سازکردنی وۆرک شۆپ و سیمینار و نووسینی توێژینەوە و وتار بۆ دەستنیشانکردنی خاڵی لاواز لە پرۆسەی ئاسایشی خۆراک و شێوازی چارەسەرکردن**

**کەمتەرخەمی لە کارکردن بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک و بەردەوامبوونی پشتبەستن بە وەهم و کۆمەکی دەرەکی، کە بەردەوام دەوەستێتە سەر بەرژەوەندییەکان، دۆخی هەرێم ناسەقامگیر دەکات**



د. نەرمین مەعرووف بۆ گوڵان:

# جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان بۆ سێ ساڵ لەناو بودجەی حکومەتی فیدراڵی لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە

# ١٥ تریلیۆن دینار بۆ پشکی هەرێم و ١٠٠ ملیار دینار بۆ ماددەی ١٤٠ و ٢٢٨ ملیار دینار بۆ هێزی پێشمەرگە لەناو بودجەدا جێگیر کراوە

**پرسی بودجەی گشتی عێراقی فیدراڵ بۆ سێ ساڵی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ و لەگەڵ پشکی هەرێم لە پڕۆژە یاساکە بە یەکێك لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێت، کە لەگەڵ پەسەندکردن و تێپەڕاندنی پڕۆژە یاساکە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی لەسەر جووڵاندنی سێکتەرە ئابوورییەکان هەیە. گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نەرمین مەعرووف غەفوور ئەندامی لێژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** دوای ئەوەی ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقی فیدراڵ هاتە لێژنەکەتان و لە پەرلەمان خوێندنەوەی بۆ کرا، وەکو کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا لەسەر بودجە، ئایا هەڵسەنگاندنت بۆ پڕۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراقی فیدراڵی چۆنە؟**

- ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق کە نزیکەی ٢٠٠ تریلیۆن دینارە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بە گەورەترین بودجە دادەنرێت. حکومەتی عێراقی فیدراڵ داوای کردووە بودجەکە بۆ سێ ساڵی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ پەسەند بکرێت، بودجەکەش لەسەر بنەمای نرخی نەوت لە سەرووی ٧٠ دۆلارەوە دانراوە و، نرخی دیناریش بەرانبەر دۆلار لەناو پڕۆژە یاسای بودجەکەدا بە ١٣٠٠ دینار جێگیر کراوە، لەناو بودجەکەشدا پشکی هەرێمی کوردستان بە ١٢,٦٧٪ دیاری کراوە، بودجەیەکی قەبارە گەورەی بەم شێوەیە لەگەڵ پەسەندکردنی کاریگەریی گەورە دروست دەکات لەسەر کۆی سێکتەرە ئابوورییەکان و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش، لەگەڵ ئەمەشدا لەسەر کۆی پڕۆژە یاساکە و ماددەکانی و پشکی هەرێمی کوردستان زۆرترین سەرنج و تێبینیی وردی ئابووری و دارایی هەیە.

**ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق کە نزیکەی ٢٠٠ تریلیۆن دینارە لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بە گەورەترین بودجە دادەنرێت**

*** مەبەستت لە تێبینی و سەرنجەکان لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەکە چییە؟ ئایا لەناو گفتوگۆکانی پەرلەماندا تا چەند ئومێد هەیە ئەم کەموکورتییانە چارەسەر بکرێن؟**

- گرنگترینی ئەو تێبینی و سەرنجانەی لەسەر پڕۆژە یاساکە هەیە بریتییە لە:

١- بۆ یەکەمین جارە حکومەتی فیدراڵی داوای کردووە پڕۆژە یاسای بودجە بۆ سێ ساڵ بێت، هەرچەندە ئەم داوایەی حکومەتی عێراق بەپێی یاسای ئیدارەی دارایی لە ماددەی ٤ی بڕگەی دووەمدا ڕێگەپێدراوە، بەوەی حکومەت بودجە بۆ ماوەیەکی مامناوەند ئامادە بکات و، ساڵی یەکەمی ئیلزامییە و دوو ساڵەکەی دیکەی ئەگەری پێداچوونەوەی هەیە، بەڵام بودجەیەك لەسەر بنەمای ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت ئامادە بکرێت کە هیچ کەسێك ناتوانێت زامنی بەردەوامیی ئەم نرخە بکات، ئەمە جێگای سەرنج و ڕەخنەیە.

**بودجەیەک لەسەر بنەمای ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت ئامادە بکرێت کە هیچ کەسێک ناتوانێت زامنی بەردەوامیی ئەم نرخە بکات، ئەمە جێگای سەرنج و ڕەخنەیە**

٢- لە کاتێکدا ٩٥٪ی داهاتی عێراق لەسەر

**خەرجی بەکارخستن لەناو بودجەکەدا گەیشتووەتە ١٣٤ تریلیۆن دینار و ٦٠ تریلیۆن دیناری تەنیا بۆ مووچە دەڕوات، ئەمەش بارگرانییەکی دیکەیە لەسەر ئابووری و چالاکیی ئابووریی وڵات**

**خەرجی ٦٨١ هەزار فەرمانبەر لە هەرێمی کوردستان مووچەکانیان چەسپێندراوە**

**دامەزراندنی لیوای ٢٠ی هاوبەشی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی فیدراڵیدا بودجەی بۆ تەرخان کراوە و ٣٧٧٧ پلەی وەزیفی بۆ ئەو لیوا هاوبەشە جێگیر کراون**

نرخی نەوتی خاو بێت و بودجەکە لەسەر بنەمای ٧٠ دۆلار مەزندە کرابێت، ئێمە لە لێژنەی دارایی پەرلەمان بە گومانەوە دەڕوانینە بەردەوامیی ئەم نرخە.

٣- بودجەی ئەمساڵ لە ڕووی قەبارەوە نزیکەی ٢٠٠ تریلیۆن دینارە و لە ڕووی کورتهێنانەوە خۆی لە زیاتر لە ٦٤ تریلیۆن دینار دەدات، ئەگەر بودجەکە بۆ سێ ساڵ پەسەند بکرێت، ئەوا کورتهێنانەکە دەگاتە زیاتر لە ١٩٠ تریلیۆن دینار و ئەمە بارگرانیی زۆر دەخاتە سەر ئابووری و حکومەتی عێراق.

٤- بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورتهێنانە حکومەت پشتی بە قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی بەستووە.

٥- خەرجی بەکارخستن لەناو بودجەکەدا گەیشتووەتە ١٣٤ تریلیۆن دینار و ٦٠ تریلیۆن دیناری تەنیا بۆ مووچە دەڕوات، ئەمەش بارگرانییەکی دیکەیە لەسەر ئابووری و چالاکیی ئابووریی وڵات .

٦- ئەوەی جێی تێبینییە، ئەوەیە کە کۆی هەموو دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق بڕی ئەو داهاتەی کۆی دەکەنەوە، تەنیا ١٧ تریلیۆن دینارە، لە کاتێکدا دەوڵەتی عێراق ١٣٤ تریلیۆن دینار خەرج دەکات، تەنیا بۆ کۆکردنەوەی ١٧ تریلیۆن دینار، ئەمەش نابەرابەرییەکی زۆر زۆر گەورەیە و دەیسەلمێنێت کە ئەم وڵاتە تەنیا پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە.

٧- هەر چەندە پشکی هەرێمی کوردستان کە بە ١٢,٦٧٪ دیاری کراوە و زیاتر لە ١٥ تریلیۆن دینارە و ئەوەش گرنگە بۆ بەگەڕخستنی پرۆژەکان و دابینکردنی مووچە، بەڵام ئەم ڕێژەیە کەمە لە کاتێکدا بەپێی ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە خودی وەزارەتی پلاندانان دایناوە و بە ١٤٪ی خەملاندووە. هەر خۆی لەخۆیدا ئاماری وەزارەتی پلاندانان کراوەتە بنەما بۆ دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان و وەزارەتەکە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی بە ١٤٪ خەملاندووە، کەچی تەنانەت حیساب بۆ ئەم بنەمایەش نەکراوە.

لەگەڵ ئەمەشدا پرۆژە یاسای بودجە لایەنی باشی زۆری تێدایە، لەوانە جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان و تەرخانکردنی ٩٠ تریلیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی حاکیمە کە تێیدا پسولەی خۆراك و گەنمی جووتیاران و دابینکردنی دەرمان و پێداویستی و سووتەمەنی و وزە و خەرجی هەڵبژاردنەکانی تێدایە و خەرجی ٦٨١ هەزار فەرمانبەر لە هەرێمی کوردستان مووچەکانیان چەسپێندراوە و ١٠٠ ملیار دیناریش بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دانراوە، ئەگەرچی ئەم بڕە پارەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە کەمە، بەڵام بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ماددە دەستوورییە گرنگیی زۆری هەیە. ئومێدەوارم لەناو پەرلەماندا هەوڵی زیادکردنی بدرێت، هەروەها دامەزراندنی لیوای ٢٠ی هاوبەشی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی فیدراڵیدا بودجەی بۆ تەرخان کراوە و ٣٧٧٧ پلەی وەزیفی بۆ ئەو لیوا هاوبەشە جێگیر کراون. سەبارەت بە هێزی پێشمەرگە ئەگەرچی بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەرێم و لەناو خەرجی سیادی هەژمار دەکرێت، کەچی لەناو دووتوێی وەزارەتی بەرگریی عێراق دانراوە، کە ئەمەش ڕێکار و ڕۆتینی زۆر دروست دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا زیاتر لە ٢٢٨ ملیار دینار دانراوە لە خەرجی سیادی بۆ هێزی پێشمەرگە وەکو هێزێکی زەمینی لەناو مەنزومەی بەرگریی عێراقدا.

*** لەگەڵ بوونی ئەم هەموو تێبینی و سەرنجە گرنگانە، ئایا گەرەنتیی پەسەندکردن و تێپەڕاندنی بودجەکە چەندە؟**

- هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایەی بودجە تێپەڕ بێت و لەناو پەرلەماندا پەسەند بکرێت، بەتایبەتی کە ساڵی ڕابردوو حکومەت بودجەی نەبوو، زۆربەی پرۆژەکان جێبەجێ نەکراون و باروگوزەرانی خەڵکی قورسە. ڕەنگە لە کۆتایی مانگی ئایار پرۆژە یاساکە دوای چاککردنی هەندێك تێبینی و سەرنج پەسەند بکرێت و کۆدەنگی لەسەر دروست بێت.

*** ئەگەر باسی پشکی هەرێمی کوردستان و گرنگترینی ئەو بابەتانە بکەین کە بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە بودجەکەدا گرنگن، ئەوانە چین؟**

- ڕاستە ئێمە وەکو پەرلەمانتار لە پەرلەمانی عێراق مەبەستمانە دواجار یاسایەکی بودجەی

ڕێکوپێك و بەهێز دەربچێت، بەڵام دواجار ئێمە بە نوێنەرایەتیی پارتە سیاسییەکان و جیاوازیی بیروبۆچوونەکانمانەوە داکۆکی لە مافی خەڵکی کوردستان دەکەین، ئەمەش بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمانی دەزانین، بۆیە هەرچەندە پشکی هەرێمی کوردستانمان پێ کەمە، بەڵام زیاتر لە ١٥ تریلیۆن دینار کە پشکی هەرێمی کوردستانە کاریگەریی باشی لەسەر ئابووری و بووژانەوەی سێکتەرە ئابوورییەکان و مووچە و جووڵاندنی کاروکاسبی و پیشەی خەڵکی دەبێت، هەمووان دەزانن لە ٢٠١٤وە تاکو ٢٠٢١ بە هۆی بارگرژی و ئاڵۆزییەکان لەسەر نەوت ئەو برە پشکەی لە ١٢,٦٧٪ کە لەساڵانی پێشوو دیار دەکرا، نەدەگەیشتە هەرێمی کوردستان و بە هۆیەوە تووشی قەیرانی دارایی بووین و، کاریگەریی خراپی لەسەر ژیان و بژێوی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هەبوو، هەر بۆیە ئەمە برە پارەیەکی باشە ئەگەر بە دروستی بگاتە هەرێمی کوردستان و بە شێوەیەکی زانستی و عەقڵانی و دادپەروەرانە لە هەرێمی کوردستان دابەش بکرێت، بە لانی کەمەوە جووڵەیەك بە بازاڕ دەدات و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ڕاناگیرێت و مووچەی مووچەخۆران مەترسی لەسەر نامێنێت، ئەگەرچی ئەمە شایستەی تەواویی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام برەکەی کەم نییە، ئەمەش دوای ئەوەی کورد وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق مافەکانی خۆی لەناو کارنامەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی جێگیر کرد، دواتریش لە ناو ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بودجە نێردرایە پەرلەمان و بەشێکی زۆری داواکاریی لایەنە سیاسییەکان بە کوردیشەوە ڕەنگی داوەتەوە لە ناو بودجەکەدا، هەرچی ئەو ڕێککەوتنەش هەیە کە لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە دوای بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانیی پاریس دەرچوو، بەوەی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی سۆمۆوە بێت و لە بەرانبەردا هەرێمی کوردستان تەواوی شایستە داراییەکانی خۆی لە ڕێگەی بودجەوە وەردەگرێت، ئەمەش گەرەنتیەکی زۆری بۆ مووچەخۆران دەبێت.

*** بەڵام ئایا پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە ناردنە دەرەوەی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە جێگای مەترسی نییە؟ بە واتایەکی دیکە ئەم پابەندبوونە ئاستەنگ نییە؟**

- بەپێی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە لە ٤ی نیسانی ئەمساڵ واژۆ کراوە، هەرێم پابەندە بە ناردنە دەرەوەی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە لە ڕێگەی کۆمپانیا سۆمۆوە و بڕگەیەکیش دانراوە، بەوەی حکومەتی هەرێم بواری خەرجکردنی لەژێر چاودێریی حکومەتی فیدراڵ و هەردوو دیوانی چاودێریی هەرێم و فیدراڵەوە دەبێت، سەرۆك وەزیرانی عێراقیش لەم نزیکانە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جیهان ڕادەگەیەنێت و تا ئەو کاتە حکومەت دەتوانێت پشکی خۆی بە بڕی ٤٠٠ ملیار دینار لە ڕێگەی قەرز و سلفەوە وەربگرێت و، دواتر لەگەڵ پشکی خۆی لە بودجە تاوتوێ دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە شاندی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەغدا گفتوگۆی زۆریان کردووە و ڕێککەوتنەکە سیفەتێکی یاسایی پێشوەختەی بە پشکی هەرێم لە بودجە داوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ کۆتاییهاتن بە دەیەك لە ناکۆکیی نێوان ناوەند و هەرێم کە بە هۆیەوە ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراقیش زیانی گەورەیان بەرکەوتووە، ئومێدەوارم ئەم ڕێککەوتنە ڕێخۆشکەر بێت بۆ تێپەڕاندنی سەرجەم ئەو ماددە و بڕگانەی لە پرۆژە یاسای بودجە دانراون، کە چوارچێوەیەکی یاسایی وەردەگرێت و هیوادارم هەرێم و عێراقیش لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی پابەندی جێبەجێکردنی ماددە و بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە بن. لە لایەکی دیکەوە سەقفێك دانراوە بۆ پشکی هەرێمی کوردستان بەو واتایەی ئەگەر داهاتی عێراق زیاتریش بێت، لەو پشکە زیاتر بەر هەرێمی کوردستان ناکەوێت، لەگەڵ هەموو ئەم تێبینی و سەرنجانە، من پێم وایە هەر هیچ نەبێت لەو دۆخە خراپەی تێیدا تێپەڕبووین، خراپتر نابێت، جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان بۆ سێ ساڵ لە ناو بودجەی حکومەتی فیدراڵیدا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە.

**هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایەی بودجە تێپەڕ بێت و لەناو پەرلەماندا پەسەند بکرێت**

**ئێمە بە نوێنەرایەتیی پارتە سیاسییەکان و جیاوازیی بیروبۆچوونەکانمانەوە داکۆکی لە مافی خەڵکی کوردستان دەکەین، ئەمەش بە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمانی دەزانین**

**شاندی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەغدا گفتوگۆی زۆریان کردووە و ڕێککەوتنەکە سیفەتێکی یاسایی پێشوەختەی بە پشکی هەرێم لە بودجە داوە**



ئابووریناس دکتۆر هومام ئەلشەماع بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا زامنی سێ ساڵی پشکی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لێ دەکەوێتەوە

# ڕێکارەکانی بانکی ناوەندیی عێراق بەهای دیناری بەرز کردەوە

**ڕێککەوتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی دابەزینی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار تەوەرەی سەرەکیی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆرهومام ئەلشەماع ڕاوێژکاری دیاری ئابووریی عێراق و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** وەك پسپۆڕ و کەسایەتییەکی دیاری عێراقی چۆن لە ڕێککەوتنەکەی ئەم دواییەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵی لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم دەڕوانیت؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بۆ مێژووی کۆن و نزیکی کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر کۆمەڵێك دۆسێی گرنگی سیاسی و ئابووری، کە لەگەڵ هاتنی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی باڵادەستی لایەنە سیاسییەکانی شیعە، نەتوانراوە و نەویستراوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە، لە کاتێکدا چارەسەری زۆربەی ئەو کێشانە لە ناو دەستووردا مادده و دەرچەی یاسایی بۆ دانراوە. جێگای داخە زۆر لەو مادده و بڕگە یاساییانەش هەر لایەنەو بەپێی ئیجتیهاداتی کەسی و بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و مەزهەبی خوێندنەوەی بۆ کردووە، هەروەکو چۆن لە مەسەلەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بینیمان، ئەو دەمەی بە هۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانەوە لە غیابی یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچە و بەردەوامی خزمەتگوزارییەکان و ئەنجامدانی پڕۆژەکان بە ناچاری پەنای بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم برد.

بەم شێوەیە بەرژەوەندیی تایبەتی میلیشیات و ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی بۆ ئەجیندەی دەرەکی کار دەکەن، بەردەوام ڕێگایان نەداوە هەموو ئەم کێشانە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە و دواجار ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، ئەوە بوو دوو بڕیاری دادگای فیدراڵی و دواتر یەکلاکردنەوەی سکاڵاکەی عێراق لە دژی تورکیا لە دادگای ناوبژیوانانی پاریس دوای نۆ ساڵ چاوەڕوانی لە بەرژەوەندیی عێراق یەکلا بووەوە و تورکیا هەناردەی نەوتی هەرێمی ڕاگرت. لە ناو ئەم ئاڵۆزی و کێشمەکێشەدا ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوت بە پشتیوانیی ئەمریکا و بگرە لەژێر فشاری ئەمریکادا واژۆ کرا.

**لەگەڵ هاتنی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی باڵادەستی لایەنە سیاسییەکانی شیعە، نەتوانراوە و نەویستراوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە**

**زۆر لەو ماددە و برگە یاساییانەش هەر لایەنەو بەپێی ئیجتیهاداتی کەسی و بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و مەزهەبی خوێندنەوەی بۆ کردووە**

**ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی بۆ ئەجیندەی دەرەکی کار دەکەن، بەردەوام ڕێگایان نەداوە هەموو ئەم کێشانە لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە و دواجار ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت**

**ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر هەناردەکردنەوەی نەوت بە پیرۆزبایی ئەمریکا و بگرە لە ژێر فشاری ئەمریکادا واژۆ کرا**

**ئەوەی وای لە ئەمریکا کرد، ئەم جارە بەو شێوەیە فشار بۆ هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بهێنێت، زامنکردنی بەردەوامی هەناردەکردنی ئەو برە نەوتەی کوردستان و عێراقە بۆ بازاڕە جیهانییەکان، تاوەکو هەژموونی ڕووسیا و ئێران لەسەر کەرتی وزە کەم ببێتەوە**

ڕێککەوتنێکی وا گرنگ بەرهەمی لەدایکبووی شەو و ڕۆژێك نییە، بەڵکو سەرەتاکەی بۆ ئەو ڕێککەوتنە دەگەڕێتەوە کە سەرۆك بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی (ئیتاری تەنسیقی) لە هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم ڕێککەوتن و لە کارنامەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی ڕەنگی دایەوە و پشکی هەرێمی کوردستان لەناو بودجە زامن کرا و، تەنانەت بڕە پارەیەکیش بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری تەرخان کرا. من پێم وایە ئەمریکییەکان دەرچەیەکی یاسایی و فشارێکی سیاسی و ئابوورییان بۆ هەردوو لا هێنا، تاوەکو هەر دووحکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لێکتر نزیك ببنەوە و چیتر دەستتێوەردانی ئێرانی لە ناو عێراقدا کەم ببێتەوە. ئەمریکا ئەمجارە کارتی ئابووری و دارایی و نەوتی بەکارهێنا بۆ ڕێگرتن لە دەستتێوەردان و فراوانبوونی دەسەڵاتی میلیشیاتە ئێرانییەکان بە شێوەیەك تا دەهات ئەم میلیشیاتە چەکدارانە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییان بەهێز دەبوو، ئەی ئەوە نەبوو لە ڕێگەی فرۆشتنی مەزادی دۆلارەوە، دەیان تاوانی شووشتنەوەی پارە و ئاودیوکردنی دراوی قورسیان ئەنجام دەدا؟ فشارەکانیشیان لە ڕێگەی دادگای فیدراڵی و بۆمب و مووشەکەوە بۆ سەر دامەزراوەکانی ئابووریی کوردستان زیاتر دەکرد، ئەوەی وای لە ئەمریکا کرد، ئەم جارە بەو شێوەیە فشار بۆ هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بهێنێت، زامنکردنی بەردەوامی هەناردەکردنی ئەو بڕە نەوتەی کوردستان و عێراقە بۆ بازاڕە جیهانییەکان، تاوەکو هەژموونی ڕووسیا و ئێران لەسەر کەرتی وزە کەم ببێتەوە، لەگەڵ ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان زیانێکی گەورە بەر ئابووریی کوردستان و عێراق و کەرتی وزەی جیهانی و تەنانەت تورکیاش گەیشت، ئەمەش وای کرد ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتییەکی گەورەیان لە نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و عێراق کرد. بە واتایەکی دیکە ڕێککەوتنەکە ڕاستە ئیرادەی هەر دوو حکومەتی لەسەرە، بەڵکو بە پیرۆزبایی ئەمریکاش ئەنجام دراوە، ئەوەی ئێرانی بێدەنگ کردووە، ئەوەیە کە ئەوانیش گەیشتوونەتە بڕوایەك کە چیتر خەڵکی عێراق توانای چاوەڕوانی و شکستەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی شیعەیان نەماوە. چاوەڕوان دەکرێت بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەیەکی باش بۆ گەنجینە و بودجەی حکومەتی عێراق بێت و لە بەرانبەریشدا تا کاتی پەسەندکردنی بودجە حکومەتی عێراق مانگانە پابەندی ناردنی ٤٠٠ ملیار دینارە کە بە شێوەی قەرز و سولفە بێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بوو، بەم شێوەیە ڕێککەوتنەکە جگە لە ئاساییبوونەوەی دۆخەکە، دەروازەیەکیشە بۆ ئاسانی تێپەڕاندنی بودجەی سێ ساڵەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و زامنکردنی پشکی هەرێم و ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کە لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە بە هاوبەشی لە نێوان هەر دوو حکومەت.

*** بەڵام دواجار گرفت لە پابەندبوونی لایەنە سیاسییەکانی عێراقە بە ڕێککەوتنەکەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە چۆن حکومەتی عێراق بە سەر هەموو کۆت و بەربەستەکاندا تێدەپەڕێت و پابەندی ماددەکانی ڕێککەوتنەکە دەبێت؟**

- هەر وەك ئاماژەم پێ دا، نە بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانانی پاریس کە نۆ ساڵی بەسەردا تێپەڕی بوو، نە خودی ڕێککەوتنەکە هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، سەرەتا ڕێککەوتنی پێشوەختە لە نێوان سەرۆك بارزانی و لایەنە سیاسییەکانی (ئیتاری تەنسیقی) هەبووە بۆ دامەزراندنی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی، لە ناوخۆی عێراقیشدا ڕۆڵی باڵیۆزی ئەمریکا زۆر بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی فشارەکانی بانکی فیدراڵی وڵاتەکەی بۆ سەر بانکی ناوەندی و حکومەتەکەی سوودانی زیاد کرا و توانی نەزیفی بردنە دەرەوەی دۆلار و موزاڕەبە و تاوانی شووشتنەوەی پارە ڕابگرێت و وردە وردە بەهای دینار بەرانبەر دۆلار بەرز بووەوە، دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیکردنی کۆمپانیای سۆمۆ مۆرکێکی یاسایی دەداتە فرۆشتنی نەوتی هەرێم و لە

بەرانبەردا هەرێمی کوردستانیش زامنی هاتنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراقی دەست دەکەوێت. راستە رێککەوتنەکە بەدڵی زۆر لایەنی سیاسی و کەس نییە، بەڵام پێم وانییە هیچ هێز و حزب و لایەنێکی سیاسی بتوانێت لە بەردەم ئەم رێککەوتنە سیاسی و ئابوورییە بوەستێت، کە ئومێدی زۆری لە داهاتوودا لەسەر هەڵدەچنرێت، بەتایبەتی لە دارشتنەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و هاتنی بەشە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی سێ ساڵی داهاتوودا.

*** ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە کەمێك راوەستین، بەو پێیەی گرفتەکانی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا زیاتر لەسەر دۆسێی نەوت و گاز بووە، ئایا تا چەند زامنی مافەکانی هەرێمی کوردستان لە ناو یاساکەدا دەکرێت؟**

- بڕیارەکەی ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتیی پاریس کارتێکی فشارە بۆ سەر هەرێم و عێراق پێکەوە، بە ئامانجی گەیشتن بەم رێککەوتنە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان لەسەر نەوت، بێگومان ئامادەکردنی یاسایەکی نەوت و گازی فیدراڵی بە هاوبەشی لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی باشە و رێگا چارەسەری عەقڵانی و زانستی بە پیرۆزبایی ئەمریکایە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە کەرتی وزەی رووسیا و شکاندنی یاخیبوونەکانی سعودییەشە کە زۆربەی جار بەپێی ویست و خواستەکانی ئەمریکا هەڵسوکەوت ناکات. بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئامادەکردنی رەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی عێراق باش بەرێوە دەروات، بەمەش هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق لەو بۆشاییە یاساییە رزگاریان دەبێت.

*** باسی بودجەی گشتیی عێراقت کرد، ئایا هەڵسەنگاندنت بۆ ئەم پرۆژە یاسایە چییە؟**

- وێڕای سەرنج و تێبینی و کەموکورتییەکانی بودجە یاساکە لە ناو پەرلەمان پەسەند دەکرێت، بەڵام بودجەیەکی قەبارە گەورەیە بە کورتهێنانێکی زۆرەوە، لەمەش مەترسیدارتر پشتبەستنە بە بنەمای نرخێکی بەرزی ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت. هەمووان دەزانن بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنان، دەبێت حکومەتی عێراق پشت بە قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی ببەستێت، یان پەنا بۆ چاپکردنی دینار بەرێت، ئەمەش چارەسەرێکی زانستی و دارایی باش نییە.

خۆی ئەگەر بودجەکە لە دەستپێکردنی پرۆژەکاندا گەندەڵی تێدا نەکرێت، ئەوا بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆژە وەستاوەکان و زامنی گەیشتنی لە ١٢,٦٧٪ ی پشکی هەرێکی کوردستان کارێکی باشە، بەڵام پارەیەکی وا زۆر بۆ بواری بەکارخستن خەرج بکرێت، ئەوا بێگومان دەبێتە هۆی لاوازیی بەهای دینار و دووبارە بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و هەڵاوسانی نرخەکان کە رێژەی هەژاری و مەینەتییەکانی توێژەکانی مامناوەند و هەژار قورستر دەکات و زیان بە حکومەتەکەی شیاع سوودانی دەگەیەنێت.

*** بەڵام هەنگاوەکانی بانکی ناوەندی عێراق و رێکارەکانی فرۆشتنی دۆلار جێگای خۆی کردووە و بەهای دینار بەرانبەر دۆلار بەرز بووەوە. پێت وانییە بۆ ئەم گرفتەش بانکی ناوەندی دەتوانێت رێگا چارەسەرێك بدۆزێتەوە؟**

- هەروەکو چاوەڕوان دەکرا، هەنگاوەکانی بانکی ناوەندیی عێراق لەژێر فشاری بانکی فیدراڵیی ئەمریکا ئەنجامی باشیان هەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاودیوکردنی دۆلار و رێگاگرتن لە تاوانی شووشتنەوەی پارە و کەمکردنەوەی موزارەبە، ئەوەتا نرخی دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی وردە وردە هەڵساوەتەوە و رووی لە بەرزبوونەوە کردووە، خۆ ئەگەر نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە بکرێتەوە و کۆمەڵێك رێوشوێنی دیکە دژی گەندەڵی بگیرێتە بەر و کۆنترۆڵی نەوتەکەی بکات، کە لە ئێستادا زیاتر لە ٦ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرێت و تەنیا ٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو کات دەتوانرێت خۆمان لە دەرهاویشتەکانی بودجەیەکی قەبارە گەورە و کورتهێنانێکی زۆر رزگار بکەین کە جۆرێك لە داشکانی بەهای دیناری لێ دەکەوێتەوە.

**لەگەڵ راوەستانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان زیانێکی گەورە بەر ئابووریی کوردستان و عێراق و کەرتی وزەی جیهانی و تەنانەت تورکیاش گەیشت**

**ئەوەی ئێرانی بێدەنگ کردووە، ئەوەیە کە ئەوانیش گەیشتوونەتە بڕوایەک کە چیتر خەڵکی عێراق توانای چاوەڕوانی و شکستەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی شیعەیان نەماوە**

**دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیکردنی کۆمپانیای سۆمۆ مۆرکێکی یاسایی دەداتە فرۆشتنی نەوتی هەرێم**

**هەنگاوەکانی بانکی ناوەندیی عێراق لەژێر فشاری بانکی فیدراڵیی ئەمریکا ئەنجامی باشیان هەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاودیوکردنی دۆلار و رێگاگرتن لە تاوانی شووشتنەوەی پارە**

سۆران عەبدوڵڵا
شارەزا و پسپۆڕی بواری دارایی بۆ گوڵان:

# ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و عێراق پشکی هەرێمی لە بودجە و ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان زامن کرد

## «هەژماری من» زنجیرەیەک چاکسازی و هەنگاوی گەورەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە

بەدیجیتاڵیکردنی خزمەتگوزارییەکان و سوودوەرگرتن لە ئۆنلاین بۆ بەڕێوەچوونی مامەڵەکان و کردنەوەی «هەژماری من» گرنگیی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە کاروانی پێشکەوتنی وڵاتان، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ باشکردنی ئەدای دامەزراوەکانی و خێرا بەڕێوەچوونی مامەڵەکانی هاووڵاتیان لەم بوارەدا هەنگاوی گرنگی ناوە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مامۆستا سۆران عەبدوڵڵا شارەزا و پسپۆڕی بواری دارایی و بانک لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین ساز دا، لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.



*** سەرەتا وەك شارەزایەكی بواری كارگێڕی و دارایی و كەسێكی ئەكادیمی دەكرێت بزانین لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا لە بواری كارگێڕیی گشتی و گرنگیدان بە پێشخستنی كەرتی كارگێڕی و ئابووری و پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكان تا چ ڕاددەیەك هەنگاوەكانی گرنگ بووە؟**

- لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە پاڵپشتیی سەرۆك بارزانی و ویست و ئیرادەی مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەنگاوی گەورە و ستراتیژی نراون، ئەمە وێڕای ئاستەنگ و بەربەستی سیاسی و ئابووری و قەیرانی دارایی و پەتای جیهانیی ڤایرۆسی كۆرۆنا و وشكەساڵی و نەیارانی چاكسازی. لەم كابینەیەدا چاكسازی لە سێكتەری كارگێڕی و ئابووری ئەنجام درا و هەنگاو بۆ فرەچەشنكردنی ئابووری نراوە، لەمەش گرنگتر وێڕای هەموو ئەو قەیرانانە توانرا مووچە لەكاتی خۆیدا دابەش بكرێت و، پەنا بۆ قەرزی دەرەكی نەبرێت، چەندین ملیار دۆلار قەرزیش درایەوە. ئەمە لە كاتێكدا كابینەكەی مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەت لە ناوخۆی كوردستان و لە عێراق و ناوچەكەدا نەیاری زۆر بوون، ئەوان دژی كەسایەتیی سەرۆكی حكومەت نەبوون، بەڵكو دژی پێگەیاندن و دەركەوتنی حوكمڕانیەكی بەهێز بوون، كە جێگای ئەو مشەخۆرو كەسە گەندەڵكارانەی تێدا نابێتەوە. بۆیە بە هەموو پێوەرەكان لە ڕووی بەرەوپێشچوونی كەرتەكانی كارگێڕی و ئابووری و بازرگانی و كەمكردنەوەی خەرجییە ناپێویستەكان و بەرزكردنەوەی داهاتی ناوخۆ گۆڕانكاری كراوە، تەنانەت لەكاتی دژایەتیكردنی هەناردەكردنی نەوت بۆ ئەوەی ئازاری مووچەخۆران و خەڵكی بەشمەینەتی كوردستان بدرێت، سەرۆكی حكومەت دەرگای دیكەی كردەوە و هەنگاوی بەرەو ڕێككەوتنە ستراتیژییە گەورەكە نا لەگەڵ عێراق و لە ناو بودجەدا زامنی مووچە و شایستە داراییەكانی كوردستان دەكات، بۆیە تا ئیرادەی سەرۆكی حكومەت هەبێت و كەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر پاڵپشتی

**تا ئیرادەی سەرۆکی حکومەت هەبێت و کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر پاڵپشتی بکەن، قەوارەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبێت و سەقامگیری و ئارامی بۆ خەڵکی دابین دەکرێت**

**لە کۆی ٩٦ تریلیۆن چاپی دیناری عێراقی ٧٠ تریلیۆنی بە شێوەی پاشەکەوتی بەکارنەهاتوو لەناو ماڵ و لە بەردەستی خەڵکدایە و لە سووڕی دارایی و جووڵەی کڕین و فرۆشتندا نییە**

**ئەو ١١٧ بانکە حکوومی و ئەهلییەی لە کوردستاندا هەن، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە، ئەوەتا سەرمایەدار هەیە تەنیا بۆ بەڕێکردنی کاروباری خۆی بانکی داناوە**

**ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم پێش هەموو شتێک مۆرکێکی یاسایی بەدەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەدات**

بکەن، قەوارەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبێت و سەقامگیری و ئارامی بۆ خەڵکی دابین دەکرێت.

*** لە چەند وتارێکدا ئاماژەت بە گرنگیی «هەژماری من» کردووە، ئایا تا چەند ئەم هەنگاوە بۆ بەدیجیتاڵیکردنی سیستەمی بانکی و پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان گرنگە؟**

- «هەژماری من» زنجیرەیەك چاکسازی و هەنگاوی گەورەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسەرکردنی قەرەباڵغیی بانکەکان و کۆتاییهاتن بە مامەڵە نەختینەیی و سوودوەرگرتن لە مامەڵەی دیجیتاڵی لە ٣٨ خزمەتگوزاریی بانکی، ئەم هەنگاوە لە سەرەتادا بۆ ٨١٠ فەرمانبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە هەولێر کرایەوە و دواتر سەرجەم فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەت دەگرێتەوە، ناکرێت لە جیهانی دەرەوە هاووڵاتیان بە ڤیزا کارت مامەڵە بکەن و، لێرەش هەر بەشێوازە تەقلیدییەکە، سەرۆکی حکومەت خەمخۆری ئەوەیە لێرەش بە هاوشێوەی وڵاتانی جیهان و ناوچەکە و دراوسێ خەڵکی بە کارت مامەڵە بکەن و، بانکەکانیشمان لەو چەقبەستوویەی مامەڵەی کلاسیکی دەرباز بکات. خزمەتگوزاریی دیجیتاڵی بە شێوەیەکی زۆر خێرا مامەڵەی هاووڵاتیان بەرەو پێشەوە دەبات و بێ ڕۆتین و گرفت سوود لە خزمەتگوزارییەکان و پێدانی ڕسومات و سوودەکانی دیکەی خزمەتگوزاریی بانکی وەردەگرن، ئەمەش سەرەتای ڕێگایە بۆ بووژانەوەی کەرتی بانکی و بەئەلکترۆنیکردنی بانکەکانمان کە لە دونیای دەرەوە و هەنگاوی پراکتیکیشی بۆ نراوە، بۆیە بمانەوێت و نەمانەوێت، دەبێت پاڵپشتیی ئەو هەنگاوە بین و جێبەجێی بکەین.

*** پێت وانییە ئەم هەنگاوەی بەدیجیتاڵیکردنی خزمەتگوزارییەکان و پێشخستنی سیستەمی بانکی و هەژماری من پێویستی بە یەکەی ئیدارە و فەرمانبەری بەتوانا و شارەزا هەیە، بە واتایەکی دیکە ئایا ئەمە پێویستی بە پەرەپێدانی مرۆیی نییە؟**

- من بە قوتابییەکانی قۆناغی چوارەمی بەشی دارایی و بانکیم وتووە، خۆتان بۆ بەکارهێنانی کارت و ڤیزاکارت ئامادە بکەن، بانکەکان خزمەتگوزارییەکانیان زیاد دەکەن و پێویستیان بە کارمەندی لێهاتوو و شارەزا دەبێت و، هەلی کار بۆ دەرچووانی دارایی و بانك زیاد دەبێت، چەند خەڵکی شارەزا زیاد بێت و خزمەتگوزارییەکانی بانکی ڕوو لە زیادبوون بکات، زیاتر پێویستیمان بە کادیر و فەرمانبەرانی شارەزای بانکی و دارایی دەبێت، واتا لێرەدا مەرج نییە تەکنەلۆژیا هەلی کار کەم بکاتەوە، بەڵکو هەلی کاری نوێیش دابین دەکات، تەنانەت لە مەودایەکی دووردا گرفتی سیولەش چارەسەر دەبێت، کە ئێستا ناوبەناو لە ناوچەیەکی جوگرافیای کوردستان دروست دەبێت، بۆ نموونە کاتێك حکومەت نزیکەی ٩٢٥ ملیار دیناری بۆ مووچە پێویستە، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە گرفتەکە نامێنێت، چونکە فەرمانبەر دڵنیایە بڕە مووچەیەکی لەناو کارتەکە هەیە و لە ڕووی سایکۆلۆژیاوەش نایەوێت ڕەسیدی کارتەکەی بەتاڵ بێت، لە ئێستادا کێشەی سیولەی نەختینەیمان هەیە، ئەوەتا لە عێراق لە کۆی ٩٦ تریلیۆن چاپی دیناری عێراقی ٧٠ تریلیۆنی بە شێوەی پاشەکەوتی بەکارنەهاتوو لەناو ماڵ و لە بەردەستی خەڵکدایە و لە سووڕی دارایی و جووڵەی کڕین و فرۆشتندا نییە، لەلایەکی دیکەوە پاشەکەوت و کەمبوونەوەی خەرجی کەمالیات و زیادە مەسرەفی کەم دەبێتەوە، چونکە کاتێك هەموو مووچەکەت لە بەردەستدایە لە ڕووی سایکۆلۆژیاوە حەزت لە زیاد مەسرەفییە، بە پێچەوانەوە کاتێك کارتت پێ دەبێت، حەز دەکەیت ڕەسیدی کەم نەبێتەوە و بەپێچەوانەوە زیاد بێت. لەلایەکی دیکەوە ئەو ١١٧ بانکە حکوومی و ئەهلییەی لە کوردستاندا هەن، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە، ئەوەتا سەرمایەدار هەیە تەنیا بۆ بەڕێکردنی کاروباری خۆی بانکی داناوە، بەڵام لە کاتی بەدیجیتاڵیکردنی بانکەکان و بەکارهێنانی کارت هان دەدرێن ڕوو لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بانکی و قەرز و بەشداریکردن بکەن لە پرۆسەی وەبەرهێنان و گەشەکردندا، چونکە سیولەی نەختینەییان دەبێت و تەنانەت لەنێوان بانکەکاندا کێبڕکێ لەسەر بەکارهێنانی کارتەکانیان دروست دەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی خەڵکیدا دەبێت. قۆناغی داهاتوو حکومەت لە وەزارەت و دامەزراوەکانی و

لە شوێنە گشتییەکان و لە ناو بانکەکان و لە کۆتاییشدا خەڵکی کاسب لە مۆڵ و شوێنە گشتییەکان ئامێری «ITM» دادەنێن و وردە وردە ڕێژەی ئەم ئامێرە زیاد دەبێت و مامەڵەکان دەبێتە کارت، ئێمەش لە زانکۆی سەلاحەدین پاڵپشتیی ئەو پرۆسە گرنگە دەکەین .

*** سەرەتای قسەکانت باسی گرنگیی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵت کرد، بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی سۆمۆوە، وەکو پسپۆڕێکی دارایی و نەختینەیی چۆن لەم هەنگاوە دەڕوانیت؟**

- ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم پێش هەموو شتێك مۆرکێکی یاسایی بەدەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەدات، زامنی پشکی هەرێمی کوردستانیشە لە بودجەی گشتیی عێراق و ڕەوانەوەی ئەو گرێ کوێرەیەی گرفت و کێشەکانی چەند ساڵەی نێوان هەر دوو حکومەتە، خۆ ئەگەر ئیرادەی خێرخوازان و هەوڵ و ماندووبوونی سەرۆك بارزانی نەبووایە، هەرگیز نەدەتوانرا بەسەر ئەو هەموو ئاستەنگ و نەیار و دوژمن و گەندەڵکارانەدا سەر بکەوین کە دژی نزیکبوونەوە و ڕێکخستنەوەی سامان و دارایی هەرێمی کوردستان و عێراقن. تا ئیرادەی خێر و نییەت و دڵسۆزیی هەر دوو سەرۆك وەزیران مەسرور بارزانی و محەمەد شیاع سوودانی و پاڵپشتیی ئەمریکی و دەرەکی بۆ ڕێککەوتنەکە هەبێت، ناتوانرێت زیان بە ڕێککەوتنەکە بگەیەندرێت، یان ئاستەنگ و گرفت لە بەردەم جێبەجێکردنی دابنرێت. ڕێککەوتنەکە کۆنکرێتییە و دەستکەوتێکی گەورەی کابینەکە بوو، ئەمجارە گلەیی و ڕەخنەی ئەوانەش نەما کە باسی ناشەفافییەتی نەوتیان دەکرد، لە لایەکی دیکەوە زامنی هاتنی مووچە و بڕە پارەیەکی زۆرە، چیتر مافیای دەستبەسەرگرتنی کێڵگەی نەوت و دەستبردن بۆ سامان و داهاتی ناوخۆ نامێنێت کە یەکێکە لەگەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم چاکسازی و ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی ئابووری و جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

*** یەکێك لە مەرجەکانی بووژانەوەی سێکتەرە ئابوورییەکان سەقامگیریی سیاسی و ئارامیی ناوخۆیە، بەداخەوە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان حزبەکان ململانێکانیان لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی ئابووری و هێرشکردنە بۆ سەر دامەزراوەکانی حکومەت و خودی سەرۆك وەزیران، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم ململانێ ناسرووشتی و ناعەقڵانییە کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنێت، بوەستێنرێت؟**

- بەردەوام حزبە سیاسییەکان ململانێ و ناکۆکییەکانی خۆیان لەسەر حیسابی حکومەت و بەرژەوەندیی گشتی خەڵك یەکلا کردووەتەوە، تەنانەت ویستیان نییە قەوارەی هەرێم بەهێز بێت و حکومەت بەردەوامی بە خزمەتگوزارییەکانی بدات، بەڵگەش بۆ ئەمە چەندین جار داوا لە حکومەت کراوە پشکی هەرێم و ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەی پێشتر دەدرا نەنێردرێت، خۆ ئەم حاڵەتە لە عێراقیشدا هەیە و، بەردەوام دژایەتیی هەنگاوەکانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دەکرێت. بۆ نموونە پێشتر چەندین لایەنی سیاسی دەیانگوت، بۆچی نەوت تەسلیمی بەغدا ناکرێتەوە، کەچی کاتێك لە دانوستانێکی سەرکەوتوودا نەك نەوتمان تەسلیم نەکرد، بەڵکو زامنی هەناردەکردنەوەی نەوت و هاتنی پارەی نەوت و پشکی هەرێمی کوردستانیشمان کرد، کەچی دوای ئەم ڕێککەوتنە هەوڵیان دەدا لە بایەخی ڕێککەوتنەکە کەم بکەنەوە و خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکەوە. خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر گەل هوشیارە و چیتر دەزانن چ سەرکردەیەك و چ پارتێکی سیاسی بەرپرسیارێتی لەئەستۆ دەگرێت و خەمخۆرە و بە کردەوە کار بۆ چارەسەرەکان دەکات. ئەمڕۆ دەستکەوت و پاراستنی ئارامی و ئەمنییەتی خەڵکی و بەدەستهێنانی هەلی کار و خۆشگوزەرانی بە دەوڵەتمەدار و سەرکردەی گەورە دەکرێت، هاووڵاتی زۆر باش تێگەیشتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمخۆری ڕاستەقینەی مووچەخۆران و باشکردنی باروگوزەرانی خەڵکە، تا ئەم کابینەیە و بەرنامەکەی هەبێت، خەڵکی ئارامە و قەبارەی هەرێم بەهێزتر دەبێت.

**ئەگەر ئیرادەی خێرخوازان و هەوڵ و ماندووبوونی سەرۆک بارزانی نەبووایە، هەرگیز نەدەتوانرا بەسەر ئەو هەمووئاستەنگ و نەیار و دوژمن و گەندەڵکارانەدا سەر بکەوین کە دژی نزیکبوونەوە و ڕێکخستنەوەی سامان و دارایی هەرێمی کوردستان و عێراقن**

**چیتر مافیای دەستبەسەرگرتنی کێڵگەی نەوت و دەستبردن بۆ سامان و داهاتی ناوخۆ نامێنێت کە یەکێکە لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم چاکسازی**

**بەردەوام حزبە سیاسییەکان ململانێ و ناکۆکییەکانی خۆیان لەسەر حیسابی حکومەت و بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک یەکلا کردووەتەوە، تەنانەت ویستیان نییە قەوارەی هەرێم بەهێز بێت**

**ئەمڕۆ لە هەمووکات زیاتر گەل هوشیارە و چیتر دەزانن چ سەرکردەیەک و چ پارتێکی سیاسی بەرپرسیارێتی لەئەستۆ دەگرێت و خەمخۆرە و بە کردەوە کار بۆ چارەسەرەکان دەکات**



**خوسرەو جاف**

تەلارساز و هونەرمەند و ڕۆشنبیر بۆ گوڵان:

# بڕوای ڕەهام بە ئازادیی ڕادەبرین هەیە، بەڵام ناکرێت ئازادی بۆ ڕووخاندن و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت

**ئەندازیار خوسرەو جاف، کەسایەتییەکە کە تەواوی ژیانی خۆی بۆ خزمەتی تەلارسازی، هونەری پەیکەرتاشی و نووسینی کتێب تەرخان کردووە، ئێستا لە هەولێر ژیان بەسەر دەبات. دیزاینەری مونومێنیتی شەهیدانی کوردستانە لە هەولێر، هەروەها خاوەنی ١٢٧ کتێبە لە کتێبخانەکانی (کوردی، فارسی و عەرەبی)، چوار جاریش لەسەر ئاستی جیهان وەك ڕێزلێنانێك لە هزر و دەسترەنگینییەکەی دکتۆرای فەخری پێ بەخشراوە، لە سەرەتای ئەمساڵیش کتێبێکی لە قەوارەی ٢٠ جڵد بە ناونیشانی «دائیرەتولمەعاریف» چاپ کردووە. ئەوجا هەم بۆ دیالۆگێکی هێمن و هەم بۆ وەرگرتنی ئەو ٢٥ بەرگە وەك دیاری سەردانی بەڕێزیانمان کرد و بەدەم موسیقایەکی یارسانیی زۆر ئارامەوە، ئەم دیالۆگەمان ئەنجام دا، کە ئەمە پوختەکەیەتی.**

*** لەناو فەزای گشتیی هەرێمی کوردستاندا هەست دەکرێت جۆرێك پاشاگەردانی دروست بووە و بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕینەوە هێرش دەکرێتە سەر هەموو بەها و پیرۆزییەکانی نیشتمان، ئایا چۆن سەیری ئەو فەزای گشتییەی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکەیت؟**

- من بڕوام بە ئازادیی ڕەها بۆ هەر مرۆڤێك هەیە، بەڵام ئەو ئازادییە بەکارنەهێنرێت بۆ ڕووخاندن و نەهێشتنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، ئەمەش واتە کەسانێك، یان لایەنێك دوو بەردیان بۆ ئەم نیشتمانە ناوەتە سەر یەك، من ئەو مافەم نییە، ئەو دوو بەردە بڕووخێنم، بەڵکو ڕێگە ڕاستەکە ئەوەیە منیش ئەگەر لە تواناماندا هەبێت و دەرفەتم بدەنێ، دەبێت هەوڵ و توانای خۆم بخەمە گەڕ بۆ ئەوەی بەردێکی دیکەی بخەمە سەر.

گرفتی سەرەکیی ئێمە گرفتی نەتەوایەتییە، بەڵام نەهاتووین بە ڕێگەی ئەقڵ و دیالۆگ گرفتەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و، گرفتەکانمان زۆرن و پێیان ڕاناگەین و هەندێك گرفتیش دەستەویەخەن لەگەڵت، بۆیە ناچار دەبین سەدانی وەك من پەڕگیر بن.

من لەناو ئەم خانووەی خۆمدا مانگانە جارێك دوو جار دۆست و برادەران بە سوپاسەوە سەردانم دەکەن و، لێرە دیالۆگێکی نەرم و لەسەرخۆ لەسەر ئەم بارە گشتییەی ئێستا دەکەین و، هەست دەکەین بەرنامە و پلان لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆر بە کەمی بوونی هەیە، ئەوجا من ناڵێم بەرنامە و پلان بۆ ٥ تا ١٠ ساڵی داهاتوو، بەڵکو بەرنامە و پلانمان بۆ چەند ڕۆژی داهاتووشمان نییە، پرسە نەتەوەییەکەشمان لەناو ئەم بێ بەرنامەیی و بێ پلانییەدایە.

بە بڕوای من تاکی ئێمە بەو جۆرە پەروەردە کراوە، کە چاوەڕێی ئەوەیە کێشەکان چارەسەر بن، بەڵام بە داخەوە، نە حزبە سیاسییەکان، نە خەڵکانی خاوەن هزریش تێنەکۆشاون بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەکان بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە هەنگاو هەڵبگرین. لەوانەیە هەندێك کاری باشیش کرابێت، بەڵام ئەو کارە باشەش لەوانەیە لایەنێك، یان کەسێك ئەنجامی دابێت، بێسەروبەریی و دوور لە بەرنامە و پلان بووە، ئەوجا مەرج نییە ئەم کارە باشەش هزرێکی باشی لە پشتەوە نەبێت، بەڵام دەرفەتێك دروست نەکراوە، کە هەموو هزرە باشەکان پێکەوە کۆبکرێنەوە و پێکەوە بیربکەنەوە، کە سازندە بێت بۆ بینەر و بیسەر و بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە هەنگاوێکی مەزنتر هەڵبگرین.

ئەم بێسەروبەرییەی لە شێوازی سیاسەتکردنی ئێمەدا هەیە، زادەی مێژوویەکی دوور و درێژە و بە بینینی من چەند ساڵی دیکەش درێژە دەکێشێت، ئەم حاڵەتەش لە ژیانی هاوچەرخ و سەردەمییانەی ئێستا دوورە.

*** چۆن دەتوانین هەنگاو بۆ چارەسەرکردن، یان گۆڕینی ئەم ئەمری واقیعە هەڵبگرین؟**

- بە دیتنی من، بە تیۆری چارەسەری ئەم واقیعە ناکرێت، بەڵام ستەمیشە ئەگەر بۆی تێنەکۆشین و هەموو هەوڵەکان یەك نەخەین، وەك تەواوی میللەتە سەرکەوتووەکانی جیهان کە ڕێگە چارەیان بۆ کێشەکانی خۆیان دۆزیوەتەوە، هەروەها دەبێت ئەو ئەقڵییەتە لە ڕیشەوە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، کە تۆ کارێکی باش

**نەهاتووین بە ڕێگەی ئەقڵ و دیالۆگ گرفتەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و بەرنامە و پلانمان بۆ چەند ڕۆژی داهاتووشمان نییە، پرسە نەتەوەییەکەشمان لەناو ئەم بێ بەرنامەیی و بێ پلانییەدایە**

**شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتیی جەنابی مستەفا بارزانی خەڵکی فێری مقاوەمەت و بەرخۆدان کرد، بۆ ئەوەی بەرگری لە کیانی خۆمان بکەین**

**لە ئێستای سەدەی بیست و یەکەمدا مرۆڤ دروست دەکرێت، ئێمەش لە کوردستان هەر خەریکی ئەوەین، ملی یەکتری بشکێنین و ئەو دوو بەردەشی خراوەتە سەر یەک، تێکی بدەین**

**پزیشکان هونەری پەیکەر دروستکردنیان لێم قەدەغە کردووە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە جارێکی دیکە تووشی نەخۆشیی دڵ هاتمەوە و لە ئەڵمانیا دەریچەی دڵیان بۆ گۆڕیم و لەجێی ئەو ئامێریان خستە ناو دڵمەوە**

**٤٧ ساڵە خەریکی پڕۆژەی دائیرەتولمەعاریفم، بێگومان ٤٧ ساڵ پێش ئێستا ئەو ئامێرانەی ئێستای چاپ نەبوون**

**سوپاس بۆ خوا کورە لادێییەک توانی کوردستان بکات بە خاوەنی دارولمەعاریفی کوردی، ئەمە لە کاتێکدا عێراق ١٠٣ ساڵە دەوڵەتە، هێشتا دائیرەتولمەعاریفی نییە**




دەکەیت، من دێم، هەموو توانای خۆم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی شکست بە کارە باشەکەی تۆ بێنم، دەبێت بگەمە ئەو قەناعەتەی، من ئەو کۆششەی بۆ تێکدانی کارە باشەکەی تۆ بە خەساری دەدەم، ئەگەر بە ئاراستەیەکی دیکە بیخەمە کار، ڕەنگە کارێکی باشتر و جوانتر لە کارەکەی تۆ بکەم.

*** هۆکارەکانی ئەم واقیعە خراپە سیاسییەی کوردستان چین؟**

- من لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە بووم، شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتیی جەنابی مستەفا بارزانی خەڵکی فێری مقاوەمەت و بەرخۆدان کرد، بۆ ئەوەی بەرگری لە کیانی خۆمان بکەین، بەڵام ئێستا ئێمە شەڕی ژیان دەکەین، لە سەردەمی مستەفا بارزانی برسێتی ڕێزی لێ دەگیرا و یەکێك بوو لە دیاردەکانی شەرەف و کەرامەت، هەمیشە سازەگی و سادەیی لە گیان و هەنگاوەکانی مستەفا بارزانی بەرچاو بووە، ئەو خواردنەی دەخوارد، کە ئەو خەڵکە دەیخوارد، ئاکار و ویژدانی ئەو سەردەمە لەگەڵ ئێستا جیاواز بوو، هی ئەو سەردەمە تێکەڵەیەك بوو لە بیروبۆچوونی باب و باپیرانمان، خەڵك شەرمی دەکرد، هەنگاوی ناپەسەند هەڵبگرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا هاوکێشەیەك بوو، خەڵك پابەندی ئەو هاوکێشەیە بوون، بەڵام ئێستا لەناو خودی هۆز و خێڵەکانیشدا بوونی نەماوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم کەلتوورە بۆ نەماوە؟ ئایا مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە گۆڕاون؟ ئایا جیاوازیی چینایەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟ دەتوانم بڵێم: بەڵێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە کوردستاندا چینی ناوەڕاست کە هەموو کاروباری ژیانی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، ئەو کەلتوورەی نەماوە، بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەوەیە: ئایا هیچ ئومێدێك هەیە، ئەم حاڵەتە چارەسەر بکرێت و گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، یان هەر نەبێت، لێی بدوێن و باسی بکەین؟ جێگەی داخە، ململانێی حزبی بووەتە پەتایەك یەخەی میللەتی ئێمەی گرتووە، جێگەی داخە لە ئێستای سەدەی بیست و یەکەمدا مرۆڤ دروست دەکرێت، ئێمەش لە کوردستان هەر خەریکی ئەوەین، ملی یەکتری بشکێنین و ئەو دوو بەردەشی خراوەتە سەر یەك، تێکی بدەین.

*** با بێینە سەر لایەنی هونەری، ئێوە دەستێکی باڵاتان لە هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی هەیە، ئایا ئێستا لە بەرەودان بەم هونەرە هەر بەردەوامن؟**

- بەداخەوە پزیشکان هونەری پەیکەر دروستکردنیان لێم قەدەغە کردووە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە جارێکی دیکە تووشی نەخۆشیی دڵ هاتمەوە و لە ئەڵمانیا دەریچەی دڵیان بۆ گۆڕیم و لەجێی ئەو ئامێریان خستە ناو دڵمەوە، بە هۆی ئەو ئامێرەی دایاناوە، نابێت نزیکی موگناتیس و ئامێری کارەبایی ببمەوە، منیش پەیکەرەکانم هەمووی بە ئامێری کارەبایی دروست دەکرد، بۆیە ئێستا ناتوانم کاریان لەسەر بکەم، ئێستا وەك دەبینین خەریکی ملوانکە دروستکردنم بە بەرد، بە هۆیەوە هەموو بەردفرۆشەکانی کوردستان بوونەتە هاوڕێم و، ئەم ملوانکەی دروستیان دەکەم، هەموویان دەدەم بە دۆست و برادەران و هاوسەر و کچ و خوشکەکانیان، دواتر بەشی ئێوەش دەدەم.

* بەم دواییانە کتێبێکت لە قەبارەی ٢٥ بەرگ بە ناوی «دائیرەتولمەعاریف» بە چاپ گەیاند، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەم ٢٥ بەرگە چی لە خۆی دەگرێت؟ ئایا بۆ چاپدانی ئەم ٢٥ بەرگە هیچ لایەنێکی حکوومی و پەیوەندیدار هاریکاری کردوویت؟

- من ٤٧ ساڵە خەریکی پرۆژەی دائیرەتولمەعاریفم، بێگومان ٤٧ ساڵ پێش ئێستا ئەو ئامێرانەی ئێستای چاپ نەبوون، بۆیە ئەگەر سەیری بەرگی یەکەم بکەیت، هەموویان ڕەش و سپین، بڕێك لەو وێنانەی لەم کتێبەدا هاتوون، خۆم کێشاومن، بۆ نموونە من پێویستم بە وێنەیەکی ئەبو عەلی سینا بووە، کە هیچ وێنەیەکی نەبووە، من خۆم هاتووم بە سوودوەرگرتن لە جلوبەرگی ئەو سەردەمە پۆرترێتێکم بۆ دروست کردووە، ئێستا ئەو پۆرترێتەی من بووەتە وێنەی ئەبو عەلی سینا و خەڵك هەمووی بڵاویان کردووەتەوە.

دەبوو ئەم ٢٥ بەرگە ٦-٧ ساڵ پێش ئێستا چاپ بکرایە، بەڵام لە کاتی تایپکردنیان ئەوانەی کاری تایپیان بۆ دەکردم کە دوو کەس بوون ١١ بەرگیان دزیبوو، سەرەتا وام زانی ئەو تایپیستە خەڵکی هەولێرە، بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر بۆم دەرکەوت، کە خەڵکی عەنەب بوو لای هەڵەبجە و ئەمەشمان بە هەڕەشە و گوڕەشەی عەشائیری پەیدا کردەوە.

سەبارەت بە ناونانی ئەم بەرگانەش بە «دائیرەتولمەعاریف»، ئەو کاتەی بەرگی یەکەم بۆ چاپ ئامادە بوو، بە نیاز بووم ناوی لێ بنێم «فەرهەنگی زانیاری»، بەڵام هەردوو خوالێخۆشبوو «مەلا شکور مستەفا و مامۆستا مەسعود محەمەد» کە دوو هاوڕێی نزیکی خۆم بوون، پێشنیاریان کرد، ناوی لێ بنێم «دائیرەتولمەعاریف»، سوپاس بۆ خوا کوڕە لادێییەك توانی کوردستان بکات بە خاوەنی دارولمەعاریفی کوردی، ئەمە لە کاتێکدا عێراق ١٠٣ ساڵە دەوڵەتە، هێشتا دائیرەتولمەعاریفی نییە. بۆ چاپکردنەکەشی دیارە یەکێك لە دۆست و برادەران ئەوەی بە کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندبوو، کە بەرگەکان ئامادەن بۆ چاپ، بۆیە ئەویش پەیامی بۆ ناردم و لەسەر ئەرکی بەرێزیان بە جوانترین شێوە بۆیان چاپ کردم، بۆ چۆنیەتیی دابەشکردنی ئەم ٢٥ بەرگەش، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە من تا ئێستا ١٢٧ کتێبم لە کتێبخانەی کوردی، عەرەبی و فارسیدا هەیە، هیچ کام لەو کتێبانەم نەفرۆشتووە، ئەم ٢٥ بەرگەش هەمووی دەکەم بە دیاری بۆ ئەو گەنجانەی کە زیت و قیتن و شەیدای خوێندنەوەن، نایدەم بەو بە ناو ئەدیب و نووسەرانەی کە لە ساڵێکدا کتێبێك ناخوێننەوە.

**تا ئێستا ١٢٧ کتێبم لە کتێبخانەی کوردی، عەرەبی و فارسیدا هەیە، هیچ کام لەو کتێبانەم نەفرۆشتووە، ئەم ٢٥ بەرگەش هەمووی دەکەم بە دیاری بۆ ئەو گەنجانەی کە زیت و قیتن و شەیدای خوێندنەوەن**

*** یەکەم جار کە تۆم بینی ساڵی ٢٠٠٤ بوو، ئەو کات زۆر دڵخۆش دیار بوویت و سەرقاڵی دانانی بەردی بناغەی مۆنۆمێنیتی شەهیدانی کوردستان بوویت، سەرچاوەی ئەو دڵخۆشییەت چی بوو؟**

- ئەو کات هەستم دەکرد، شتێکی گەورە بۆ کوردستان و دیارییەکی گەورە پێشکەشی شەهیدان دەکەم، دیزاینی مۆنۆمێنتەکەم بە ئەهرامێکی میسر دەست پێ کردووە، کە بە شمشێرێکی گەورە لەت لەتم کردووە و، هەمووی لەناوەوە پێکەوە گرێ دراون، پەیکەرێکیشم وەك پێشمەرگەیەکی بریندار دروست کردووە، کە تا ئێستا گەورەترین پەیکەرە لە کوردستان، پێشمەرگە زامەکەی قووڵە و خەریکە دەکەوێت، پەنجەیەکی بە قایشی تفەنگەکەیەوە گرتووە کە لە نێوان کەوتن و ژیاندایە، بەڵام دەموچاوی ئازارێکی زۆر قووڵی پێوە دیارە.

**دیزاینی مۆنۆمێنتەکەم بە ئەهرامێکی میسر دەست پێ کردووە، کە بە شمشێرێکی گەورە لەت لەتم کردووە و، هەمووی لەناوەوە پێکەوە گرێ دراون**

ئەم مۆنۆمێنتە پێکدێت لە مۆزەخانە، کتێبخانەی گشتی، هۆڵێکی کۆبوونەوە کە ٣٥٠ کەس لەخۆ دەگرێت، دوو کەوانەی تێدایە بۆ پێشانگای هونەری، پێداویستیی تەواوی دیپلۆماتیی میوانەکانی تێدایە، بە تایبەتی کەسانی سەرۆك و دیپلۆماتی گەورە کە سەردانی ئەو مۆنۆمێنتە دەکەن، هەروەها کافتریایەکیشی تێدایە بۆ پشوودان، لە ناو حەوشەی مۆنۆمێنتەکەش دەریاچەیەکی بچووکی تێدایە کە نەخشەی کوردستانە و تەعبیر لە تەواوی شەهیدانی کوردستان دەکات.

**پەیکەرێکیشم وەك پێشمەرگەیەکی بریندار دروست کردووە، کە تا ئێستا گەورەترین پەیکەرە لە کوردستان**

ئەم مۆنۆمینێتە لە ٩ی ئابی ٢٠١٠ وەك دەسکە گوڵێك پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێك کردنەوەکەی دواکەوت و ئێستا خەریکن نۆژەنی دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە فەرمی بکرێتەوە.

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر گلێن ئەریک ئەندریَ دیزەن بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کارەساتبارە بە چاوپۆشین لەوەی چۆن لێی دەڕوانرێت

**پرۆفیسۆر گلێن ئەریك ئەندرێ دیزەن، زانایەکی سیاسیی نەرویجییە و بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری دامەزراوە و تەنگژە ئەمنییەکان لە زانکۆی ئازاد لە ئەمستردام بەدەست هێناوە. پێشتر نیشتەجێی ڕووسیا بووە و لە سکوولی باڵای ئابووری لە مۆسکۆ کاری کردووە و شارەزا و تایبەتمەندی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و ئاوێتەبوونی ئەوروپایە. لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە بەشی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی باشووری ڕۆژهەڵاتی نەرویج. بۆ تاوتوێکردنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پێشهات و پەرەسەندن و ئاڵۆزییەکانی ئەم شەڕە و ئاقار و ئاراستەکانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا شەڕێکی کاولکارە و دەرئەنجامی نەهامەتبار و کارەستباری لێ کەوتووەتەوە، دوای زیاتر لە ساڵێکیش هێشتا هیچ لایەك نەیتوانیوە پێشڕەوی و سەرکەوتنێکی سەربازیی یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنێت و، شەڕەکە سەرەڕای بەردەوامبوون و درێژەکێشانی، بەڵام بە جۆرێك لە بنبەستگەیشتن گەیشتووە، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە هۆکاری یەکلانەبوونەوەی ئەم شەڕە، یان نەگەیشتن بە جۆرێك لە ڕێککەوتن ئەوەیە کە هێشتا لای ڕۆژئاوا ئیرادە و ویستێك گەڵاڵە نەبووە بۆ گرتنەبەر و گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی ئاشتی، بۆ نموونە کاتێك وڵاتی چین دەستپێشخەری و پێشنیاری ئاشتی ڕاگەیاند بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە، ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە ڕایگەیاند ئەمە دەستپێشخەرییەکی قبووڵکراو نییە. لە ڕاستیدا ئەمە ڕیشەی و پاشخانێکی قووڵتری هەیە، چونکە کاتێك ساڵی ٢٠١٤ ڕۆژئاوا حکومەتەکەی کییڤی ڕووخاند و ئەو کاتە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا و دواتر ڕووسیا دەستی بەسەر هەرێمی کریمیادا گرت، ئەوا ڕێککەوتنی ئاشتی بە ناوی ڕێککەوتنی مینسك هاتە ئاراوە لە ساڵی ٢٠١٥، ئەوە بوو ڕۆژئاوا ئەم ڕێککەوتنەی لەبار برد. لە هەموو ئەوانەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئیرادەیەك لای ڕۆژئاوا بەدی ناکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەند و بە سازشێك لەگەڵ مۆسکۆ. هەروەك دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ڕۆژئاوا نەك هەر ئەم کارەی نەکرد، بەڵکو هەوڵی بەرفراوانکردنی ناتۆی دا بۆ سەر سنوورەکانی ڕووسیا و دەرئەنجامە ئەوەتا گیرۆدەبوونێك هاتووەتە ئاراوە بە هۆی هەڵگیرسانی ئەم شەڕەوە.

*** بەڵام هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کرد، ئێستا دۆخێکی وا دروست بووە کە جۆرێکە لە گیرۆدەبوون و چەقبەستن، بەو واتایەی هیچ ڕوون نییە، ئایا ئاقار و ئاراستەی شەڕەکە بەرەو کوێ دەچێت، لە هەمان کاتدا ویستێك بۆ سازشکردن و ئاشتییش بەدی ناکرێت، بە دیدی ئێوە پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی دۆخەکە بە ئاراستەیەکی ئەرێنیدا ببردرێت؟**

- من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە زۆر لەبار و گونجاوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە ئەگەر ئێمە لەو ڕوانگەیەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، یان با بڵێین ئەگەر لە ڕوانگەی ئامانجی ئەمریکاوە کە بریتییە لە لاوازکردنی ڕووسیا، لە پرسەکە بڕوانین، ئەوا درێژەکێشانی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت، چونکە شەڕەکە ئۆکرانییەکان دەیکەن و تێیدا ڕووسەکان دەکوژرێن و ڕووسیا لاواز دەبێت. دواتر ئەوەی پەیوەست بێت بە بنبەستگەیشتنی شەڕەکەوە، ئەوا ئەگەر لەو ڕووەوە لێی بڕوانین کە ڕووسیا نەیتوانیوە دەست بەسەر خاکی زیاتردا بگرێت، ئەوا ئەم شەڕە تووشی بە بنبەست گەیشتن بووە، بەڵام نابێت ئەوە لە یاد بکەین، کە ڕووسیا شەڕی ئیستنزاف لەگەڵ ئۆکرانیا دەکات، بەو واتایە دەیەوێت تەواوی سوپای ئەو وڵاتە تێك بشکێنێت و لە ناویان ببات. هەر کاتێکیش ڕووسیا توانی لەم ئەرکەیدا سەرکەوتوو بێت و ئەم ئامانجە بەدی بهێنێت و سوپای ئەو وڵاتە تێك بشکێنێت، ئەوا دەتوانێت دەست بەسەر خاکی زیاتردا بگرێت. کە ڕووسیا پێی وایە پێویستی بە دەستبەسەرداگرتنی ئەم خاکە

**ئیرادەیەک لای ڕۆژئاوا بەدی ناکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەند و بە سازشێک لەگەڵ مۆسکۆ**

**ئەگەر لە ڕوانگەی ئامانجی ئەمریکاوە کە بریتییە لە لاوازکردنی ڕووسیا، لە پرسەکە بڕوانین، ئەوا درێژەکێشانی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا دەبێت**

**بۆ هەر سەربازێکی ڕووسی کە کوژراوە، حەوت سەربازی ئۆکرانیا گیانیان لەدەست داوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕووسیا زاڵ و باڵادەستە لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا لە ڕووی تۆپ و مووشەکەوە**

**ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٤وە بە خۆبەدوورگرتن لە ڕۆژئاوا لە ڕووی ئابوورییەوە، وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕێکی بەسەر ئابووریی وڵاتەکەیدا هێناوە**

**ئامانجی ڕووسیا ئەوە بوو کە دووبارە ئابووریی وڵاتەکە بە ئاراستەی ئاسیا ڕێک بخاتەوە**

**ئەم شەڕە لە ڕوانگەی ڕووسیاوە شەڕێکە لە پێناوی مانەوەی خۆیدا، بەو واتایەی ڕووسیا پێی وابوو نزیکبوونەوەی ناتۆ لەسەر سنوورەکانی هەڕەشە و مەترسییەکی وجوودییە کە ناکرێت چاوپۆشی لێ بکرێت**

**کاتێک ئەمریکا باس لە برەودان بە سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان دەکات، ئەوا لە بنەڕەتدا هەوڵەکەی بۆ برەودانە بە سیستمێکی جیهانی کە لەسەر بنەمای نایەکسانی لە ڕووی سەروەرییەوە بنیاد نراوە**

**ئەوەی ئەمریکا دەیکات، ڕێزگرتن نییە لە سەروەری، بەڵکو چەمکی لیبراڵیزم بەکار دەهێنێت بۆ شەرعییەتدان بە کردەوەکانی، کە ئەمەش مایەی قبووڵکردن نییە**

هەیە، بۆ ئەوەی هەستی ئاسایش و سەلامەتی بۆ دەستەبەر بێت لە بەرانبەر ناتۆدا. ئەگەر ئێمە لەو بەڵگەنامانەی وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (پنتاگۆن) بڕوانین کە دزەیان پێ کراوە، ئەوا ڕێژەکە جێی سەرنجە کە بۆ هەر سەربازێکی ڕووسی کە کوژراوە، حەوت سەربازی ئۆکرانیا گیانیان لەدەست داوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕووسیا زاڵ و باڵادەستە لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا لە ڕووی تۆپ و مووشەکەوە و ئێستاش ئۆکرانیا لە دۆخێکدایە کە سیستمی بەرگریی ئاسمانی بەرەو ڕاوەستان بچێت و ئەو کاتە ڕووسیا لە ڕووی ئاسمانیشەوە باڵادەست دەبێت. پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئۆکرانیا بە خێرایی هێزی سەربازی خۆی لەدەست دەدات. کەواتە ئەگەر بگەینە هەل و مەرجێك کە تێیدا سوپای ئۆکرانیا تووشی داڕووخان و لەبەریەکهەڵوەشان ببێتەوە، ئەوا چیتر ناتوانرێت باسی بە بنبەستگەیشتن بکرێت.

*** بەڵام ئێمە دەزانین تا ئێستا ڕووسیا نەیتوانیوە سەرکەوتنێکی سەربازیی گەورە تۆمار بکات و بگرە لە ڕووی سەربازییشەوە تووشی زیانێکی زۆر بووەتەوە، لە هەمان کاتدا وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕادەیەك ئەم زیانە سەربازی و ئابوورییانە گورزی گەورەیان لە توانا و هێزی ڕووسیا داوە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە سزا ئابووری و داراییەکانەوە، ئەوا نکۆڵی لێ ناکرێت کە ئەم سزایانە مایەی ئازارپێگەیاندن بوون بۆ ڕووسیا، بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٤وە بە خۆبەدوورگرتن لە ڕۆژئاوا لە ڕووی ئابوورییەوە، وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕێکی بەسەر ئابووریی وڵاتەکەیدا هێناوە. چونکە لەو کاتەوە ئەگەری ئەوە لەبەرچاوگیرا کە ڕووسیا تووشی ناکۆکییەکی درێژخایەن دەبێتەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا. کەواتە ئامانجی ڕووسیا ئەوە بوو کە دووبارە ئابووریی وڵاتەکە بە ئاراستەی ئاسیا ڕێك بخاتەوە. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم سزایانە زیانیان بە ئابووریی ڕووسیا گەیاندووە. ئەگەر لە ڕووی سەربازییشەوە لە پرسەکە بڕوانین، ئەوا بە هەزاران گەنجی ڕووسیا لەم شەڕەدا کوژراون، کە ئاشکرایە ئەوەی هاتووەتە ئاراوە دۆخێکی کارەساتبارە، بە چاوپۆشین لەوەی چۆن لێی دەڕوانیت.

*** بەڵام بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی ڕووسیا هێندە پێداگرە لەسەر درێژەدان بەم شەڕە و بۆچی ئەگەر نەتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە یەکلای بکاتەوە- سەرباری ئەو گوشار و سزا ئابوورییانەش کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە- بیر لەوە ناکاتەوە کە ڕێگاچارەیەکی دیکە بگرێتەبەر؟**

- لە ڕاستیدا ئەم شەڕە لە ڕوانگەی ڕووسیاوە شەڕێکە لە پێناوی مانەوەی خۆیدا، بەو واتایەی ڕووسیا پێی وابوو نزیکبوونەوەی ناتۆ لەسەر سنوورەکانی هەڕەشە و مەترسییەکی وجوودییە کە ناکرێت چاوپۆشی لێ بکرێت و ڕێگە بدرێت بە ئاسانی و ئاسایی تێپەڕێت. واتە ڕووسیا پێی وایە کە دەبێت ئەم باجە بدرێت و ئامادەشە ئەم باجە بدات، بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوویی و بوونی ناتۆ لە سەر سنوورەکانی دوور بخاتەوە.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەم شەڕەی هەڵگیرساوە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی شکستی سیستمە جیهانییەکەیە، ئەوەی پێی دەوترێت «سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان»، بەو واتایەی ئەم سیستمە نەیتوانیوە کە بەر بە بەرپابوونی شەڕێکی لەم چەشنە بگرێت و لێکدانەوەکە ئەوەیە کە پێویستە دووبارە ئەم سیستمە لەسەر چەند پرەنسیپێکی تەواو جیاواز بنیاد بنرێتەوە، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من لێرەدا نامەوێت سیستمە جیهانییەکە (سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان) و یاسای نێودەوڵەتی وەك یەك، یان وەك هاوواتا بەکار بهێنم، چونکە کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باس لە برەودان بە سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان دەکات، ئەوا لە بنەڕەتدا هەوڵەکەی بۆ برەودانە بە سیستمێکی جیهانی کە لەسەر بنەمای نایەکسانی لە ڕووی سەروەرییەوە بنیاد نراوە، بەو واتایە سیستمێکە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆی هەبێت دەستتێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتاندا بکات و حکومەتەکان بڕووخێنێت و دەستتێوەردانی سەربازی و داگیرکاری لە وڵاتاندا بکات، بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا ئەنجامی دا، و دەستکاری سنوورەکان بکات، هەروەك ئەوەی لە کۆسۆڤۆدا کردی. واتە ئەوەی ئەمریکا دەیکات، ڕێزگرتن نییە لە سەروەری، بەڵکو چەمکی لیبراڵیزم بەکار دەهێنێت بۆ شەرعییەتدان بە کردەوەکانی، کە ئەمەش مایەی قبووڵکردن نییە، نەك تەنیا لەلایەن ڕووسیا و چینەوە، بەڵکو لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە مایەی قبووڵکردن نییە.

دیمانەی تایبەت



### پڕۆفیسۆر ئولریک بروکنەر بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا شەڕێکی هەرێمایەتی نییە و لەسەر خاکیش نییە

**ئولریك بروكنەر، پرۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپییە لە زانكۆی ستانفۆرد لە بەرلین. پێشتر مامۆستا بووە لە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی بەرلینی ئازاد و وانەبێژ بووە لە زانكۆی فودان لە شانگهای، زانكۆی سابانجی لە ئەستەنبول و زانكۆی لیوبلیانا لە سلۆڤینیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد، كە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا و بەرەوپێشچوونی ئەم شەڕە و هۆكارەكانی درێژەكێشان و بەردەوامبوون و دەرئەنجام و دەرهاویشتەكانی.**

*** پێش هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا زۆر كەس پێیان وابوو كە شەڕێك لەم چەشنە دوورە لەوەی ڕووبدات، دوای بەرپابوونیشی هەندێ پێشبینی هەبوون، بەوەی كە شەڕەكە درێژە ناكێشێت و لە ماوەیەكی كەم و زەمەنێكی كورتدا كۆتایی پێ دێت و یەكلا دەبێتەوە، بەڵام ئەوە بوو ئەم شەڕە هەڵگیرسا و ئەوەتا درێژەشی كێشاوە، خوێندنەوە و شرۆڤەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە هەر كەسێك كە پێی وا بوویێت كە ئەم شەڕە كورتخایەن دەبێت و لە ماوەیەكی كەمدا یەكلا دەبێتەوە، ئەوا لەسەر كۆمەڵێك ئەگەر و گریمانەی ناڕوون ئەم پێشبینییەی كردووە. ئەمە جگە لەو كەسانەی كە پێشبینییەكانیان لەسەر ئەو بنەمایە بنیاد نابوو كە ئۆكرانییەكان ئیرادە و گیانی بەرهەڵستی و شەڕكردنیان نییە و ئەگەر هەشیان بێت، ئەوا ئامراز و چەك و پێداویستییان بۆ ئەم شەڕە نییە، بەم شێوەیە شەڕەكە لە ماوەی چەند ڕۆژێكدا كۆتایی پێ دێت و تەواو دەبێت. بە چەشنی ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦دا بە سەر وڵاتی هەنگاریادا هات، یان ئەوەی لە پراگ ڕووی دا لە ساڵی ١٩٦٨، یان خەفەكردنی ڕاپەڕینی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، كاتێك یەكێتی سۆڤیەت لە ڕێی تانكەكانەوە دەستتێوەردانی كرد و دۆخەكە لە ماوەی چەند ڕۆژێكدا كۆتایی هات. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە كە ئەمە پاشخان و بنەمای بیركردنەوەی ئەو شرۆڤەكارانەیە كە پێیان وابوو ئەم جارەش ڕووسیا بە ئاسانی و بە ماوەیەكی كەم دەتوانێت دۆخەكە كۆنترۆڵ بكات و لە بەرژەوەندیی خۆی یەكلای بكاتەوە. ئەوەی ئەم شرۆڤەكارانە لەبەرچاویان نەگرتبوو، دۆخی سوپای ئۆكرانیا و ڕاددەی ئامادەیی ئەم سوپایە و هەروەها كاریگەریی كەسایەتیی سەرۆكی ئۆكرانیا (ڤیودۆر زینلیسكی) كە چۆن توانی یەكهەڵوێستی و یەكگرتوویی لە نێو گەلەكەیدا بێنێتەئاراوە و، چۆن ئەو هەستەی لای خەڵكەكەی خوڵقاندووە كە هەموو كەسێك پاڵەوانە و هەموو كەسێك ئامادەیی تێدایە گیانی بەخت بكات بۆ وڵات و نیشتمانەكەی. كە پێم وایە ئەمە پرسێك بوو لەبەرچاو نەگیرابوو لە كاتی پێشبینیكردنی ئەوەی تا چەند ئەم شەڕە ئەگەری ئەوە هەیە درێژە بكێشێت. هەروەها پرسێكی دیكە كە ئەو شرۆڤەكارانە پێشبینییەكانیان خۆیان لەسەر بنیاد نابوو، ئەوەبوو كە ڕووسیا هێزێكی باڵایە -سوپەر پاوەر- و ئۆكرانیاش ماوەیەكی زۆر نییە كە وەك دەوڵەتێكی نەتەوەی بوونی هەیە و لە ئارادایە.

*** بەڵام ئێستا و لە ڕاستیدا پێشتریش دەركەوت، ئەمە شەڕێكە ڕووسیا ناتوانێت بە ئاسانی و بە ماوەیەكی كەم بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەكلای بكاتەوە، ئیتر بۆچی ڕووسیا پێداچوونەوە بە بڕیار و هەڵوێستی خۆیدا ناكات؟ بۆچی بە ئاراستەیەكدا كار ناكات كە ببێتە هۆی گرتنەبەری ڕێگاچارەیەكی دیكەی ناسەربازی بۆ یەكلاكردنەوەی شەڕەكە؟**

- لە ڕاستیدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم كە هەر خودی هەڵگیرساندنی شەڕەكە بۆ زۆر كەس بە خۆشمەوە، مایەی سەرسامی و سەروسوڕمانە، چونكە بۆچی ڕووسیا كە گەورەترین وڵاتە لە ڕووی ڕووبەرەوە، دێت و شەڕ بەرپا دەكات بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاكی دەوڵەتێكی دراوسێی، مەبەستم ئەوەیە ڕووسیا پێویستی بە داگیركردنی خاك بە كۆنترۆڵكردنی خاكی زیاتر نییە. لەم ڕوانگەیەوە من دەتوانم بڵێم ئەمە شەڕ و ناكۆكییەك نییە لەسەر خاك و شەڕێكی هەرێمایەتیش نییە، بەڵكو لەوە گەورەترە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، پرسیارە بنەڕەتییەكە- هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ كردووە- ئەوەیە تا چەند پوتین دەیەوێت درێژە بەم دۆخە و بەم شەڕە بدات.

*** بەڵام ئەگەر پرسیارەكەی پێشوومان دووپات بكەینەوە و لە كۆتایی وەڵامەكەی ئێوەشەوە ئەو**

**سەرۆكی ئۆكرانیا (ڤیودۆر زینلیسكی) توانی یەكهەڵوێستی و یەكگرتوویی لە نێو گەلەكەیدا بێنێتەئاراوە و، ئەو هەستەی لای خەڵكەكەی خوڵقاندووە كە هەموو كەسێك ئامادەیی تێدایە گیانی بۆ وڵات و نیشتمانەكەی بەخت بكات**

**ئێمە لە بنەڕەتەوە نازانین هۆكاری ڕاستەقینەی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە چییە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنەمایە شرۆڤەكاری و خوێندنەوە بۆ شەڕەكە بكەین**

**مەسەلەكە ئەوە نەبوو كە ڕووسیا هەڕەشەیەكی وجوودی لەسەر بێت، بە هۆی ئەوەی ناتۆ لە ڕێی ئۆكرانیاوە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ڕووسیا دروست بكات**

**پرسیارە بکەینەوە ئایا سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەیەوێت بە درێژەپێدانی ئەم شەڕە چ دەستکەوتێك بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی کە تا ئێستا ڕووسیا جگە لە زیانی سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گوشاری دارایی و ئابووری دەستکەوتێکی گەورە و بەرچاوی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە؟**

- هەروەم ئاماژەم پێ کرد، ئێمە لە بنەڕەتەوە نازانین هۆکاری ڕاستەقینەی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە چییە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنەمایە شرۆڤەکاری و خوێندنەوە بۆ شەڕەکە بکەین. چونکە ئەگەر ئێمە لە چەندین لێدوانی سەیر و سەمەرەی ڕووسیا بڕوانین، وەك ئەوەی دەڵێن: دەبێت ئوکرانیا لە نازیەت دابماڵدرێ، (ئەمە سەرباری ئەو ڕاستییەی کە خودی سەرۆکی ئۆکرانیا کەسێکی جوولەکەیە)، هەروەها پێداگریی ڕووسیا لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئۆکرانیا لە چەك دابماڵدرێت، کە ئەمەش لێدوان و پێداگرییەکی بێمانایە، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئۆکرانیا ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی دراوسێی دەستدرێژیکار بووەتەوە و پێشێلکارییەکی گەورەی یاسای نێودەوڵەتی بەرانبەر کراوە. مەبەستم ئەوەیە هەر وڵاتێك ڕووبەڕووی ئەم پێشێلکاری و دەستدرێژکارییانە ببێتەوە، ئەوا هێندەی دەتوانێت بەرهەڵستی و بەرگری دەکات. کەواتە ئەوە تێڕوانینێکی بێ مانایە کاتێك باس لەوە دەکرا کە ئۆکرانیا بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە بووەتە وڵاتێکی نازی. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە ڕووسیا هەڕەشەیەکی وجوودی لەسەر بێت، بە هۆی ئەوەی ناتۆ لە ڕێی ئۆکرانیاوە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ڕووسیا دروست بکات، بەڵکو مەسەلەکە ئەوە بوو کە ئۆکرانیا بەرەو دۆخێکی باشتر هەنگاوی هەڵدەگرت، کاتێك پێی وابوو ئایندەی وڵاتەکەی باشتر دەبێت، ئەگەر بێت و لە ڕۆژئاوا نزیك ببێتەوە. واتە ئەمە دەبووە هۆی باشترکردنی باروگوزەران و ژیانی ئۆکرانییەکان بەراورد بە ژیانی ڕووسەکان، کە ئەمەش لە دەرئەنجامدا دەبووەهۆی ئەوەی خەڵکی ڕووسیا ژیان و گوزەرانی خۆیان بە خەڵکی ئۆکرانیا بەراورد بکەن، کە ئەم کارەش سەری دەکێشا بۆ لاوازبوونی میسداقییەتی دەسەڵاتی ڕووسیا لە تێڕوانینی خەڵکەکەیەوە. من پێم وایە ئەمە زیاتر ڕێی تێدەچێت وەك لەو بانگەیەشەی کە ڕووسیا برەوی پێ دەدا، کە گوایە ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیی نەمان بووەتەوە لەلایەن ناتۆوە، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ناتۆ دێت و هێرش دەکاتە سەر ڕووسیا؟ کە ئەمە ڕێی تێ نەدەچوو. چونکە دەوڵەتە ئەندامەکانی ناتۆ سیستمی پەرلەمانین و هیچ پەرلەمانێکی ئەو دەوڵەتە ئەندامانە دەنگی نەدەدا بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەشدار بێت لە هێرشکردنەسەر گەورەترین هێزی ناوکی لە ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکەیانەوە. ئەمە هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە، مەبەستم ئەوەیە هیچ یەکێك لەو وڵاتانە خوازیاری ئەوە نەبوون ڕووسیا تێکبشکێنن و نەیاندەویست هەوڵی داگیرکردنی ڕووسیا بدەن، کە پێنج تەوقیتی کاتی جیاواز لە وڵاتەکەیدا هەیە. کەواتە ئەمانە هەموو بانگەشەی بەتاڵ بوون و ڕووسیا تەنیا مەبەستی ئەوە بوو کە ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خەڵکەکەی بورووژێنێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕووسیا ئایندەی خۆیان بکەنە قوربانییەکی بێ ماناییەك کە تەنیا لە شەڕێکی لەم چەشنەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرچۆنێك بێت دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ڕووسیا بەرەو خراپ دەچێت، بەڵام سەرۆك پوتین دەیەوێت ترس و دڵەڕاوکێ لای خەڵك دروست بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەوری ئەرکێکی هاوبەش کۆیان بکاتەوە، لەم ڕووەوە پێم وایە سەرۆك پوتین پێی وایە هەڵگری ئەرك و پەیامێکە کە دەبێت بیهێنێتەدی و ئەمەش کاری وڵاتانی ڕۆژئاوا دژوارتر دەکات، چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت لە ڕێی هاوکاریکردنی ئۆکرانیا باجی شەڕەکە لەسەر ڕووسیا قورستر و گرانتر بکەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کەسێك، یان سەرۆکێك کە پێی وایە سەرگەرم و سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکێکە، نایەت لەو زیانانە وردبێتەوە کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، لە دەرئەنجامدا بە ئاراستەیەك بیرناکاتەوە کە ببێتە هۆی پێداچوونەوە بە بڕیاری شەڕەکە و ئەگەری گۆڕینی بڕیارەکەش. چونکە ئێمە دەزانین کە کەسانی وەك جۆزێف ستالین ئەم کارەیان نەکرد، هیتلەریش بەم شێوەیە بیری نەکردەوە، ئیتر بۆچی پوتین کارێکی لەم چەشنە بکات؟ ئێوە بڕوانن کە سزاکان کە بارێکی سەخت و دژواری بۆ خەڵکی ڕووسیا دروست کردووە، بە بێ ئەوەی کاریگەریی ئەوتۆ بکاتەسەر بڕیاربەدەستانی ئەو وڵاتە، هەروەها ئەم دۆخە نەبووەتە هۆی ئەوەی سەرۆك پوتین دەست لە بەقوربانیکردنی هەزاران گەنجی گەلەکەی و ئایندەی وڵاتەکەشی هەڵبگرێت.

**ئۆکرانیا بەرەو دۆخێکی باشتر هەنگاوی هەڵدەگرت، کاتێک پێی وابوو ئایندەی وڵاتەکەی باشتر دەبێت، ئەگەر بێت و لە ڕۆژئاوا نزیک ببێتەوە**

**ئەندامەکانی ناتۆ سیستمی پەرلەمانین و هیچ پەرلەمانێکی ئەو دەوڵەتە ئەندامانە دەنگی نەدەدا بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەشدار بێت لە هێرشکردنەسەر گەورەترین هێزی ناوکی لە ڕۆژهەڵاتی کیشوەرەکەیانەوە**

**دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ڕووسیا بەرەو خراپ دەچێت، بەڵام سەرۆک پوتین دەیەوێت ترس و دڵەڕاوکێ لای خەڵک دروست بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەوری ئەرکێکی هاوبەش کۆیان بکاتەوە**

**وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت لە ڕێی هاوکاریکردنی ئۆکرانیا باجی شەڕەکە لەسەر ڕووسیا قورستر و گرانتر بکەن**

# بەردەوامیی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمدا

لە کاتێکدا لەسەر ئاستی جیهان زۆرێک لە کۆمپانیا و دەوڵەتانی خاوەن پیشەسازی و ئابووریی گەورە زیانێکی زۆریان بە ژینگە گەیاندووە، زۆرێکیش لە مرۆڤەکان پرۆسەی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ سرووشتدا زۆر دوا خستووە و گەیاندوویانەتە بنبەست، بێ ئاگا، یان ئاگادار لەوەی کە گشت ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی هەسارەکەمان بوونەتەوە و دەبنەوە لە گۆڕانی کەش و هەوا و خراپ بەکاربردنی دەرامەتەکان و زۆر کێشەی دیکە، دەستکردی مرۆڤن.

ئێمەش لە وڵاتانی بەکاربەردا وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی سەر ئەم هەسارەیە، وێڕای ئەو کارە دژ بە ژینگەییانەی جیهان، خۆشمان چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵگە بە ڕێژەی جیا جیا ڕۆڵی نەرێنیمان لە زیان گەیاندن بە ژینگە هەبووە. بەڵام کابینەی نۆیەم و بەردەوامیی کارنامەکەی لە بواری پاراستن و چاککردنی ژینگەدا ناونیشانێکی گرنگی بە ژینگەپارێزی داوە، کاتێك دەڵێت: «ژینگە گەورەترین سەرمایەی هەرێمە»، بۆ ئەم مەبەستەش لە دوو خاڵی سەرەکیدا کار لەسەر چەمکی ژینگەپارێزی دەکات:

یەکەم: هەوڵدان بۆ بەکەلتوورکردنی چەمکی ژینگەپارێزی لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوە.

دووەم: کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان لە ڕێگەی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکانەوە.

بۆیە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردن و وردکردنەوەی ئەو ئامانجە سەرەکییەی پێشەوەدا، لە ماوەی نێوان ڕۆژی ژینگەی کوردستان لە ساڵی پارەوە تا هەمان بۆنە لە ئەم ساڵدا (٢٠٢٣) ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوەی ناوە:

بەردەوامیی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی باڵای پاراستن و چاککردنی ژینگە لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە ژینگەییەکان.

دامەزراندنی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ کەناڵەکانی میدیای بینراو، بیستراو و خوێنراو.

بە یەك گەیاندنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی بیانی و ناوخۆ بە وەزارەت و دەستەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی وەبەرهێنانی ژینگەیی بە ئاراستەی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا.

بەردەوامیدان بە کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەنی دەستەی ژینگە.


کاراکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

تاوتوێکردنی کێشە ژینگەییەکان لەگەڵ ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

بوون بە ئەندام لە ١٥ لیژنەی نیشتمانیی تایبەت بە بوارەکانی ژینگە لەسەر ئاستی عێراق.

بەشداربوون لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە گۆڕانی کەش و هەوا.

واژۆکردنی یاداشتنامەی لەیەکگەیشتن لەگەڵ ژمارەیەك لە زانکۆ حکوومی و ئەهلییەکان.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

- بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکە و پەخشنامەی دیواری و دەستیی تایبەت بە ژینگەپارێزی.
- ئاشناکردنی کونسوڵخانەی زۆربەی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان بە بارودۆخی ژینگە و کێشەکانی.
- ناساندنی زیاتری ژینگە بە هاووڵاتیان لە ڕێگەی بەردەوامیی ڕێوڕەسمی ڕۆژی ژینگەی پارێزگاکان.
- هەماهەنگیی لەگەڵ ئاژانسە جیهانییەکانی وەك: جایکا، جی ئای زێد، یو ئێس ئەید، یوکەی ئەید.
- هەماهەنگیی لەگەڵ ڕاوێژکارانی سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان.
- دەرچواندنی ڕێنمایی و هەموارکردنەوەی یاسایی و دەرکردنی بەیانی یاسایی وەك ئەمانەی لای خوارەوە:
- هەموارکردنی ماددەی ٤٢ لە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
- دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بە دانانی چاودێریی ژینگەیی بۆ پڕۆژەکان.
- دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی.
- دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بە پۆلێنی پڕۆژەکان و ڕەزامەندیی ژینگەیی.
- دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بە پاراستنی چینی ئۆزۆن.
- دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بە سەرچاوە تیشکدەرەکان.
- دەرچواندنی ڕێنمایی تایبەت بە خۆپاراستن لە تیشکی نائایۆنی.
- ئامادەکردنی پەیڕەوی نوێی تایبەت بە پارێزراوە سرووشتییەکان لە هەرێمی کوردستان.
- دانانی سیستمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لە بارەی ماددە تیشکاوەرەکانەوە لە فەرمانگەی ژینگەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك.
- بەردەوامبوون لە ئەنجامدانی سیمینار و کۆڕ و وۆرکشۆپ و پانێڵ و کردنەوەی پێشانگای ژینگەیی.
- دابەشکردنی دە هەزار دانە کتێبی ڕێبەری ژینگەیی بۆ قوتابخانەکان بە هاوکاریی دەزگای ڕوانگە.
- کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگای هەڵەبجە.
- کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.
- وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کردنەوەی فەرمانگەی ژینگە لە زاخۆ.
- پەسەندکردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پلانی ساڵی ٢٠٢٣ی دەستە تایبەت بە گۆڕانی کەش و هەوا.

بە ئومێدی ئەوەی بە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە ژینگەوە، بتوانین تا ڕۆژی ژینگە لە ساڵی ٢٠٢٤دا کار و چالاکیی باشتر ئەنجام بدەین، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە سەرەکییانەی کە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتوون، بەو دروشمەی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە: «ژینگە گەورەترین سەرمایەی هەرێمە».

# پەروەردەکاران دەخوازن بەخێوکاران منداڵەکانیان بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە بکەن و زەمینەسازییان بۆ بکەن

بەپێی ئامارەکان لە هەرێمی کوردستان ١،٧٠٧،٢٤٩ قوتابی و ١٢٠،٦٥٨ مامۆستا و ٦،٤٢٩ قوتابخانە هەن. بەپێی ئەو خشتانەش کە دیار کراون، لە ٢٩ی نیسان تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی دووەمی پۆلە ناکۆتاکان و تاقیکردنەوەی نیشتمانی ٩ی بنەڕەتی ئەنجام دەدرێت. هەر بەپێی خشتەکە لە ٢٣ی مایس تاقیکردنەوەی وەرزی دووەمی تاقیکردنەوەی پۆلە ناکۆتاکان و نیشتمانی ٩ی بنەڕەتی بۆ وەرزی دووەم ئەنجام دەدرێت. لە ٣ی حوزەیران تاقیکردنەوەی وزاری بۆ خولی یەکەم ئەنجام دەدرێت و لە ٦ی ئاب بۆ خولی دووەم ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئەو میکانیزمانە چین کە یارمەتیی قوتابی دەدات بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان ئاستێکی باش بەدەست بێنێت؟ ئایا پێویستە بەخێوکەری قوتابیان بە چ شێوازێك منداڵەکانیان بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە بکەن و ئەو ئاسانکاری و زەمینەسازییانە چین کە پێویستە بۆیان بکرێت؟ پەروەردەکارانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا مەعروف حەمەد سەعید بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات هێما بۆ ئەوە دەکات: «تاقیکردنەوە دوا کرداری هەڵسەنگاندنە بۆ کۆی پرۆسەی فێربوون بە درێژایی ساڵی خوێندن، بۆیە قسەکردن لەسەر بابەتی تاقیکردنەوە بەشێوازێکی پەروەردەیی و زانستی و واقیعیی بەرچاومان ڕوشن دەکات تاکو لە ئامانجی راستەقینەی پرۆسەی تاقیکردنەوە بگەین. لێرەدا دەبێ بزاندرێ کە تێگەیشتن لە واتا دروستەکەی تەنها ئەرکی قوتابی نییە، تەواوی ئەوانەی ژینگەی قوتابی پێکدەهێنن لە قوتابخانە و مامۆستا و دواتر لەوانەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دادەڕێژنەوە و ئەوانەشی کە هۆڵی ئەزموونەکان بەڕێوەدەبەن و ئەمە سەرباری ڕۆڵی گرینگی ماڵبات و کۆمەڵگە کە هەمووان بەرپرسیارن لەوەی ئاگاداری مەبەستی تاقیکردنەوە بن و نەچنە ژێرباری وێناکردنی ئەو پرۆسەیە وەکو ئەژدیهاك و دێوەزمە. ئەگەر خوازیاری بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرزی دەرچوون و سەرکەوتنی قوتابیان بن دەبێ سەرەتا کۆشش و ئامانجیان فێرکردنی قوتابی بێت و قوتابی دەرك بەوە بکات کە تاقیکردنەوەکان لە بابەتی پەرتووکەکانەوە دەکرێت و ئەو بابەتانەی پێشوو ئەگەر فێری بوویێت و بەسەریدا کەڵەکە نەبووبن ئەوا لە ڕۆژی تاقیکردنەوەدا ئەگەری نشوستی و دەرنەچوونی بەو شێوەیە نییە کە ترسی هەبێت».

هەروەها گوتی: «سەرکەوتنی مامۆستا لە گەیاندنی زانیارییەکانی ناوەڕۆکی میتۆدەکانی خوێندن و شارەزایی و زیرەکی و خۆشەویستی بۆ پیشەکەی و بۆ فێرکردن و تێگەیاندنی قوتابی، تا ڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتن و دەرچوونی قوتابی لە تاقیکردنەوەکانی بەدوادا دێت، لەگەڵ ئەوەشدا خەمساردی و درێغی کردنی قوتابی لە ئامادەکردنی ئەرکەکانی بە درێژایی ساڵی خوێندن، پووچەڵکردنەوەی هەوڵ و ماندوویی مامۆستایە. قوتابی دەبێ پێشتر ئەوە بزانێت کە ئەو ماوە کەمەی تەرخانکراوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان مەبەست لێی فێربوون نییە، بەقەدەر ئەوەی دیاریکراوە بۆ پێداچوونەوە بەو بابەتانەی کە لەمیانی وانەکاندا خوێندراون. ئەگەر قوتابی پێشتر زانیارییەکانی میتۆدەکانی خوێندنی هەرس نەکردبێت و بە شێوازێکی زانستییانە وەری نەگرتبێت ئەوا زۆر سەخت دەبێت لەو چەند ڕۆژەدا فێریان ببێت. لە بەرامبەریشدا تێگەیشتنی پێشوەختە لێیان وادەکات تەنها پێداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی خێرا بەس بێت بۆ ئەوەی تەواوی ناوەڕۆکەکەی وەبیربێتەوە و ئامادە بێت بۆ وەڵامدانەوەی هەرچی پرسیارێك لە بارەیانەوە بێت. قوتابی نابێت وا بکات هیچ بابەتێك بەسەریدا تێپەڕێت تا بە تەواوی لێی تێنەگات و داوای دووبارە و سێبارەکردنەوەی لە مامۆستاکەی بکات، دانانی پلان و خشتەی پێداچوونەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوە گرنگە و بوونی کەشوهەوایەکی ئارام و بێ ژاوە ژاو کاریگەر و گرنگە بۆ قوتابی، باشترین کات بۆ خوێندنەوە کاتی بەیانی و ئێواران و شەوانە، بەڵام ئەوەندە کاتە تەرخان بکات کە مێشکی وەری بگرێت و گوشارێکی زێدە نەخاتە سەر خۆی و هەر کاتێك هەستی بە ماندوویی کرد پشوویەك بە مێشك و جەستەی بدات و پاشان دووبارە دەست بە خوێندن بکاتەوە، بە مەرجێك هەست بەوە بکات کە ئەوەی دەیخوێنێت لێی تێدەگات و لە هزر و بیریدا دەمێنێتەوە».

مەعروف حەمەد سەعید لە درێژەی قسەکانیدا



ڕوونیکردەوە کە:» تاقیکردنەوە خۆی لە پرۆسەیەکدا دەبینێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەست و پەیوەندیدارە بە مێشك و بیرکردنەوەی مرۆڤ، لەبەر ئەوە مەرجی یەکەم بۆ سەرکەوتن لەو پرۆسەیەدا بوونی دۆخێکی ئارام و جێگیرە بۆ دەروون و دوور کەوتنەوەیە لە دڵەڕاوکێ، بۆیە گرنگە قوتابی خۆی بەدوور بگرێت لە هەستکردن بە ترس و بیرکردنەوەی نەرێنی و ئەوەندەی مەسەلەی دووبارە بەبیرهێنانەوەی زانیارییەکان و نووسینەوەیان با ئەوەندە هەڵشاخان نەبێت بە چیایەکی ترس و لەرز و خۆ تۆقاندن. کاتێك قوتابی لەو پرۆسەیە دەترسێت ئەوا دەرەنجامەکەی باش نابێت و سەرکەوتوو نابێت بە تایبەت لە بابەتێك کە لاواز بووبێت، لاوازیی ئەو لە هەر بابەتێك فێرنەبوون و ڕانەهاتنیەتی لەکاتی خۆی کە بەسەریدا تێپەڕیوە بێ ئەوەی فێری بووبێت و لێی تێگەیشتبێت، بۆیە دەبێت هەمیشە هەوڵبدا هیچ بابەتێك بەسەریدا تێنەپەڕێت تا بە تەواوی لێی تێنەگات.

جیا لە ڕۆڵ و ئەرکی قوتابخانە لە پرۆسەی تاقیکردنەوەدا، زۆر پێویستەماڵباتیش (دایك و باوك) ڕەچاوی بارودۆخ و دەروونی قوتابی بکەن، کەشوهەوایەکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنن و بە ئاگا بن لەوەی لەکاتی ئەنجامدانی هەر هەڵوێستێکی نا پەروەردەییانە تێکچوونی شیرازەی بیرکردنەوەی قوتابی لێ دەکەوێتەوە. ئەو پێویستە پشت بەخۆی ببەستێت و ئەگەر لەگەڵ هاوڕێیە زیرەکەکانی گفتوگۆ بکا ئەوا سوودی هەیە بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانەی بیری چۆتەوە دیسان وەبیری بێنەوە.»

هاوکات گوتی: پێویستە قوتابی بۆ پەڕینەوە و دەرچوون لە بابەتەکان هیچ کات بیر لە گزیکردن (قۆپیە) نەکاتەوە، هەمیشە ئەوەی لەبیر بێت و لە ڕۆژانی خوێندنیش مامۆستایان ئەو بابەتە بەشێوازێکی زانستی و ئاقڵمەندانە بۆ قوتابیان شی بکەنەوە، جیا لە هەستی مرۆڤبوون و بەرپرسیاریەتی ویژدان دەرحەق بە خۆمان و دەوروبەرمان، لە ڕووی یاساییشەوە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەنجامدانی گزی لێپیچنەوە و سزادانی لەسەرە، چونکە دەبیتە هۆی زیانگەیاندن بە ئەمڕۆ و پاشەڕۆژی نیشتمان و نەتەوە و مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی. بۆیە ئەمساڵ وەزارەتی پەروەردە زۆر بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسیاری تاقیکردنەوەکان ڕێوشوێنی توند دەگیرێنەبەر، بە پشت بەستن بە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان ئاگاداری سەرجەم قوتابخانەکان و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستایان و قوتابیان کراوەتەوە، ئەویش بەپێی:

ماددەی (٨٣) یەکەم: هەر کەسێك دزە بە پرسیاری تاقیکردنەوەکان بکات یان زانیاری لەبارەیانەوە بدرکێنێت یان مامەڵەی پێوە بکات، بە بەندکردن بۆ ماوەی (٣) ساڵ کەمتر نەبێت سزا دەدرێت.

دووەم: ئەگەر هاتوو کەسەکە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئەندامی لێژنەی تاقیکردنەوەکان بوو یان تایبەتمەندبوو بە گواستنەوە یان پاراستن یان هەڵگرتنیان، ئەوا سزاکەی دەبێت بە دوو هێندە و بە تاوانی ئابڕووبەر ئەژمار دەکرێت و لە وەزیفەش دەر دەکرێت.

سێیەم: ئەگەر تاوانبار فەرمانبەر یان کارمەندێکی دیکەی حکومەت بوو، هەمان بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

چوارەم: ئەم تاوانە بە تێپەڕبوونی کات خەسڵەتی تاوانکاری لەدەست نادات.

هەروەها لە نووسراوی گشتاندنی بەڕێز نووسینگەی وەزیر و بەشی کاروباری تەکنیکی ئەزموونەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر ئاماژە بەوەش کراوە کە:

لە حاڵەتی ڕوودانی هەر کەیسێکی تاوانکاری لەو جۆرە پێویستە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ لە هەمان ڕۆژدا نووسراو ئاراستەی دادگەی لێکۆڵینەوەی ئەو سنوورە بکات کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە و تەواوی دۆکیۆمێنتەکانی هاوپێچ بکات بۆ دادگەی لێکۆڵینەوە و وێنەیەکی دۆکیۆمێنتەکان لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی پەروەردەی گشتی بپارێزرێت. قوتابی جیا لەوەی ساڵەکەی بۆ بەدەرنەچوون بۆ هەژمار دەکرێ لەڕووی یاساییشەوە تووشی سزا دەبێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ ژیر و هوشیار بن و بەهیچ شێوەیەك بیر لە گزیکردن نەکەنەوە.»

بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «ئەوەی لەسەر قوتابییە ئەوەیە دوای دابەشکردنی پرسیارەکان وڵامی ئەو پرسیارنە بداتەوە کە لەلای ڕوونن و دەیانزانێت و ئەو پرسیارانەشی کە نایزانێت لێی ورد بێتەوە و پەلەی لێنەکا، وڵامدانەوەی پرسیارە زانراوەکان خاڵی دڵخۆشی و مژدەبەخشە تاکو بە دەروونێکی هێمن و دڵخۆشییەوە بچێتە سەر ئەو پرسیارانەی کە پێویستیان بە لێوردبوونەوە و جەختکردنەوەی زیاترە، بەمە ئەوانی دیکەشی وەبیر دێنەوە و لە دڵەڕاوکێ ڕزگاری دەبێت.»

سەبارەت بە هەمان پرس مامۆستا فاخیر تۆفیق عەلی مامۆستای قۆناغی ئامادەیی لە ئامادەیی کوردستان لە شاری کەرکووك سەرەتا هیوای سەکەوتنی بۆ قوتابیان دەخوازێت و دەڵێت: «هیوای سەکەوتن بۆ سەرجەم قوتابییە ئازیزەکانمان دەخوازین بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان، تاقی کردنەوە بۆ قوتابی سەنگی مەحەکە بۆ تیگەیشتن و بڕینی قۆناغەکانی خۆیندن، بەڵام زۆرێك لە قوتابیان هۆشیاری و شارەزاییان لە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقی کرنەوەکان لە ئاستێکی وادانییە

**سەرکەوتنی مامۆستا لە گەیاندنی زانیارییەکانی ناوەڕۆکی میتۆدەکانی خوێندن و شارەزایی و زیرەکی و خۆشەویستی بۆ پیشەکەی و بۆ فێرکردن و تێگەیاندنی قوتابی، تا ڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتن و دەرچوونی قوتابی لە تاقیکردنەوەکانی بەدوادا دێت**

**جیا لە ڕۆڵ و ئەرکی قوتابخانە لە پرۆسەی تاقیکردنەوەدا، زۆر پێویستە ماڵباتیش ( دایک و باوک) ڕەچاوی بارودۆخ و دەروونی قوتابی بکەن، کەشوهەوایەکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنن**

**پێویستە قوتابی بۆ پەڕینەوە و دەرچوون لە بابەتەکان هیچ کات بیر لە گزیکردن (قۆپیە) نەکاتەوە، هەمیشە ئەوەی لەبیر بێت و لە ڕۆژانی خوێندنیش مامۆستایان ئەو بابەتە بەشێوازێکی زانستی و ئاقڵمەندانە بۆ قوتابیان شی بکەنەوە**

بۆیە، بەڕای زۆربێك لە مامۆستایان و دەروونزانان ئەگەر قوتابی ڕەچاوی ئەم چەند ڕێنماییە و هەنگاوانە بێت ئەتوانێ بە ئەندازەیەکی باش سەرکەوتن بەدەست بهێنێ بە پلەی بەرز لە تاقی کردنەوەکان.

پێش ئەنجامدانی تاقی کردنەوە پێنج تەکنیك هەیەکە بریتین لە:

١/ئاگاداربوون لە کات و شوێنی تاقی کردنەوە واتا ڕۆژ و کاتژمێر و ناوەندی تاقیکردنەوە و شوێنەکەی٠

٢/ئامادەباشی بەردەوام بۆ تاقی کردنەوە لە ڕۆژانی ئاسایی خوێندن ئاسانکاری دەبێت بۆ ئەنجامدانی لەهەر کاتێك بێت.

٣/تەرکیزی وورد لە کتێبی خوێندن دیاری کراو بۆ تاقی کردنەوە .

٤/خۆت تاقی کردنەوە بە خۆت بکە پێش تاقی کردنەوەکە بۆ زانینی ئاستی خۆت٠

٥/بە پاك و خاوێنی و پشوودان بە نیو کاتژمێر هەنگاو بنێ بۆ هۆڵی تاقی کردنەوە٠

هەروەها لەکاتی ئەنجام دانی تاقی کردنەوە بەهەمان شێوە پێویستە پێنج هەنگاو ڕەچاو بکرێ٠

*دوور کەوتنەوە لە دڵەڕاوکێ و خۆ تێکدانی دەروونی بەهەڵکێشانی هەناسەی قوڵ بە لەسەرخۆیی لە ١بۆ ٤

*پشت بە خوا بەستن بەوەی گرتنەبەری هۆکارەکانی سەکەوتن و خوێندنت ئەنجام دابێت.

*خوێندنەوەی پەڕی پرسیارەکان بە وردی و ڕێکخستنی کاتی دیاریکراو کە دیارکراوە.

*دڵنیا بێتەوە لە پرسیارەکە پێش وەڵام دانەوە. زانینی ژمارەی پرسیارەکان، زانینی نمرەی هەر پرسیارێك، دانانی خشتەیەك بۆ وەڵام دانەوە لەکاتی دیاریکراودا.

*بە خەتی جوان و ڕوون وەڵامەکانت بنووسە و پێداچوونەوەی بەردەوام و دەرنەچوون لە هۆڵی تاقی کردنەوە پێش کاتی تەواوبوونی تاقی کردنەوە.

سێیەم/ دوای ئەنجام دانی تاقی کردنەوە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێت:

*نە گەڕانەوە و خۆسەرقاڵ نەکردن بە گەڕان بەدوای وەڵامەکان، چونکە نیگەرانی و پەشێویت تووش دەبێت لەکاتی هەڵە بینن لە وەڵامەکانت.

*دەست کردنەوە بە خوێندنی وانەی داهاتوو.

* بەردەوام ئەوە بزانە کە تاقی کردنەوە مردن و ژیان نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنە لەو بوارە و زۆر بواری تر هەیە تۆ سەکەوتوون تێیدا.

*دووركەوتنەوە لە ڕێگەی نا یاسایی و ناشەرعی بۆ سەرکەوتن لە تاقی کردنەوە(گزی کردن) بە نموونە.

* بڕیاردان بە بەردەوامی لە کاروانی خوێندن و هەوڵدان و ئەنجامەکان غەیبە لای خوای گەورەیە، ئەوەی لەسەر قوتابییە ئەنجامدانی ئەرکەکانە.

مامۆستای وانەبێژ محەمەد عوسمان سەبارەت بە گرینگترین میکانیزمەکانی سەرکەوتنی قوتابی لە پرۆسەی تاقیکردنەوەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دەبێت باری دەروونیی قوتابی پارێزراو بێت و پلان بۆ پشووەکان دابنرێت، بۆ ئەوەی کەش و دوخێکی لەبار بێت. ئەم پرۆسە گرینگە بۆ قوتابی، بەڵام لەم پلانانەدا بە پێی دۆخ و سیاقی خێزان گۆڕانکاری ڕوودەدات، بۆیەش چەند میکانیزمێك هەیە دەبێت قوتابی پەیڕەوی بکات، بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات. لەوانە:

* پێویستە قوتابی لایەنی دەروونیی خۆی ڕێك بخات و دوور بکەوێتەوە لە گشت ئەو کێشە خودی و خێزانیانە کەوا بیر و عەقڵی داگیرکردوون، دەبێت تا کاتێکی دوای تاقیکردنەوەکان دوای بخات، هەروەها هەوڵدان و پاڵنەری لەلایەن ئەندامانی خێزان بۆ ئەوەی بە ورەیەکی زۆر پۆڵایین لە تاقیکردنەوەکان بەشدار بێت و ترس ڕێڕەوی ئامانجەکانی نەگۆڕێت. خێزانەکەی دەبێت کەشێکی ئارام و دوور لە ژاوەژاوی بۆ دروست بکەن، بۆیە ئامۆژگاریم وایە لە کاتی تاقیکردنەوەن سەردانییەکان کەم بکرێتەوە، پاداشتکردنی قوتابییش بە شێوازێکی زانستی و پەروەردەیی بکرێت بۆ ئەوەی پاڵنەری زیاتری هەبێت.

* قوتابی پێویستی بە پلانێکی توکمە هەیە بۆ چۆنیەتی خوێندنی بابەتەکان، بۆ ئەوەی بتوانێت بە گشت بابەتەکاندا پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری ئەنجام بدات، جگە لەمانە پێویستە پلانی شێوازی خوێندن لەگەڵ خشتەی تاقیکردنەوەکان ڕێك بخات، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت.

* قوتابی لە کاتی تاقیکردنەوەکان دەبێت زیاتر پلانی خەوتن و خواردن و پشووەکانی بە شێوەیەکی تۆکمە ڕێك بخات، بۆ ئەوەی بتوانێت گشت پلانەکانی توکمەتر بێت. شێوازی خەوتن کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لەسەر پرۆسەکە، چونکە پەیوەستە بە عەقڵ، بۆیە قوتابی پێویستە لە ماوەی٢٤کاتژمێر ٨ کاتژمێری تەندروست بخەوێت واتە دوای کاتژمێر١٠ی شەو نووستبێت، چونکە ئەو کاتە هۆرمۆناتی خەو دەرژێ بە سەر مێشکدا، مێشك نوێ دەبێتەوە و ئەگەر ماندووی بکەیت، خوێندن سوودی نابێت. لە بارەی خواردنیش پێویستە زیاتر گرینگی بە سەوزە و مێوە بدرێت، چونکە بڕێکی زۆری ڤیتامینی تێدایە و لە کاتی خوێندنی بابەتەکان بەسوودن، پێویستیشە هەوڵ بدرێت ژەمەکان لە کاتی خۆی بخورێت. لە بارەی پشووەکان پێویستە قوتابی دوای هەر کاتژمێرێك خوێندن پشوویەك بدات بە١٠خولەك بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت و بێزار نەبێت، چونکە گرینگترین میکانیزمی قوتابیی سەرکەوتوو لە تاقیکردنەوەکان ئەوەیە بە حەزەوە وانەکان بخوێنێت».

**لە ڕووی یاساییشەوە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەنجامدانی گزی لێپێچنەوە و سزادانی لەسەرە، چونکە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئەمڕۆ و پاشەڕۆژی نیشتمان و نەتەوە و مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی**

**هەر کەسێک دزە بە پرسیاری تاقیکردنەوەکان بکات یان زانیاری لەبارەیانەوە بدرکێنێت یان مامەڵەی پێوە بکات، بە بەندکردن بۆ ماوەی (٣) ساڵ کەمتر نەبێت سزا دەدرێت**

**تاقی کردنەوە بۆ قوتابی سەنگی مەحەکە بۆ تێگیشتن و بڕینی قۆناغەکانی خوێندن، بەڵام زۆرێک لە قوتابیان هۆشیاری و شارەزاییان لە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقی کرنەوەکان لە ئاستێکی وادانییە**

# کڕینی کاڵا بە شێوەی ئۆنڵاین لە سەرانسەری جیهان لە پەرەسەندندایە

بە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانەی سەردەمی تەکنەلۆژیا، کڕین و فرۆشتنی کاڵا لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە لە پەرەسەندندایە و لە ڕێگەی ڕێکلامەوە کاڵا و شتومەکی جۆراوجۆر خراونەتەڕوو و بە شێوەی ئۆنڵاین ئۆردەر دەکرێن، کەلوپەلی جوانکاری و چارەسەرکردنی پێست و تەنانەت دەرمانی خۆلاوازکردنەوە پانتاییەکی زۆری لەو بوارەی سۆشیال میدیا داگیر کردووە و، داخوازیی خانمان لەسەر ئەو کاڵایانە زۆرە. بەڵام پزیشکێکی بواری نەشتەرگەریی جوانکاری و ڕێککاری، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کڕینی دەرمان لە ڕێگای ئۆنڵاینەوە هەرگیز گونجاو نییە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئەو دەرمانانە دەبێت ئەو کۆمپانیانە بن، کە لە کوالێتیی کۆنترۆڵ تێدەپەڕن و لە لایەن پزیشک دەنووسرێت و لە دەرمانخانەکان دەفرۆشرێن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



د. لانە ڕەفیق پزیشکی شارەزا لە بواری نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێککاری، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە ئێستادا بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕێکلامکردن لە سۆشیال میدیا زۆر ئاسان بووە و هەموو جۆرە کاڵایەك نمایشی بۆ دەکرێت، بەڵام کڕینی دەرمان بە مەبەستی چارەسەرکردنی پێست، یان دابەزینی کێش لە ڕێگای ئۆنلاین هەرگیز گونجاو نییە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئەو دەرمانانە دەبێت ئەو کۆمپانیایانە بن کە بە کوالێتیی کۆنترۆڵ تێدەپەڕن و لەلایەن پزیشك دەنووسرێت و لە دەرمانخانەکان دەفرۆشرێن». هاوکات دەڵێت: «کوالێتیی کۆنترۆڵ لەلایەن حکومەت تەرخان کراوە بۆ پشکنینی هەر دەرمانێك کە دێنە ناو هەرێم، ئەویش بۆ دڵنیابوون لە دروستیی هەڵگیرانی و دڵنیابوون لە چۆنیەتیی گواستنەوەی لەگەڵ بەرواری بەسەرچوون، بۆیەش لە کاتی ڕوودانی هەر کۆمپلیکەیشنەك (موزاعەفات) هیچ وەزارەتێك بەرپرسیارەتی ئەو دەرمانانە هەڵناگرێ.

واتە پێویستە سەردانی پزیشك بكەن، بۆ هەر كێشەیەك لە پێست، یان بۆ دابەزینی كێش، تەنیا ئەو دەرمانانە بەكار بێنن كە لەلایەن پزیشكەوە بۆیان دە نووسرێت، چونكە لەوانەیە ئەو دەرمانانەی لە ڕێگای ئۆنلاینەوە دەفرۆشرێن، زیانبەخش بن و ئەنجامی باشیان نەبێت، هەروەها گەورە و بچووككردنەوەی سینگ و سمت لە ڕێگەی دەرمانە بازرگانیەكان بەبێ ڕێنمایی پزیشك دوورە لە زانست و كاریگەریی خراپی لەسەر هۆرمۆنی لەش هەیە، واتە سمت، یان سینگ ڕەنگە بە شێوەیەكی نەشیاو گەورە دەبێت، یان بە نایەكسانی، یانیش جەستەكە شێواو دەبێت».

شیلان ئاستەیی شارەزای بواری جوانكاری لە لەندەن، ڕای وایە: «ڕیكلام، یان نمایشكردنی (كوسمێتیك) دەرمانەكانی جوانكاری لە ڕێی ئینتەرنێت كارێكی سەردەم و گلۆباڵە لە جیهاندا بەگشتی، واتە نمایشكردن، ڕیكلام و ئوردەر، باڵیان بە سەر جیهاندا كێشاوە و بوونەتە جێگرەوەی بازاڕی كلاسیك بۆ كڕینی هەموو پێداویستییەك كە مرۆڤ پێویستی پێیە، سەرەڕای ڕەچاونەكردنی كوالێتی و ڕیكلامی بێ بنەما، بەتایبەت نیگەرانیی پزیشك و پسپۆڕی شارەزا لە كوردستان بەرەو هەڵكشانە، لەبەر ئەوەی كە زۆرێك لە بەكارهێنەری كوسمێتیك دەرمانەكانیان لە ڕێگەی وێبسایتە ئینتەرنێتییەكانەوە دەكڕن، بێ ئەوەی بزانن ئایا ئەوە ئۆرژیناڵە، ستانداردی جیهانییە، یان ساختەیە، بەڵام ئەو كۆمپانییانەی كوسمێتیك كە كوالێتیی بەرزیان هەیە، دیارن و ناوبانگیان هەیە و دیارە لە كام وڵات بەرهەم هاتوون و، نرخیشیان بە پێی كوالێتییە، بەڵام زۆر بە ئاسانی كوسمێتیكی نرخ بەرز بە ساختە دروست دەكرێت و، بە شێوەی ئۆنلاین دەفروشرێت، بۆیە دەبێت كڕیار زۆر ئاگادار بێت». گوتیشی: «من چەند وڵات كە خاوەنی بەرهەمهێنانی كوسمێتیكی بەرزن، پێم باشە بە هاووڵاتیان بناسێنم، بۆ ئەوەی ئاشنایی زیاتریان هەبێت. لەوانە: فەرەنسی، ئەڵمانی، ئەمریكی، كۆریای باشوور، پۆلەندی، ئیتاڵی و ئیسپانیاش بەرهەمی باشیان هەیە، خانمان و پیاوانی كوردستان ئەگەر بیانەوێت كوسمێتیك بە ڕێگای ئۆنلاین بەدەست بێنن، با هەمیشە سەیری بەكارهێنانی ئەو مەوادە بكەن، كە بە دوو زمانی جیهانی نووسراون، كە زیاتر ئینگلیزی و عەرەبین، زۆرجاریش فەرەنسی و ئەڵمانیش هەن. بەتایبەتی كرێمەكان، دژەخۆر، یان شامپۆی دەموچاوشوشتن دەبێت بە زمانێك لەو زمانانە نووسرابێت، چۆن بەكاری بێنی و دەبێت مەوادەكانی شی كرابێتەوە كە چی تێدایە، هەروەها بەكارهێنانی كرێمەكانی جوان ڕاگرتنی پێست زۆر گرنگە و دەبێت دوور بێت لە مەوادی ساختە و سپیكەرەوە، بۆ ئەوەی پێست تووشی لاواز بوونی خانەكان و گۆڕینی ڕەنگ نەبێت. من وەكو پسپۆڕێكی كوسمێتیك داواكارم لە بەكارهێنەرەكانی كرێمات خۆیان بپارێزن لەو هەموو ساختەكارییانەوە كە لە ڕێگای ڕیكلامەوە دەكرێن، دەبێت گرنگی بە ئۆرجیناڵبوونی و كوالێتییەكەی بدەن».



**كڕینی دەرمان بە مەبەستی چارەسەركردنی پێست، یان دابەزینی كێش لە ڕێگای ئۆنلاین هەرگیز گونجاو نییە**

**لەوانەیە ئەو دەرمانانەی لە ڕێگای ئۆنلاینەوە دەفرۆشرێن، زیانبەخش بن و ئەنجامی باشیان نەبێت**

**ئەو كۆمپانیایانەی كوسمێتیك كە كوالێتیی بەرزیان هەیە، دیارن و ناوبانگیان هەیە و دیارە لە كام وڵات بەرهەم هاتوون**

**زۆر بە ئاسانی كوسمێتیكی نرخ بەرز بە ساختە دروست دەكرێت و، بە شێوەی ئۆنلاین دەفروشرێت، بۆیە دەبێت كڕیار زۆر ئاگادار بێت**

سارا حسێن خۆراكناس و ڕاهێنەری وەرزشی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە ڕاستیدا هەڵەیەكی زۆر گەورەیە كە بە بێ بینینی پزیشكی پسپۆڕ و پشكنین، حەب و دەرمان ئەویش لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە وەربگرن، لەبەر ئەوەی كەس نازانێت لە چی دروست كراون، بەتایبەتی حەبی خۆلاوازكردن، كە ئەگەر كێشیش پێی دابەزێت، ئەوا ئاوی لەشە نەك چەوری، زۆر جاریش بۆ خانمان دەبێتە هۆی تێكچوونی هۆرمۆنات و لە كاتی وازهێنان لەو حەبە دووبارە كێشیان زیاد دەكاتەوە، بۆ كێش سەرخستنیش بە هەمان شێوە زیانی زۆری هەیە، ئەویش كە وازی لێ هێنا، دووبارە كێشی دادەبەزێتەوە، بۆیە بە ڕێگەی تەندروست و گۆڕینی شێوازی خواردن و خەو و وەرزشكردن كێش دادەبەزێت، نەك بە حەب، ئەگەر خۆتت خۆش دەوێت، حەب مەخۆ، ئاگات لە تەندروستیی خۆت بێت، زۆر جار قەڵەوی، یان بە بۆنەی تێكچوونی هۆرمۆناتەوەیە، یان زۆرخۆرییە، یان ویراسی و بۆماوەییە، هەمووشی بە گۆڕینی شێوازی ژیانكردن چارەسەر دەبن.

ئامۆژگاریم بۆ خانمان ئەوەیە خواردن و خەویان چاك بكەن، زۆر گرنگە لە سەعات ١٠ و ١١ی شەو بخەون و بەیانی زوو هەستن، لە شەودا growth hormon زیاد دەكات كە گەورەترین فاكتەری چەوری توانەوەیە، هەروەها وەرزشكردن هۆكارێكی سەرەكییە بۆ دابەزینی كێش، ئەوانەش كە خوازیاری كێش سەرخستنن، بە خواردنی سووركراوە و شیرینی نا، بەڵكو بە خواردنی تەندروست و وزرشكردن و خەوی باش دەكرێت كێشیان زیاد بكەن».

# مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان

هونەری شێوەکاری بە واتای ژیان دێت و ئەو کەسەشی کە کارەکە دەکات وەك پەیامبەرێك ئەوەی لە هزریدا گەڵاڵە دەبێت، لەسەر ڕووپەڕی کاغەزێك ڕەنگرێژی دەکات و وەڵامی پرسیارەکان و ئازار و مەرگەسات و خۆشییەکان تێکەڵ بە دونیابینیی خۆی دەکات و دەیگوازێتەوە سەر ڕووی تابلۆیەك و نیشانی دەوروبەری دەدات.

هەروەکو ئاشکرایە، هونەری شێوەکاری لە کوردستان تازەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ڕابردوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ناوچەیەی کە کورد تێیدا نیشتەجێ بووە، وەك جوگرافیا لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی (میزۆپۆتامیا)دا بەشێك بووە لەو مێژووە گەورەیەی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا لە هەموو سەردەمەکانیدا.

بەڵام بەهۆی شەڕ و ململانێی زلهێزەکانی دەورووبەرەوە هەمیشە دەستبەسەر بووە و، لە هەندێ کاتی مێژوویيدا کورد دەسەڵاتی خۆجێیی خۆی هەبووە و لە هەندێ کاتدا وەك داگیرکراو خۆی بینیوەتەوە.

بەپێی ئەو گەڕان و پشکنینانە کە ئیستا دەکرێت و ئەو پاشماوانە کە دەدۆزرێتەوە لەم ناوچەیەدا، چەندین ئاسەواری مێژوویی لەخۆ گرتووە کە دەیسەلمێنێت خەڵکی ئەو سەردەمە هونەریان بەرهەم هێناوە و پەیوەندییەکی زۆر باشیان هەبووە لەگەل هونەر و کاری هونەریی وەك پەیکەر و سیرامیك و کەلوپەلی ڕۆژانەی ناو ماڵ و خشڵ و زێر و زیو و بیناسازی.

لە هەموو سەردەمەکانی میزۆپۆتامیا و هەموو شارستانییەتەکاندا کە دەسەڵاتیان هەبووە وەك (بابل و سۆمەر و ئەکەد و ئاشورەکان) تا دەگاتە سنووری دەسەڵاتی یونان و ساسانییەکان و فیرعەونییەکان و چەندین شارستانیەتی گەورە و بچوکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لەو سەردەمەدا لەم ناوچەیە هەبووە، جێدەستیان دیار بووە.

هونەر بە گشتی و هونەری شیوەکاری بەتایبەتی بە قۆناغەکانی خۆیدا ڕۆیشتووە، وەك هەموو شارستانییەتەکانی دونیا هونەر تێکەڵاوی کۆمەڵگە بووە لە زۆربەی زۆری بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، وەك کەلوپەلی ڕۆژانە تا دەگاتە کۆشکی پاشاکان و مەلیکەکان و پەرستگاکانی خواوەند و شوێنە گشتییەکانی شارەکان.

بە هاتنی دەسەڵاتی ئیسلام بۆ ئەم ناوچەیە پێش ١٤٠٠ ساڵ گۆڕانکارییەکی گەورە ڕووی دا، بە تایبەتی لە بواری هونەری شێوەکاریدا کە دەتوانم بڵێم لاوازبوونی هونەری شێوەکاری بووە بە شێوەیەکی بەرچاو، کە وای لێهاتووە وێنەکێشان و پەیکەرسازی ببن بە شتێك و بابەتێکی قەدەغەکراو و نەفرەت لێکراو، و لە هەندێ شوێندا ئەو کارە هونەرییانەی کە هەبوون لەژێر بیانووی جوارجۆری دیندا هەمووی شکێندراو و لەناو براون، بەم شیوەیە هونەری شێوەکاری بووە بە شتێکی نامۆ و قەدەغەکراو بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە.

ئەم دەسەڵاتە ئایینییە وای کرد هونەری



موزەرفەر ئەحمەد عباس

بۆ گوڵانی نووسیوە



شێوەکاری زۆر لاواز ببێت و لە هەندێ قۆناغی مێژوویی دەسەڵاتە ئیسلامییەکاندا دابڕان و نەمان ڕووی دا، ئەم مێژووە بەم شێوەیە بەردەوام بووە تا ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەلایەن بەریتانییەکان و فەرەنسییەکانەوە، ئیدی جارێکی دیکە بەهۆی ئەم داگیرکردنەوە لەژێر ناوی ئیستعماردا بەتایبەتی لە ڕێگەی بەریتانییەکانەوە بۆ ناو عێراق، هونەری شێوەکاری هاتەوە ناوەوە.

لەبەر ئەو دابڕانە زۆرەی کە ڕووی دابوو لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا، بە شێوەیەکی نامۆ هاتووە و لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بە بەرگێکی ڕۆژئاوایی خۆی ناساندووە، لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستبوونی وڵاتی عێراق، هونەری شیوەکاری دروست بووەوە، بەڵام بە شێوەیەکی سست و لەسەر خۆ هەنگاوی ناوە.

لەساڵی ١٩٣٦ پەیمانگەی مۆسیقای نیشتمان دروست کراوە، لە ساڵی ١٩٣٩ بەشی وێنەکێشان و بەشی پەیکەرسازیی تێدا کرایەوە و، لە ساڵی ١٩٤٠ ناوەکەی گۆڕدرا بە پەیمەنگای هونەرەجوانەکان و عێراق پەیوەندیی کەلتووری و هونەریی لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆیدا دروست کردەوە، بە تایبەتی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بە ناردنی هونەرمەندانی عێراقی بۆ خوێندنی هونەر لە فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتالیا، و کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگە و خوێندنی وانەی هونەر لە هەموو بەشەکانی پەروەردەدا.

# ڕانیا تومی:
# خانەوادەکەم سەرەتا ڕەتیان کردەوە بچمە ناو بواری نواندنەوە



هەرچەندە بە یەکیک لە ڕۆژنامەنووس و مۆدێل و ئەکتەرە ڕەچەشکێن و سەرنجراکێشەکانی وڵاتی تونس دادەنرێت، بەڵام ڕانیا تومی لە دیمانەیەکدا ئاشکرای دەکات سەرەتا خێزانەکەی ڕەتیان کردووەتەوە بچێتە بواری نواندنەوە، هەروەها باسی لە سەرەتای هاتنە ناوەوەی بۆ بواری ڕاگەیاندن کردووە.

ڕانیا ئەلتومی لە میانەی دیمانە تایبەتەکەی بۆ قاهیرە ٢٤ گوتی: «لە نێوان میدیا و ئەکتەریدا من زیاتر لە حەزم لە نواندنە، دوای ئەوەی خوێندنم تەواو کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسم بەدەست هێنا، زۆر حەزم لە چوونە ناو بواری نواندن بوو، بەڵام لەلایەن خێزانەکەمەوە ئەم بیرۆکەیە ڕەت کرایەوە و ڕووبەڕووم بوونەوە، پێیان گوتم ئەمە کار نییە و تەنیا خولیایە، تۆ چیی لەم خولیایە دەکەیت».

ڕانیا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «لە تونس ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی بە توانا و ئەکتەر و دەرهێنەری گەورەی هەیە، بەڵام بەراورد بە میسر ژمارەکە زۆر کەمە، بۆیە ساڵانە تەنیا چوار یان پێنج زنجیرە دراما و کاری هونەری پێشکەش دەکرێن، ئەوانیش لە وەرزی ڕەمەزاندا، بەڵام لە میسر کاری هونەری بەردەوامە و نەبەستراوەتەوە بە وەرزێکی دیاریکراوەوە».

سەبارەت بە هۆکاری بە دەستنەهێنانی نازناوی شاجوانی تونس، ڕانیا تومی دەڵێت: «شاجوانی تونس یان شاجوان بە گشتی تەنیا لە فۆرمدا نییە و، ڕەچاوی کەلتوری خۆی و سرووشتی ئەو پرۆژەیە ناکات کە ئەو کەسە پێشکەش بە وڵاتەکەی و ناوبانگەکەی و خاڵە جیاوازەکانی دەکات، بۆیە شاجوانی دەبێت تەواو بێت، هەروەها جوانی بە تەنیا بەس نییە، کاتێك لە ئاوێنەدا سەیر دەکەم دەبینم کە من قبووڵکراوم و خودا لە باشترین فۆرمدا دروستی کردووم، ئەوە بۆ من گەورەترین دەستکەوتە، چونکە جوانی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا کاڵ دەبێتەوە، زۆر کچی جوان هەن، بەڵام ڕۆحیان پێچەوانەی جوانییەکەیانە، بەو پێیەی جوانیی ڕۆح بەشی هەرە زۆری جوانی مرۆڤ پێك دەهێنێت».



# ئەڤاتار کیت و کامیرۆنی بە یەک گەیاندەوە

ئەستێرەی سینەمایی کەیت وینسلێت لە نوێترین ڕۆڵی خۆیدا دووبارە گەڕایەوە، بەڵام جیاوازتر لە ڕۆڵی لە فیلمی تایتانیك، بەڵکو ئەم جارە لە فیلمی ئەڤاتاردا، بەپێی ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ئەو خانمە ئەکتەرە تەمەن ٤٦ ساڵە لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی تایتانیك لە ساڵی ١٩٩٧ مانگێکی لە ئاودا بەسەر برد و بەهۆیەوە نەخۆش کەوت و ماوەیەکی زۆریش لە ماڵەوە کەوت، بە جۆرێك کەسە نزیکەکانی ڕایانگەیاند ئەستەمە جارێکی دیکە کێت ڕۆڵێك ببینێت کە ئاوی تێدا بێت.

بەڵام ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی ئەستێرەکە لە ڕۆڵی نوێی خۆیدا لە درێژەی فیلمی داستانی ئاڤاتار کۆڵ بدات، ئەو ئەکتەرە خاوەن خەڵاتی ئۆسکارە و ڕۆڵی ڕۆناڵ دەگێڕێت، کە لە ژێر ئاودا پەیوەندییەکی نزیکی بە ناڤییەوە هەیە.

لەلایەکی دیکەوە هەر سەبارەت بە ئەڤاتار جەیمس کامیرۆن ئاشکرای کردووە کە فیلمی «Avatar 3»ی بە ڕێژەی ٩٥٪ تەواو بووە و نوێکارییەکانی سەبارەت بە زنجیرەکە پێشکەش کردووە لەکاتی گفتوگۆیەکی ڤیدیۆیی لەگەڵ ئارنۆڵد شوارزنەگەر حاکمی پێشووی کالیفۆرنیا، کە ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمی «The Terminator»ی کامیرۆندا گێڕاوە.

کۆمپانیای دیزنی لە مانگی تەمموزی ڕابردوودا ڕایگەیاندبوو کە زنجیرە فیلمی ئاڤاتاری بۆ ماوەی ساڵێك دواخستووە، واتە بڵاوکردنەوەی فیلمی ”Avatar 2“ لە ١٦ی کانوونی دووەمی 2022، ”Avatar ٣“ لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دانرابوو، فیلمی ”Avatar 4“ دەبێت لە ١٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٦ نمایش بکرێت، و ”ئاڤاتاری ٥“ لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٨.



# ئەستێرەی شانۆ



بینەری نمایشەکان و ڕەخنەگران لەوەدا کۆکن، هەوار فارس وەك ئەکتەر توانایەکی زۆر گەورەی هەیە، زۆر قووڵ و فراوان دەچێتە پێستی کاراکتەرەوە، کاتێك ئەو لەسەر تەختەی شانۆیە و لە گەرمەی نمایشدایە، زەینی بینەر ڕۆ دەچێتە ڕۆحی دەقەکەوە، دراما ئاوێتە بە جووڵەی جەستە و زمانی قسە کردنی دەبێت، ئیدی دیمەنی نمایش بە تەواوی ئەوە لە بیر ئێمەی بینەر دەباتەوە، کە ئێمە لە نێو هۆڵێکداین یان لەسەر شەقامێکین و تەماشای نمایشێك دەکەین. ئاستی بەرزی نواندن و جووڵەی بەهێز و پڕ واتای جەستەی هەوار و شۆڕ بوونەوەی بۆ نێو پێستی کاراکتەر، هەموو ئەمانە سەرنجی ڕەخنەگر و لیژنەکانی دادوەری و هەڵسووڕێنەرانی فیستیڤاڵەکانی شانۆیان لە ناوخۆی کوردستان و تەواوی ئەو وڵاتانەی هەوار نمایشی تێدا پێشکەش کردوون، ڕاکێشاوە، بۆیە لە زۆربەی ئەو فیستیڤاڵانەی هونەری شانۆدا، چ لە کوردستان یان لە وڵاتانی بیانی، بەشداریی تێدا کردوون، خەڵاتی بەدەست هێناوە.

هەوار، ئەستێرەکەی شانۆ ئەندامێکی چالاکی گرووپی هەوارە، لە لێدوانێکدا گوتوویەتی «بۆ ئەم ساڵ مۆنۆدرامایەك و نمایشێکی بە کۆمەڵمان هەیە، بۆ چەند وڵاتێکی عەرەبیش بانگێشت کراوین.» هەوار نایشارێتەوە «کارەکانی ڕابردووم زۆربەیان مایەی شانازیمن، هەرچەندە لە ماوەی ١٥ ساڵ کار کردنم لە شانۆ، بەرهەمی ئاست نزم و مام ناوەندیشم هەبووە، بەڵام وانەم

**ئەم دەستەواژەیە پڕ بە پێستی هەوار فارس، خاتوونە شانۆکاری شاری کەرکووکە. بۆ ماوەی دە ساڵ دەچێت، هەوار و گرووپی شانۆی هەوار (تیپێکی شانۆی شاری کەرکووکە، ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە)، لە ئاستی کوردستان و وڵاتانی عەرەبدا، نوێنەرایەتیی شانۆی کوردستان دەکەن. بەهرە و توانای بەرزی ئەم شانۆکارە لە نواندن و بەرجەستە کردنی کەسایەتیی ئەو کاراکتەرەی لە هەر دەقێکدا پێی دەسپێردرێت، ئەوی گەیاندووەتە پێگەی پێشەنگی شانۆی کوردی لە شاری کەرکووك و تەنانەت لە ئاستی باشووری کوردستانیشدا.**

**تاریق کارێزی**

لێ وەرگرتوون، لە کارەکانی دواترم وەك ئەکتەر کارم لە سەر توانا و بەهرەی خۆم کردووە، تاکوو هەنگاو بەرەو پێش بنێم و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنم.» هەوار دەشڵێت «هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەم، لە چەند ساڵی ڕابردوودا توانیومانە شانۆی کوردی بە وڵاتانی جیهان بناسێنین، لە زۆربەی ئەو فیستیڤاڵانەش ناسنامەی کوردانەی خۆمان لە نمایشەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و بێ خەڵاتیش بۆ کوردستان نەگەڕاوینەتەوە.»

هەوار فارس شانۆکاری ناسراوی کەرکووك، ساڵی ١٩٩٢ لە هەولێر لە دایك بووە، بەشی شانۆی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکووك تەواو کردووە، ئێستا لە بەشی فیلمسازیی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی دەخوێنێت. ماوەی ١٤ ساڵە لە شانۆدا کار دەکات، «لە ٢٠٠٩وە بە شێوەیەکی ئەکادیمی خەریکی شانۆم». ئەو جگە لە بەهرەی شانۆ، ئەکتەرێکی بە توانای سینەما و میدیاکارێکی بە تواناشە. گرووپی شانۆی هەوار لە ٢٠١٤ دامەزراوە، لە فیستیڤاڵەکانی شانۆ لە میسر، تورکیا، ئێران، ئیمارات، ئوردن، لوبنان و توونس نمایشیان پێشکەش کردووە. هەوار وەك ئەستێرەیەکی گرووپەکە، تا ئێستا گەلێك خەڵاتی بەدەست هێناوە. بۆ نموونە ٢٠٢١ خەڵاتی یەکەمی باشترین کچە ئەکتەری لە فیستیڤاڵی بەغدا، لە هەمان ساڵدا خەڵاتی لیژنەی دادوەریی لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی قاهیرە، ساڵی ٢٠٢٢ خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەری لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی لوبنانی، بەدەست هێناوە. ئەم ساڵیش لە فیستیڤاڵی شانۆی عیراقدا کە ١٤ پارێزگای وڵاتەکە بەشدارییان تێدا کرد، هەوار لە نمایشی (کورسییەکان) خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەر و نەژاد نەجم دەرهێنەری دەقەکەش، خەڵاتی یەکەمی باشترین دیزاینی دیکۆری بەدەست هێنا. (٤٩) ساڵ بەر لە ئێستاش، لە یەکەمین فیستیڤاڵی ڕۆشنبیریی کوردی کە هەر لە شاری بەغدا بەڕێوە چوو، شانۆکارانی کەرکووك خەڵاتی زێڕینی شانۆیان بەدەست هێنا. ئەو خەڵاتانەی کەرکووك لە ماوەی نیو سەدە بۆ شانۆی کوردی بەدەستی هێناون، ئاماژەیەکی بەهێزە کە ئەم شارە لە مێژووی شانۆی کوردیدا ئامادەییەکی بەهێز و کارای هەیە.



ئەوین ئامانج :
یاریزانی کاراتێ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# ئامانجی گەورەم هەیە و هەوڵ دەدەم ئەنجامی بەرز بەدەست بهێنم



**یاریی کاراتێ یەکێك لە یارییە بەرگری و جەنگییەکانە کە یاریزانە کچەکانی شارەکانی کوردستان هەمیشە بە شەوقەوە ڕوو لەم یارییە دەکەن و، دەتوانن لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەش ئاست و ئەنجام و مەدالیای جۆراوجۆر بەدەست بهینن، جگە لەوەی کە وەکو پێویست خول و پاڵەوانێتی ئەنجام نەدراوە لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵام کچە یاریزانانی کوردستان بەردەوامن لە ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانیان، بۆ ئەوەی هەموو کات ئامادەبن، یانەی پێشمەرگەی سلێمانیش یەکێکە لەو یانانەی کوردستان، کە بەردەوام گرنگی بە یارییە بەرگرییە جەنگییەکان دەدات، یەکیك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (ئەوین ئامانج)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ پاریزگاری سلێمانییە و یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە، خاوەنی چەندین مەدالیای جۆراو جۆرە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد و ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

■ **دیمانە: کارزان کانەبی**

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی کاراتێ چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**

- بەهۆی زیادبوونی ژمارەی کچە یاریزانان، ئاستی کاراتێ لە چاو ساڵانی پێشتر بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- ئەنجامدانی پاڵەوانێتی هۆکارە بۆ ئەوەی یاریزان چاوی بکرێتەوە و بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە ببینیت، بێگومان ئەگەر پاڵەوانێتی نەکرێتەوە ئاستی یاریزانان زۆر دادەبەزێت.

*** پیت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی کاراتێ کچان بەرەوپیش بڕوات؟**

- بۆ ئەوەی ئەم یارییە بەرەوپێش بچێت، پێویستمان بە پاڵەوانێتیی دەرەوەی وڵات هەیە.

*** گرفتی یاریی کاراتی لە چیدا دەبینیت؟**

- گرفتی زۆر لە ئاست یاریی کاراتی کچاندا هەیە بەهۆی ئەوەی عێراق زیاتر گرنگی بە بەشی کوڕان دەدات و گرنگی بە ئاستی کچان نادات، ئەوەش گرفت بۆ ئێمەی کچان دروست دەکات.

*** لە هیچ یانەیەك داوای گرێبەستت لێ کراوە؟**

- نەخێر تاکو ئێستا بۆم نەهاتووە.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- ئامانجی گەورەم هەیە و هەوڵ دەدەم ئەنجامی بەرز بەدەست بهێنم.

*** سەرکەوتن چیت پێ دەبەخشێت؟**

- سەرکەوتن هانم دەدات بۆ بەرەوپێشچوون و ئامانجی زیاترم دەداتێ بۆ هەوڵدان و گەیشتن بە ئەنجامی گەورە.

*** داواکاری و پێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکارم لە لایەنی بەرپرسی وەرزشی زیاتر گرنگی بدەن بە یاریی کاراتی کچان و لەم قۆناغە بیبەنە قۆناغێکی باشتر.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتوو؟**

- وەکو یاریزانێك خەونم ئەوەیە پلەیەکی باش بەدەست بهێنم لە پاڵەوانێتییەکاندا.

*** ئەنجامەکانت وەکو پێویستن؟**

- لە پاڵەوانێتیی عێراق پلەی یەکەم بەدەست هێناو، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقیش خاوەنی چواردە مەدالیای جۆراوجۆرم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتەی بە وەرزشکارانی کوردستان دەکەن، هەر سەرکەوتووبن.

# تیروپشکی جامی جیهانیی لاوان راکێشرا و عێراق لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی زەحمەتەدایە

**هەفتەی ڕابردوو لە سویسرا تیروپشکی جامی جیهانی لاوان ڕاکێشرا بە بەشداریکردنی (٢٤) هەڵبژاردە بەسەر شەش کۆمەڵە دابەشکران لە هەر کۆمەڵەیەک دوو هەڵبژاردە سەردەکەوێت بۆ قۆناغی (١٦) لەگەڵ باشترین (٤) هەڵبژاردەی خاوەن پلەی سێیەم.**

ئا: ڕێبین رەمزی

وا بڕیار بوو یارییەکانی جامی جیهانی لاوان لە وڵاتی ئەندونسیا ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی سەرکەوتنی هەڵبژاردەی ئیسرائیل ئەم وڵاتە ڕەتیکردووە پێشوازی لە هەڵبژاردەی ئیسرائیل بکات دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان فیفا و حکوومەتی ئەندونسیا نەگەیشتنە ڕێکەوتن فیفا بەفەرمی مافی مێوانداریکردنی جامی جیهانی لە وڵاتی ئەندنوسیا کشاندەوە، هەروەها هەڵبژاردەی ئەندونسیا لە پاڵەوانێتیەکە دوورخستەوە و هەروەها بریاردرا ئەرژەنتین مێوانداری جامی جیهانی بکات و هەڵبژاردەکەی لە شوێنی ئەندونسیا بەشداری لە مۆندیال بکات.
وا بریارە هەریەکە لە شارەکانی (لابلاتا، میندۆزا، سان خوان، سانتیاگۆ دیل ئەستێرۆ) مێوانداریی یارییەکان دەکات و ڕۆژانە چوار یاری ئەنجام دەدرێت.
وا بڕیارە جامی جیهانی لاوان لە (٥/٢٠) تا (٦/١١) ئەمساڵ ئەنجام بدرێت و یاریکردنەوەی پاڵەوانێتییەکە لە رۆژی (٥/٢٠) لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی (ئەرژەنتین و ئۆزباکستان) ئەنجام دەدرێت.
ئەنجامی تیروپشک بەمشێوەیە بوو:

کۆمەڵەی یەکەم: ئەرژەنتین، ئۆزباکستان، گواتیمالا، نیوزلەندە
کۆمەڵەی دووەم: ئەمەریکا، ئیکوادۆر، فیجی، سلۆڤاکیا
کۆمەڵەی سێیەم: سەنیگال، ژاپۆن، ئیسرائیل، کۆلۆمبیا
کۆمەڵەی چوارەم: ئیتاڵیا، بەرازیل، نێجیریا، دۆمینیکان
کۆمەڵەی پێنجەم: ئۆرگوای، عێراق، ئینگلتەرە، تونس
کۆمەڵەی شەشەم: فەرەنسا، کۆریای باشوور، گامبیا، هیندۆراس

هەڵبژاردەی عێراق بۆ جاری پێنجەم بەشداری لە جامی جیهانیی لاوان دەکات دوای ئەوەی توانی لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا پلەی دووەمی بەدەستهێنا بە ڕاهێنەرایەتی (عیماد محەمەد).
لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا (٤) یاریزانی کورد بەشداریکرد ئەوەیش هەرەیەکە لە یاریزانان(عەبدولقادر ئەیوب، مستەفا قابیل، ئیسماعیل ئەحمەد، عومران زەکی).
چاوەڕوان دەکرێت لە جامی جیهانی ژمارەی یاریزانە کوردەکان زیاتربکرێت، کاتێک کۆمەڵەیەک یاریزانی کورد، کە لە خولەکانی ئەوروپا یاری دەکەن بانگهێشتی هەڵبژاردەی لاوان کرا هەرەیەکە لە یاریزانان (عەبدولقادر ئەیوب، مستەفا قابیل، ئیسماعیل ئەحمەد، عومران زەکی، یوسف ئەمین، رۆمان دۆلاشی، ئاڵای فازیڵ).





# بەفەرمی کوردستان مافی میوانداریکردنی یارییەکانی جامی کۆنیفای ٢٠٢٤ی وەرگرت

وەرگرتنی مافی میوانداریی یارییەکانی کۆنیفا دوای ئەو سەردانەی سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کۆنیفا هات، کە مانگی ڕابردوو سەردانی شارەکانی هەرێمی کوردستانی کرد شاندی کۆنیفا بە زانیاری لەسەر هۆتێل، ناوچە گەشتیارییەکان، ژێرخانی وەرزشی گەڕانەوە سوید و هەفتەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیان واژۆیان لەسەر داواکارییەکەی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەچوونی یارییەکانی کۆنیفا مۆرکرد.

تاریق عەبدولڕەحمان سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: دڵخۆشین بەو مافەی پێمان دراوە و ئێمە شایستە بووین بۆ میوانداریکردنی یارییەکانی کۆنیفا، بە هەموو شێوەیەک لە ئاست ئەو بەرپرسیارییەتەدا دەبین.

وا بڕیارە یارییەکانی جامی کۆنیفا لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤ لەسەر یاریگەکانی فرانسۆ هەریری، سلێمانی، دهۆک لەگەڵ زاخۆ بەڕێوەبچن.

تاریق عەبدولڕەحمان زیاتر گوتی: چوار یاریگەی سەرەکی یارییەکانی تێدا بەڕێوەدەچن، لە هەر شارێک چوار یاریگە بۆ ڕاهێنان و ئامادەکاری هەڵبژاردەکان ئامادەکراون، بەپێی دوایین ئامار ١٥ هەڵبژاردەی هەرێمەکانی جیهان ئامادەن لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی جامی کۆنیفا.

دووەم جارە کوردستان میوانداری ئەم جۆرە پاڵەوانێتییە دەکات، پێشتر جامی ڤیڤای تایبەت بە هەرێمەکانی جیهانی کرد و هەڵبژاردەی کوردستان نازناوەکەی بەدەستهێنا.

سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان، ئەوەشی نەشاردەوە لە دوای تەواوبوونی یارییەکانی وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی کوردستان ڕاهێنەر و یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان دەستنیشان دەکەن و دەیانەوێت ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی جامی کۆنیفا بکەن.

لە کۆتایی قسەکانیدا تاریق عەبدولرەحمان گوتی: بەبۆچوونی خۆم دەستنیشانکردنی ڕاهێنەری بیانی باشترین پێشنیارە بۆ ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕاهێنەرەکانی خۆمان.






# هەولێر دەچێتە قۆناغی باشتر

هەر چەندە یانەی هەولێر لە دوای هێنانی ستافی ڕاهێنەرانی تازەی یانەکە لە خولی نایابی عێراقی ئاست و ئەنجامی بەرەو باشتر چووە، لە چاو یارییەکانی ڕابردووش ئاستی چووەتە قۆناغێکی دیار و کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر دەکات لە خولەکە، ڕەوا یوسف یەکێك لە یاریزانە دیارەکانی یانەکە لە بارەی بارودۆخی تیپەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکە بەرەو باشتر ڕۆیشتوە و یاری بۆ یاری ئاستمان دەگۆڕێت، لەو بڕوایەشم بۆ ساڵانی داهاتوو هەولێر یەکێك دەبێت لە یانە بەربژێرەکانی بەدەستهێنانی نازناوی خولی عێراقی، بۆ ئەمساڵیش چاومان لە جامی عێراقییە، چونکە قۆناغی باشمان بڕیوە»، لەبارەی گرفتەکانی یانەکەش گوتی: «تەنیا گرفتی مووچەکانمان هەیە، پەنا بەخودا ئەویش چارەسەر دەکرێت، هەموو یاریزانێك چاوی لەوەیە بگاتە هەڵبژاردەی عێراقی، منیش یەکێك لەو یاریزانانە دەبم کە خۆم ماندوو دەکەم بۆ ئەوەی بتوانم درێسی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی بپۆشم، پێشبینیم بۆ ئەنجامی تیپەکەمان ئەوەیە کە بتوانین بگەینە خانەکانی پێشەوە».

# یانەی برادۆست گرنگی بە یارییە تاکەکان دەدات

یانەی وەرزشیی برادۆستی پارێزگای کەرکووك ئەم وەرزە بەشداربوو لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بەڵام بەهۆی گرفتە داراییەکان لە قۆناغی دووەم نەیتوانی یارییەکانی تەواو بکات، لەگەڵ ئەوەشدا یانە کە لە ئێستادا دەیەوێت گرنگی بە یارییە تاکەکان لە بەرامبەر تیپە کۆمەڵەکان بدات، لەسەر دۆخی یانەکە بە گشتی محەمەد بەرزنجی سەرۆکی یانەی وەرزشی برادۆست بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «پیلانێك دژی یانەی برادۆست دروست کرا بە نیازی ئەوەی یانەکە نەمێنێت و ناشیرین بکرێت، یانەکانی دیکەش قەرزارن و مووچەیان نەداوە کەسیش باسیان ناکات، فۆکەسەکە هەمووی لەسەر یانەی برادۆستە، سوپاس بۆ خودا توانیمان گرفتەکانمان چارەسەر بکەین و هەنگاو بە هەنگاو ئاستمان باشتر بکەین، لە ئێستاشدا گرنگی بە یارییە تاکەکان دەدەین و لە ماوەی ڕابردووش لە حەوت چالاکی بەشدار بووین لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق، ئەنجامی باشمان بەدەست هێناوە لە تۆپی سەرمێز و جۆدۆ و گۆڕەپان و مەیدان لە هەمووی ئەنجامەمان هەبووە، هەنگاو بە هەنگاو گرنگی بە یارییەکانی تریش دەدەین»، لەبارەی تیپی تۆپی پێی یانەکەش گوتی: «لە ئێستادا پلانی ئەوەمان هەیە تەنیا هەندێك لە یارییەکان گرنگی پێ دەدەین، بەڵام بۆ تۆپی پێی لە داهاتوودا پلانمان دەبێت پەرە بە تیپەکە بدەینەوە و بە باشی بگەڕێنەوە نێو کێبڕکێیەکان، بۆ ئێستا هیچ تیپێکی تۆپی پێی دورست ناکەینەوە، جێگەی ئاماژە پێکردنە یانەی برادۆست لە دواین یاریی تیپەکە لە قۆناغی یەکەمدا توانی بە ئەنجامی (٣-٠)گۆڵ لە زانکۆی جیهان بباتەوە، بەڵام بەهۆکاری زۆربوونی گرفتەکان تیپەکە بەشداریی یارییەکانی قۆناغی دووەمی نەکرد و هەردوو یانەی برادۆست و زانکۆی جیهان دابەزین بۆ ڕیزی یانە پلە دووەکانی کوردستان».





## ئاسۆ ڕۆستم:

# دەمەوێ یارمەتی یانەی شورتە بدەم

دوای ئەوەی بەهۆی کێشەکانی ڕیزی یانەی سالمییەی کوێتی جێهێشت هەر چەندە ئەم وەرزە چەند یانەیەکی عێراقی کێبڕکێی بەدەستهێنانی تواناکانی یاریزانی کوردی شاری سلێمانی ئاسۆ ڕۆستەمیان دەکرد، بەڵام دواجار یانەی شورتە توانی ئەم ئەستێرە کوردە بگوازێتەوە ڕیزی تیپەکەی، لە ئێستاشدا یانەکە کێبڕکێی بەدەستهێنانی خولی عێراقی دەکات، لە بارەی یارییەکانی خولی عێراقیش ئاسۆ ڕۆستم بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: « لەگەڵ یانەی شورتە بەردەوامم لە ئەنجامدانی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، هەر چەندە لە قۆناغی دووەم شەش گۆڵم لەگەڵ تیپەکە تۆمار کردووە، بەڵام دەمەوێ هاوکاریی تیپەکەم بکەم بۆ گەیشتن بە ئەنجامی شایستە، خولی عێراقی خولێکی بەهێزە و پڕ لە کێبڕکێیە لە نێوان یانەکانی عێراقدا، یانەی شورتەش یەکێك لە یانە بەهێزەکانی عێراقە و دەیەوێت ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، منیش دەمەوێت لەگەڵ یانەکە باشترین ئاست و ئەنجام بەدەست بهێنم، لەگەڵ یانەکەش ئاسوودەم و هیچ گرفتێکم نییە، تەنیا دەمەوێ ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، سەرجەم یانەکانیش خاوەن پێکهاتەی بەهێزن لە خولەکە، یانەی شورتەش یانەیەکی بەهێزە و بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی باش دەدات لە خولەکە تا زیاتر لە ڕیزبەندی یانەکان بچینە پێشەوە».



# ١١ ڕێگە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو

نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، نەخۆشییەکی درێژخایەنە و تووشی ملیۆنان کەس لە سەرتاسەری جیهان بووەتەوە کە ئەگەر بە باشی کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا دەبێتە ئەگەری ئاڵۆزیی وەك: پەککەوتنی گورچیلە، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، ئاوی ڕەش Glaucoma و ئاوی سپی Cataract چاو، هەروەها نەخۆشیی دڵ. ئەمەش ڕوونە کە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو مەیلی زگماکیی هەیە و تەمەن هۆکارێکی هاندەرە، ئەم دوو فاکتەرە هیچیان لەگەڵدا ناکرێت و ناتوانرێت کە ڕێگەیان لێ بگیرێت، بەڵام گۆڕینی گەلێك لایەنی ستایلی ژیان کاریگەریی ئەرێنییان هەیە بۆ خۆپاراستن، کە بریتین لە: کەمکردنەوەی هەموو جۆرێکی خۆراکی کاربۆهیداتی کە دەبنە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، ڕۆژانە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی کە هاندەرە بۆ زیادکردنی هەستەوەریی خانەکان بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، زیاد خواردنەوەی ئاو وەکو سەرەکیترین شلەمەنی، کەمکردنەوەی کێشی زیاد، دوورکەوتنەوەی یەکجارەکی لە جگەرەکێشان، کەمکردنەوەی قەبارەی خۆراك لە هەر ژەمێکدا، دوورکەوتنەوە لە ستایلی تەمبەڵیی فیزیکی بەتایبەتی زیاد دانیشتن و زیاد نووستن.







# ئایا پۆدرەی منداڵ بێ زیانە؟

پۆدرەی منداڵ Baby powder بەکاردێت بۆ ڕێگرتن لە سووتانەوەی پێستی پەیوەست بە بەکارهێنانی دایاپەر (حەفازە)،پۆدرەی منداڵ بەگشتی دوو جۆرن: ئەو جۆرانەی کە ماددەی تالك Talc لەخۆدەگرن و ئەو جۆرانەی کە ماددەی تالك لەخۆناگرن. تالك کە بە کانزای گڵ Clay mineral ناسراوە، پێکهاتووە لە مەگنسیۆم، سیلیکۆن، هایدرۆجین، لەگەڵ ئۆکسجین. ئەو پۆدرانەی کە تالك لەخۆناگرن ئەمانەن: نیشاستەی گەنمەشامی، پاودەری کێك، پاودەری سیلیکەیت کە بە گڵی کائۆلین Kaolin ناسراوە، نیشاستەی برنج، هەروەها ئاردی شوفان. هەڵمژینی پاودەری منداڵ مەترسیدارە، بۆنموونە هەڵمژینی تالك لە لایەن منداڵ یان دایکەوە دەبێتە هۆی گرفت لە سییەکاندا، بە شێوەی کۆکە و هەناسەتەنگی، هەروەها هەڵمژینی جۆرەکانی دیکەی پۆدرەی بێ تالك گرفت بۆ کۆئەندامی هەناسە پەیدادەکەن، لە لایەکی دیکە پسپۆران تێبینیی ئەمەیان کردووە کە هەندێك جار لەوانەیە تالك بە ئەسبێست ئالوودە بێت، لێرەدا مەترسی هەڵمژینی ئەسبێست Asbestos دێتە پێشەوە کە ماددەیەکی شێرپەنجەییە. جێگرەوەکانی پۆدرەی منداڵ بۆ ڕێگرتن لە سووتانەوەی پێست: وشك ڕاگرتنی دایاپەری منداڵ بە پێی توانا، شووشتنی لەشی منداڵ پاش گۆڕینی دایاپەر تەنیا بە ئاو یان سڕینەوە بە قوماشێکی وشکی نەرم، لەگەڵ نەبەستنی دایاپەر بە توندی.




# سوودە تەندروستییەکانی لەزگەی لووت

لەزگەی لووت Nasal strips بریتییە لە شریتێك کە وەکو سپرینگ کاردەکات، ڕاستەوخۆ پێش نووستن دادەنرێت بۆ فراوانکردنی ڕێڕەوەی لووت بەمەبەستی ئاسانکردنی هەناسە بە ڕێگەی لووت. لەزگەی لووت بە قەبارەی جیاواز بەردەستە، بێ بەکارهێنانی هیچ دەرمانێك بە ئاسانی دادەنرێت، هەروەها زیانی لابەلای کەمی هەیە و دەتوانرێت کە بۆ ماوەی ١٢ کاتژمێر بەکاربێت. ئەمە سەلمێنراوە کە بەکارهێنانی لەزگەی لووت سوودی بۆ سووککردنی حاڵەتەکانی گیرانی لووت و باشترکردنی کوالێتیی خەو هەیە، هەروەها کەمکردنەوە یان نەهێشتنی پرخە Snor-ing و سووککردنی نیشانە هاوکاتەکانی پرخە وەکو باشترکردنی هەناسە لە حاڵەتەکانی هەناسەتەنگیی سووك لەکاتی خەودا، بەتایبەتی ئەو جۆرە پرخەیەی کە هۆکارەکەی لە خودی لووتدایە، وەکو: گیرانی لووت، هەڵامەت یان ئەنفلوەنزا، هەستەوەری درێژخایەن، تەسکبوونەوەی دەرچەکانی لووت، لەگەڵ خواربوونی بەربەستی لووت.

# خۆراکە گونجاوەکان بۆ ژەمی بەیانی

ژەمی بەیانی گرنگترینی ژەمە سەرەکییەکانە، خۆراکی تەندروست هەڵبژێرە کە وزە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بۆ لەش دابین بکات، بۆنموونە خۆراکی دەوڵەمەند بە ریشاڵ، پرۆتین، چەوریی تەندروست، لەگەڵ ڤیتامین و کانزا و ماددە دژەئۆکسانەکان، هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە خۆراکی پڕ شەکر و کاربۆهیدراتی سافکراو و چەورییە ناتەندورستەکان. خۆراکە تەندروست و گونجاوەکان بۆ ژەمی بەیانی: هێلکە کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی پرۆتینە لەگەڵ ماددەی خۆراکیی گرنگی دیکە کە هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر دەهێڵنەوە، ماست بەتایبەتی ماستی گریکی Greek yogurt کە ڕێژەیەکی بەرزی پرۆتین وپرۆبایۆتیکی Probiotics تایبەت لەخۆدەگرێت، کە هانی تەندروستیی ڕیخۆڵە دەدەن، قاوە کە دەوڵەمەندە بە ماددەی کافائین کە هاندەرە بۆ زیادکردنی ئاستی تەرکیزی مێشك و توانای فیزیکی هاوکات لەگەڵ خۆپاراستن لە نەخۆشی، نان یان تۆست کە لە ئاردی گەنمی تەواو دروستکرابن، شوفان کە چەندین ڤیتامین و کانزا و ڕێژەیەکی بەرزی لە بیتا گلوکان Beta glucan تێدایە کە جۆرێکی ریشاڵە و ئاستی کۆلیستیرۆڵ دادەبەزێنێت لەگەڵ زیادکردنی هەستی تێربوون، پەنیری کۆتاج Cottage cheese کە ڕێژەیەکی بەرزی پرۆتین لەخۆدەگرێت و هەستی برسیبوون بەڕێژەیەکی بەرز کەم دەکاتەوە، کاکڵەکان کە ماددەی خۆراکیی گرنگ لەخۆدەگرن و ئەگەری نەخۆشیی دڵ کەم دەکەنەوە لەگەڵ هاندانی تەندروستیی مێشك، چای سەوز کە کافائین و ماددە دژەئۆکسانەکان لەخۆدەگرێت، کە ڕۆڵیان هەیە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، میوەی جۆراوجۆر کە دەوڵەمەندن بە ڤیتا مین، کا نزا، لەگەڵ ماددە دژەئۆکسانەکان.







## باشترین سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین C

ڤیتامین C کە بە ترشی ئەسکۆربیك Ascor-bic acid ناسراوە، لە ئاودا دەتوێتەوە، سیفەتی دژەئۆکسانی بەهێزی هەیە، لە لەشدا ڕۆڵی زۆری بۆ ئەنجامدانی گەلێك فرمانی گرنگ هەیە، بۆنموونە پاراستنی خانەکانی لەش لە کاریگەریی فشاری ئۆکسان، رکۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، هاندانی هەڵمژینی کانزای ئاسن لە کۆئەندامی هەرسدا، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، پاراستن و باشترکردنی تەندورستیی پێست، پاراستنی تەندروستیی بۆڕییەکانی خوێن، پاراستنی تەندروستیی ئێسك و کرکراگەکان، هەروەها هاندانی زوو چاکبوونەوەی برین. ڤیتامین C لە لەشدا خەزن ناکرێت بۆیە پێویستە کە ڕۆژانە بە بڕی پێویست لە خۆراکەوە وەربگیرێت، پێویستیی ڕۆژانە بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٩٠ ملگم بۆ پیاو و ٧٥ ملگم بۆ ئافرەت، بۆ کەسانی جگەرەکێش ١٢٥ ملگم، هەروە ها بۆ ئافرەتی دووگیان ٨٥-١٢٠ ملگم. دەوڵەمەندترین سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین C بریتین لە: برۆکۆلی، کیوی، بیبەری شیرینی ڕەنگاوڕەنگ، کاڵەك، میوە مزرەکانی وەکو پرتەقاڵ و لیمۆ و لالەنگی، قەرنابیت، ئەناناس، فەراولە، گرێپ فروتی پەمەیی، میوەی پاپایا Papaya، پەتاتە، تەماتە.



## بۆچی پێویس

لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە پێویستە جلی نوێ بەر لە پۆشین بەلای کەم جارێك بشوردرێت، بۆنموونە پرۆفیسۆر فیلیپ لێپرسراوی بەشی میکرۆبزانی لە زانکۆی نیویۆرك ڕوونیکردووەتەوە کە جلی نوێ زۆر جار ڤایرۆس و بەکتریا لەخۆدەگرن. گەلێك جار جلی نوێ بەر لە کڕین یان تێستکردنی قەبارە و شێوەیان هەتا ئەگەر بۆ یەك جاریش

# کەمکردنەوەی کالۆری باشترین ڕێگایە بۆ دابەزاندنی کێش



بە گوێرەی نوێترین لێکۆڵینەوە، کەمکردنەوە یان سنووردارکردنی وەرگرتنی کالۆری یان وزەی ڕۆژانە Calorie restriction لە خۆراکەوە، باشترین ڕێگەیە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش. بۆنموونە ڕێجیمی ١،٢٠٠ کالۆری ڕۆژانە هەنگاوێکی باشە بۆ دابەزاندنی چەوریی زیاد بە شێوەیەکی خێرا، بە مەرجێك بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر بەردەوام نەبێت، لەوکاتەی کە پێویستیی ڕۆژانەی کالۆری بۆ پیاو بریتییە لە ٢،٥٠٠ کالۆری و بۆ ئافرەتیش ٢،٠٠٠ کالۆری. ئاماژە بەمەش کراوە کە پلانی کەمکردنەوەی کالۆری کاریگەرتر و سوودبەخشترە بە بەراورد لەگەڵ هیچ نەخواردن تا کاتێکی دیاریکراو Intermittent fasting کە وەکو ڕێگەیەکی دیکەی دابەزاندنی کێشی لەش پەیڕەو دەکرێت، ئەگەرچی هیچ نەخواردن تا کاتێکی دیاریکراو پلانێکی باوە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، بەڵام زانا و پسپۆران خەریکی توێژینەوەی زیاترن سەبارەت بە کاریگەریی کاتەکانی خواردن لەسەر کێشی لەش، لەوکاتەی کە چەند توێژینەوەیەك گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە قەبارەی ژەمەکانی خۆراك زیاتر لە هیچ نەخواردن تا کاتێکی دیاریکراو کاریگەریی لەسەر کێشی لەش هەیە.

## ــــــته جلی نوێ پێش لەبەرکردن بشۆرێت؟

بێت، هۆکارە بۆ گواستنەوەی جۆرێك ڤایرۆس و بەکتریای جیاواز بە ڕێگەی پێست یان دەم یان هەتا بە ڕێگەی هەناسە. هەروەها بۆیەی جل، ماددەی کیمیایی کە هەندێك جار وەکو پاککەرەوە بۆ جلی نوێ بەکاردێت هاوکات لەگەڵ ماددەی کیمیایی دیکە کەپاش پۆشین، دەبنە ئەگەری سووتانەوەی پێست و ئەکزیما. لە لایەکی دیکەوە، ئەو جلوبەرگانەی کە بە ڕێگەی ئۆنلاین داوادەکرێن بە ماددەیەکی تایبەت مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بۆ ڕێگرتن لە گەشەی کەڕوو و مێرووی ورد، کە هۆکارن بۆ هەستەوەری و هەوکردنی پێست. لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی زانکۆی کۆلۆمبیا هاتووە کە زۆر جار پۆشینی جلی نوێ بێ شووشتن هۆکارە بۆ گواستنەوەی مێرووی ورد، کەڕوو، ئەسپێ Lice، هەندێك جاریش مشەخۆری گەڕی Scabies بۆ پێست.



# گەیم و ڤیدیۆکان بە چاوەکانت کۆنترۆڵ بکە

ڕیمۆت کۆنترۆڵ لە هەر ئامێرێکدا کارئاسانییەکی زۆر دەکات و بێ ئەوەی بەکارهێنەر دوگمەی ئامێرەکان دابگرێت، لە ڕێگای ڕیمۆتەوە ئەرکەکان جێبەجێ دەکا. گرنگتریش لە ڕیمۆت کۆنترۆڵ ئامێری Tobii Eye Tracker 5ە کە لە ڕێگای پۆرتی HDMIەوە لە تیڤی پەیوەند دەدرێت و بەهۆیەوە دەتوانی کۆنترۆڵی گەیم و ڤیدیۆکان بکەی. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر کاتێك تۆ یارییەکی ئەلکترۆنی دەکەی، دەتوانی بە ئاراستەی جوڵەی سەر و چاوەکانت بەرەو سەرێ و خوارێ و لای ڕاست و چەپ کارکتەری یارییەکە بجوڵێنی. یان کاتێك فیلمێك سەیر دەکەی دەتوانی بە جوڵەی چاوەکانت فیلمەکە بەرەو پێش یا دواوە بەری. ئامێرەکە دەتوانی ڕوخساری کەسێك بناسێ و ئیدی بە کەسانی دیکە کاردانەوەی نەبێت.

ئامێری ناوبراو وزەی خۆی لە تیڤی وەردەگرێ و هەروەها کێشی زۆر کەمە، تەنیا ٩٧گرامە.

# ئامێرێکی پێویست بۆ ئۆتۆمبیل

سیستەمی GPS بۆ ئۆتۆمبیل زۆر گرنگە، هەرچەندە ئێستا سیستەمی GPS لەسەر مۆبایل و هەروەها تەبلێتیش هەیە. بەتایبەتی ئەو تەبلێتانەی کە داشبۆردی ئۆتۆمبیل دادەنرێن. بەڵام لە سیستەمی GPS گرنگتر ئامێری WayRayیە. ئامێرێك کە سەر جامی سەر داشبۆردت بۆ دەکاتە شاشەیەك ڕێنیشاندەر و لە هەموو ڕێگاوبانێك و مەترسییەکانی ڕێگا و ئاراستەکان ئاگادارت دەکاتەوە. ئامێرەکە بە شێوەی هۆلۆگرافیك واتە تیشکی 3D هێماکان نیشان دەدات، مەودای دووری نێوان خۆت و ئۆتۆمبیلی پێش خۆت نیشان دەدات و هەروەها لەو شوێنانەی قەرەباڵغن ئاگادارت دەکاتەوە. زانیاری ڕێگاوبانەکان بەشێوەی سێ ڕەهەندی نیشان دەدات و تەنانەت ئەو ڕێگاوبانانەی کە هێڵی نێوانیان بۆ نەکێشراوە و هێماکانی هاتووچۆی تێدا دانەندراوە، لەسەر جامی داشبۆردەکەت هێماکان نیشان دەدات و هێڵەکانی سەر جادە بە شێوەی مەجازی دەکێشێتەوە. بەهۆی کامێرای پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکە تەنانەت ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە پێشتەوە دێن و خێراییان زۆرە لەسەر جامەکە نیشان دەدرێن.






# یەکەمین کتێب خوێنی ڕەنگی لە جیهاندا

هەرچەندە ئەوانەی کتێب دەخوێننەوە حەز ناکەن لە شێوازە کلاسیکیەکە دەرباز بن و بە شێوەی دیجیتالی و لەسەر شاشەیەکی ئەلکترۆنی کتێب بخوێننەوە، ئەگینا زۆر کتێب خوێن واتە ئامێری تایبەت بە خوێندنەوەی زۆر باش هەن کە ئەرکی خوێندنەوەیان زۆر ئاسان کردووە. قەبارەی کتێب خوێنەکان زۆر بچووکە و چونکە خوێنەری دەیەوێت بۆ گەشتوگەڕان لەگەڵ خۆی بیبات، بەڵام کتێب خوێنی جۆری Reink-stone R1 قەبارەیەکی گەورەی هەیە، ١٠ ئینجە. کتێبخوێنەکە ڕەنگییە و یەکەمین کتێب خوێنی ڕەنگییە کە قەوارەکەی ئەوەندە گەورە بێت. کتێب خوێنەکان شاشەکەیان لە جۆرە مادەیەکی تایبەت دروستکراون بۆ ئەوەی کە ڕووناکییەکەیان کێشە بۆ چاو دروست نەکەن و هەم بۆ ئەوەی باترییەکەیان زوو دانەبەزێت، کتێب خوێنی ناوبراویش باترییەکەی هەتا ٣ هەفتە دانابەزێت.

میمۆرییەکەی ٦٤ گیگابایتە، ئەم بۆ کتێب خوێنێك زۆرە چونکە دەکرێت بە هەزاران کتێبی تێدا هەڵبگیردرێت، ڕامەکەی ٤ گیگابایتە. سپیکەری بەهێزی هەیە بۆ گوێگرتن لە کتێبە دەنگییەکان. ڕاستەوخۆش لە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و دەتوانی کتێب لە ئینتەرنێت وەربگری.



# ڕۆبۆتی cozomo

ڕۆبۆتی کۆزۆمۆ cozomo زۆر سەرنجراکێشە، ڕەزاسووك و بزۆزە و زۆریش هەستیارە، دەتوانێت ڕوخسارەکان بناسێتەوە. یاریت لەگەڵ بکا و وا دەکات کات و زەمەنت لەبیر بباتەوە. زۆر وەك کارتۆنی wall-E دەچێت و ڕێك وەك ئەو ڕۆبۆتانە دەچێت کە لە فیلمەکاندا بینیوتن.

ڕۆبۆتی ناوبراو لەگەڵ مۆبایل یا تەبلێت پەیوەند دەدرێت و لە ڕێگای وای-فایەوە کار دەکات. بەهۆی ئاپە تایبەتییەکانییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. ئاپەکانی چەندین جار لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنییەوە نوێکراونەتەوە هەر جارە تایبەتمەندی نوێتریان بۆ داناوە. قسە دەکا و دەتوانی زیاتر فێری بکەی. کۆزمۆ زوو فێر دەبێت بەڵام نابێ لەکاتی دەربرینی وشەکاندا پێپکەنی ئەگینا تورە دەبێ. لەگەڵ هەموو ئەندامانی ماڵەوە قسە دەکات، تەنانەت هاوڕێیەکی باش دەبێت بۆ پشیلەکەتان.



## سكۆتەری ژێر ئاو



زۆربەمان شارەزاییمان لەسەر ئامێری سكۆتەر هەیە، كە گەلێك جۆری هەیە. بەڵام ڕەنگە هەتا ئێستا زانیاریتان لەسەر سكۆتەری ژێر ئاو نەبێت. ئامێری White Shark Mix سكۆتەرێكی ژێر ئاوە، بەكارهێنەر ئامێرەكە بەدەستەوە دەگرێ و كاتێك دەچێتە قوڵایی ئاو، بەهۆی ئەو ئامێرەوە كە دوو پەروانەی لە پێشەوە هەیە بە خێراییەكی زۆر بەناو ئاودا دەڕوات. ئامێرەكە زۆرتر بۆ مەلەوانەكان دەگونجێت. دەكرێت كامێرایەك لە پێشەوەی سكۆتەری

## كیبۆردی Flux و هەموو شتــ

كیبۆرد یا تەختەی دوگمەكان ئەگەر گرنگترین بەشی كۆمپیوتەریش نەبێت، بێگومان لەریزی پارچە گرنگەكان دێتە ژمار، كیبۆردەكان توانا و كاركردیان جیاوازە، بەڵام كیبۆردی جۆری Flux لە هەموو بوارێكدا ناوازە و جیاوازە.

كیبۆردەكە لەمسییە، بە ئاسانی پارچەكانی لێكدەكرێنەوە، دەكرێت دیزاینی كیبۆردەكە بگۆڕی، چونكە بەشی دوگمەكانی شەفاف و ڕوونە، دەكرێ ژێرەوە بە هەر وێنەیەك حەزی لێدەكەی بیگۆڕی.

جیاوازی كیبۆردەكە لەوەدایە، بۆ نموونە كیبۆردەكانی دیكە، ئەو نووسینە یا كاراكتەرەی لەسەر دوگمەكان نووسراون نەگۆڕن، بەڵام لەو كیبۆردەدا بەداگرتنی دوگمەیەك، نووسینی هەموو دوگمەكان دەگۆڕدرێ، بۆ نموونە كاتێك لە ئینگلیزی دەیكەی بە عەرەبی، ئیدی هەموو دوگمەكان بە پیتی عەرەبی لەسەریان دەنووسرێ، كاتێك دەیكەی بەكاراكتەری و ئیمۆجی ئیدی دوگمەكان



### هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی ئازیز دەپرسێت چۆن بۆ هەمیشە هەژماری فەیسبووكەكەم بسڕمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ سڕینەوەی هەژماری فەیسبووك بۆ هەمیشە، پێویستە ئەم ئەدرەسە بنووسی www.facebook.com/help/delete_account و دواتر دوای هەژمارەكە و پاسۆردی فەیسبووكەت لێدەكا، دواتر دوگمەی OK لێبدە. دواتر فەرمانی Delete My Account لێبدە، دیسان هەژمار و پاسۆردەكەت بنووسە، دواتر كۆدێك دێت وەك خۆی بنووسەوە. دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەكرێتەوە و ئاگادارت دەكاتەوە ئەگەر هەتا ١٤ ڕۆژ سوود لە فەیسبووكەت وەرنەگری خۆكار، هەژماری فەیسبووكەت دەسڕێتەوە. بەڵام ئەگەر لەو ماوەیەدا سوودی لێوەربگری، ئەوكات ناسڕێتەوە.

## لەسەر مۆبایلەكەت سەیری گەردوون بكە



تەلەسكۆپی Stellina تەلەسكۆپێكی بچووكی خۆكارە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ مۆبایل یا كۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە، دیزاینێكی ناوازەی هەیە و لەسەر سێ پایەیەكی تایبەتی داندراوە، تەنانەت ئەگەر شەوێكی تەم و مژیش بێت ئەو دەتوانی وێنەی هەسارەكان بگرێت. هەستەوەرێكی ٦,٤ میگاپیسكلی سۆنی لەسەر داندراوە، بەهۆی مۆبایلەوە كۆنترۆڵ دەكرێت و هیچ شاشەیەكی نییە، بەڵكو دیمەنی گەردوون و هەسارەكان ڕاستەوخۆ بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت. باترییەكی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی لە شەودا فلاشەكان دابگیرسێنێ. لانی كەم لەیەك كاتدا ٢٠ كەس دەتوانی سوود لە تەلەسكۆپەكە وەربگرێ، چونكە بەهۆی ئاپێكی تایبەتەوە لەگەڵ ٢٠ ئامێر دەبەسترێتەوە. لە كەش و هەوای ٠ هەتا ٤٠ پلە دەتوانی سوودی لێوەربگیرێت و لە خوار یا سەرووی ئەم پلەیە كێشەی بۆ دێتە پێش. بێ ئەوەی بەكارهێنەر بیجوڵێنێ، خۆكار دیمەنی هەسارەكان دەدۆزێتەوە و وێنەیان دەگرێت.



ناوبراو دابنرێت بۆ ئەوەی فیلم لە دیمەنەکانی ناو ئاو هەڵبگرێتەوە. لەسەر سکۆتەرەکە دوگمەیەك هەیە و کاتێك دوگمەکەی دادەگری ئیدی دەست بە ڕۆیشتن دەکا و خێرایی ڕۆیشتنەکەی لە ژێر کۆنترۆڵی بەکارهێنەرەکەی دایە. هەتا ٣٠ مەتر لەژێر قوڵایی دەریادا بە باشی کار دەکات و کێشەی نییە.

## ـــــێک



دەبن بە کاراکتەر و ئیمۆجی.. جگە لەوەش دەتوانی پرۆگرامی بۆ دابنێی بۆ نموونە دەتوانی هەر دوگمەیەك بۆ فەرمانێکی دیاریکراو دابنێی.. ئەم فەرمانە دیاریکراوانە لە زنجیرە پرۆگرامەکانی تایبەت بە adobe گرنگی خۆی و ئاسانکاری زۆر دەکات.



## ماڵپەڕێک بۆ بەرهەمهێنانی ئاواز و موزیک

لە سایەی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێدا، بۆ هەر ئامانجێك کە نیازت بێ پێویست ناکات زۆر بەدوای دا بگەڕێی، دەکرێت لەسەر کۆمپیوتەر یا مۆبایلەکەی خۆت ئەو ئامانجەت بێنیە بەتایبەتی ئەگەر بوارێکی فێرکاری بێ.

ماڵپەڕی www.audiotool.com تایبەتە بە بەرهەمهێنانی ئاواز و موزیك. لەم ماڵپەڕەدا دەنگی ئامێرە مۆزیکیەکانی تێدایە. پانێڵێکی تایبەتی تێدایە بۆ میکسی ئاواز و هەروەها پانێڵێکی بۆ ئێفێکتی دەنگی. جگە لەوەش ٢٥٠ نموونەی خۆڕایی تێدایە که بە ئاسانی دەتوانی سوودیان لێوەربگری. ڕاستەوخۆش ئەو ئاوازەی بەرهەمی دێنە دەتوانی لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بڵاوی بکەیەوە.

# پرۆگرامی پارێزەری سیستەم لە ئاست ئیمێلی نەخوازراو

ئیمێلی نەخوازراو ئەوەی پێیدەگوترێت Spam یەکێکن لە گەورەترین مەترسی و هۆکاری گواستنەوەی ڤایرۆس و بەرنامەی سیخوڕی لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایل. کەم کەس کەسیش هەیە ڕۆژانە یەکێك لەو ئیمێلە نەخوازراوانەی بۆ نەیەت. بۆ پاراستنی ئیمیل و سیستەمی کۆمپیوتەر و مۆبایلەکەت لە سپام پێویستە یەکێك لە پرۆگرامەکانی دژە سپام دابەزێنی. پرۆگرامی MailWasher Pro یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی لابەری ئیمێلە سپامەکانە. پرۆگرامی ناوبراو گشت ئەو ئیمێلانەی کە ڕۆژانە بۆت دێن، بەرلەوەی بیانکەیەوە بەسەریان دادێتەوە، ئەگەر گومانی هەبێت لە ئیمێلێك، هێمای گومانی لەسەر دادەنێ. دەکرێت ئەدریسی ئیمێلی هاوڕێیانت بە پرۆگرامەکە بناسێنی و هەتا دواتر کێشەیان بۆ نەیەتە پێش. ئەدەرسی ئیمێلە نەخوازراوەکانیش پێبناسێنی تاکو جارێکی دیکە ئەو ئیمێلانە خۆکار بسڕێتەوە. پرۆگرامی ناوبراو زیاتر لە ٥ ملیۆن سپام و ڤایرۆس دەناسێت. هەروەها ئەو ئیمێلانەش دەسڕێتەوە کە زیاتر ڕیکلامن و بێزارکەرن.



# قژت لە تیشکی هەتاو بپارێزە



بەتینیی تیشکی هەتاو لەو ماوەیەدا جگە لەوەی کار لەسەر پێستی ڕووخسار دەکات، هەروەها تاڵەمووەکانی قژیش بێهێز و وشك دەکات، پسپۆڕی میسری (موحەمەد عادل)، دەربارەی زیانەکانی تیشکی خۆر دەڵێت: «هەندێ جار پێویستە خۆت بدەیتە بەر هەتاو، تا سوودی بۆ تەندرووستیت هەبێت، بەڵام ماوەکەی نابێت زۆر بێت، هەروەها لە کاتەکانی کاتژمێر (١١ تا ٤)ی ئێوارە بێت کە خۆر لەوپەڕی بەهێزیدایە، بەم جۆرە کاریگەریی خراپی لەسەر قژ و پێستی ڕووخسار دەبێت، بۆیە چەند هەنگاوێکی بۆ ئافرەتان ئامادە کردووە، کە چۆن خۆت لە تیشکی خۆر دەپارێزیت، هەنگاوەکانیش بریتین لە: نابێت قژت تەڕ بێت و بچیتە بەر تیشکی هەتاو، چونکە کار دەکاتە سەر وشککردنی داوە مووەکانی قژ، هەروەها دەتوانیت کڵاو و ڕەفتە بەکار بهێنیت، نابێت زیاتر لە سێ جار قژت بشۆیت، بەتایبەت ئەگەر کەشێکی گەرم بێت، هەروەها ئەوانەی قژیان چەورە پێویستە هەفتەی دوو جار بیشۆن. بۆ بڕینی قژ لە وەرزی گەرمادا، پێویستە هەر سێ مانگ جارێك قژت ببڕیت یان چاکی بکەیت، نابێت لە دوای قژ شووشتن بە خاولی و قوماش بیبەستیت، هەروەها کاتێك دەچیتە بەر تیشکی هەتاو، هەوڵ بدە کرێمی قژ بەکار بهێنیت بۆ بەرگری لە گەرمای بەتێن.



# بازنی گەورە دەست و مەچەک ڕازاوەتر دەکات




بازنەکان هەمیشە خشڵی دڵخوازی خانمانن، هەموو ئافرەتێك پێویستی بە بازنە، جیاوازی و گۆڕانکاری لە مۆدەکانی ئەو خشڵەدا بووەتە مایەی نیگەرانی لای خانمان، مەرج نییە بازنەکان تەنیا لە زێڕ بن، هەندێ جار بازنێکی پلاستیك یان مس و زەرد، دوو هێندە لە بازنە گرانبەهاکان جوانتر و نایابتر دەردەکەون، لە مۆدە تازەکانی مارکەی دیۆر کە بە گرووپی (کۆکۆکراش) ناسراوە، پسپۆرانی ئەو مارکەیە جەخت لە بازنی پان و گەورە دەکەنەوە، جگە لەوەی ئەو جۆرە قەبارەیان بۆ بازن داناوە، هەروەها چەند ڕێنماییەکیان بۆ هەڵبژاردنی بازنیش دیاری کردووە، لێرەوە ئاشنای بن: کاتێك بازنێکی گەورە لە دەست دەکەیت، نابێت ئەڵقە و ئەنگوستیلەی هەمان دەست گەورە بن، بەڵکو باشترە پێچەوانەی یەکتر بن، هەروەها سەبارەت بە ڕەنگی بازن و ئێکسسوارەکانی دیکە، واجوانە ڕەنگەکانیان هاوشێوە و هەمان ڕەنگ نەبن، جیاوازی لە ڕەنگەکانیان مۆدێکی سەرنجڕاکێشت بۆ دابین دەکات، کاتێك جلی بێقوڵ لەبەر دەکەیت، دەتوانیت ئەو بەشەی جەستە کە بە دەرەوەیە، بە بازنەکان داپۆشیت کە ئەوەش زیاتر مەچەك و سەر دەستەکانت دادەپۆشن.



# پانتۆڵی کلاسیک مۆدی سەردەمە

پانتۆڵ بە هەردوو جۆرەکانیەوە قوماش و جینز، مۆدێکی گرنگ لە بواری جلوبەرگدا داگیر دەکەن، پسپۆرانی جلوبەرگ ماوە ماوە ئاوڕ لە مۆدەکانی جلوبەرگی ساڵانی پێشوو دەدەنەوە، وەك گەرمکردنەوە بە دەستکارییەوە و دەیکەن بە مۆدی سەردەم، لە دوا مۆدەکانی پانتۆڵ کە جلێکی سەنجڕاکێشە و خۆشەویستە لەلای ئافرەتان، شێوازی پانتۆڵی ساڵانی حەفتا و هەشتەکانی سەدەی ڕابردوو هاتووەتە کایە، ئەو جۆرە پانتۆڵە بە فراوان و کراوە ناسراوە، واتە مۆدی تەسك و بەدی پانتۆڵەکان کۆتاییان دێت و ئەو مۆدە لوتکە دەگرێت. ئەو شێوازە تازەیە لە سەرەوە و بەشی خوارەوە فراوان و کراوە دەبێتەوە، تەنیا لەسەر چۆکەکان تەسکە، تا هەردوو مۆدی پێشوو و نوێ تێکەڵ بە یەکتر بکرێت، جگە لەوەی ڕەچاوی جۆری قوماشەکەش کراوە، کە زیاتر قوماشی نەرموشل بەکار دەهێنرێت، هەروەها دەکرێت قوماشەکانی جینز و کەتان و حەریر بکرێتە پێکهاتەی سەرەکیی ئەو چەشنە پانتۆڵە، سەبارەت بە ڕەنگەکانی ئەو جۆرە پانتۆڵەش، هەر یەکە لە ڕەنگی: ڕەش و سپی و شین و نیللی، سەرەکیترین ڕەنگەکانی پانتۆڵی بەهاری دەبن.






# ژیان لەگەڵ باڵندەکان


پیاوێك زیاتر لە چوار هەزار باڵندەی کێوی بەخێو دەکات، کەسانی خێرۆمەند و دڵگەورە هێشتا لە جیهاندا ماون کە خزمەتێکی بێ وێنە دەکەن لە هەر بوارێکدا بێت، ئەو پیاوە هیندییە ناوی (سیکار نای) یە، لە شاری (شنای)ی هیندستان دەژی، کاری چاککردنەوەی ئامێرەکانی کامێرا دەکات، ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت دوو باڵندەی توتیی سەوز لە بەردەم شوێنەکەی دەبن، ئەویش لە خۆیەوە بڕێك خواردن دەخاتە بەردەمیان، ڕۆژی دواتر کۆمەڵێکی دیکە لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە، بەم شێوەیە تا ژمارەی باڵندەکان دەگاتە زیاتر لە چوار هەزار، ئێستە کاری ئەو پیاوە گۆڕاوە لە چاککردنەوەی کامێراکان بۆ بەخێوکردنی باڵندەی تووتیی کێوی، ئەو پیاوە تەمەنی (٦٢) ساڵە و ڕۆژانە بڕە پارەیەك لە باخچەکانی ئاژەڵان وەردەگرێت بۆ بەدەستهێنانی خواردن بۆ ئەو باڵندانە و شوێنی تایبەتیشی بۆیان دروست کردووە.

# بەهێزترین بوومەلەرزەکان لە کوردستان و جیهاندا

بوومەلەرزە لە ئەنجامی جووڵان و تێکشکانی تاوەرەکانی ناوەوەی زەوی بەهۆی گۆڕانە جیۆلۆجیەکانەوە دروست دەبێت و بە شێوەی شەپۆلی خێرا ناوچەی ڕوودانی بومەلەرزەکە دەهەژێنێت، بومەلەرزە لە پلەی یەکەوە دەست پێدەکات تاکو پلەی دە بە پێوەری ڕێختەر دەپێورێت، پلەکانی سەرەتای زیان ناگەیەنن، بەڵام پلەکانی کۆتای لە شەش تا دە دەبنە هۆی وێرانکاری، لە کوردستان و جیهاندا چەندین بوولەمەرزەی بەهێز ڕوویان داوە، دواترینیان لە سەرەتای ساڵی نوێیەوە لە باکووری کوردستان بە شەش پلە و لە باشووریش بە چوار پلە ڕووی دا، بەشێکی زۆری ناوچەکانی جیهان تووشی بوومەلەرزە بوونەتەوە، بەڵام لە هەندێك شوێن بە پلەی بەرز تۆمار کراوە و بە بەهێزترین بوومەلەرزە لە مێژوودا ناسراون،وەك: وڵاتی شیللی، لە ٢٢ی مایسی ساڵی ١٩٦٠دا بوومەلەرزەیەك بە گوڕی ٩،٥ پلە شاری فالدیفیای هەژاند، ئەوەش بووەتە هۆی گیانلەدەستدانی پێنج هەزار هاووڵاتی و زیان پێگەیاندنی بڕی٥٥٠ ملیۆن دۆلار بەو وڵاتە، زەریای هندی لە دوورگەی سوومتەرە لە ئەندۆنیسیا لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤دا بوومەلەرزەیەك بە گوڕی ٩،١ پلە بە پێوەری ڕێختەر ڕووی دا و ئەوەش بووە هۆی گیانلەدەستدانی ٢٢٦ ٣٠٦ کەس و برینداربونی یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزارملیۆن هاوڵاتی، هەروەها ڕوودانی تسۆنامی لە خۆرهەڵاتی ئەفریقا و








# جەستەی منداڵە و بە تەمەن ئافرەتێکی پێگەیشتووە




ژیانی ئەو ئافرەتە بچووکە هیندستانییە دیارترین نموونەی جیاوازی شێوە و جەستەیە، چونکە لە سییەکانی تەمەنیدایە، کەچی لە نێو جەستەی منداڵێکی (٤ تا ٥) ساڵاندا دەژی، (سانتۆش کۆماری)، تەمەنی (٣١) ساڵە، کەچی درێژیی باڵای (٨٤) سەنتیمەترە، نە بچووك دەبێتەوەو نە زیاتر درێژ دەبێت، ئەوانەی دەیبینن وا دەزانن کە تەمەنی (٤) ساڵانە، تا تەمەنی (٣) ساڵی بە شێوەیەکی ئاسایی گەورە بووە و پاشان جەستەی لە گەورەبوون و درێژبوون وەستاوە، تا ئێستا ژیانی هاوسەریی پێك نەهێناوە، کە خوازیارە کەسێکی هاوشێوەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەون خانمە کاری بەرگدروون دەکات، هەروەها زۆربەی کارەکانی ماڵەکەی بە خۆی ئەنجامی دەدات.

باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە ژاپۆن لە ١١ی ئازاری ساڵی ٢٠١١دا بومەلەرزەیەك بە گوڕی ٩،٠ پلە بە پێوەری ڕێختەر دوورگەی هونشوی هەژاندووە، بوومەلەرزەکە بووە هۆی گیانلەدەستدانی ١٥ هەزار و ٨٩١ هاووڵاتی و مەترسی لەسەر ئەو بۆمبە ئەتۆمیە پوچەڵنەکراوە دروست کردبوو، کە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەر ژاپۆن کەوتووە، زیاتر لە ٥٠ جار بوومەلەرزە بە گوڕی جیاواز لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دووبارە بووەتەوە، لە وڵاتی ڕووسیاش لە دوورگەی کامتشاتکا لە ٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٢ دا بومەلەرزەیەك بە گوڕی ٩،٠ پلە ڕویدا و بووە هۆی بەرزبونەوەی شەپۆلەکانی ئاو بۆ بەرزیی ١٣ مەتر و زیان گەیاندنی ملیۆنان دۆلار بە ناوچەکە.










## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە دەردێکی کوشندەی جیهانی دەکات، کە قوتابیان دوای ئەوەی زانکۆ تەواو دەکەن، بێکار دەبن و بەهۆی زۆریی دەرچووانەوە کاریان دەست ناکەوێت.



## دیمەنە سەیرەکان

زمانی شێر بە سەدان دڕکی ڕەق داپۆشراوە و دووەم بەهێزترین زمانە لە جیهاندا، ئەم زمانە بۆ خواردنی خۆیان و لێکردنەوەی گۆشت لە ئێسك و لێسینەوەی پێستی نێچیر بەکار دێت، زمانی شێر ئەوەندە بەهێزە کە بە لێسینەوە دەتوانێت گۆشت تا سەر ئێسقان لابدات.

## پێڵاوێک دەچێتەوە شوێنی خۆی

ولاتی ژاپۆن جۆرە پێلاوێکیان دروست کردووە کاتێك لە شوێنێك بۆ شوێنیکی دیکە لە پێ دەکەیت، دواتر کە بۆ ماوەیەك کارت پێی نەما خۆی دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، ئەو کارەش بە بەستنی کۆمەڵێك تایە کە لە ژێرەوەی پێڵاوەکان نقوم کراون، ئەنجام دەدرێت، کاتێك کاتی کۆتایی گەڕانەوەی پێڵاوەکان دێت، تایەکان دێنە دەرەوە و بە هەستەوەرێکی زیرەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆیان تەرخان کراوە، کە بە پرۆسێسەرێکی زیرەك و پاتریی بارگاویکەرەوە و شەپۆلی وایفای کاردەکات، ئەو پرۆژەیە لەلایەن کۆمپانیای (نیسان) بەرهەم هێنراوە و تا ئێستا ئەو جۆرە پێڵاوە لە زۆربەی نەخۆشخانە و چێشتخانە و هوتێل و کەنارەکانی دەریا بەکار دەهێنرێت و سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە.



## یاسا



### تۆمارکردنی داوایەکی مەدەنی

دوای نووسینی سکاڵانامە، پوولی دارایی ٥٠٠ دیناری پولی ٥٠٠٠ دیناری پارێزەرایەتی لێ دەدرێت، دەیدەیتە دادوەری یەکەمی ئەو دادگایەی داواکەی لێ تۆمار دەکەیت، دادوەری یەکەم لێی دەنووسێت (بۆ تۆمارکردن و دانی ڕەسم و دیاریکردنی ڕۆژی دادبینی) ئەگەر دادگاکە چەند دادوەرێکی هەبێت، دادوەرەکەی یەکەم دەشنووسێت (بدرێت بە دادوەری .....یەم)، دوایی لە بەشی قەڵەمی یەکەم داواکە تۆمار دەکرێت، واتە ڕەقەمی دەعوا وەردەگرێت، پاشان لە بەشی ژمێریاریی ئەو دادگایە ڕەسمی داواکە دەدەیت، دوایی دەبرێتەوە بەشی قەڵەمی ئەو دادوەرەی داواکە دەبینێت، بۆ دیاریکردنی ڕۆژی دادبینی، پاشان لە هەمان بەشی قەڵەم کلێشەی ئاگادارکردنەوە ئامادە دەکەن، دادوەر ئیمزای دەکات، ئاگادارکردنەوەکە لەگەڵ نوسخەیەك لە داواکە دەبرێتە دائیرەی تەبلیغات بۆ تەبلیغکردنی داوالێکراو، ئەوەی سەرەوە تەواوی ئیجرائاتی ئاسایی تۆماکردنی داوایەکی یاساییە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕەنگە هەندێك گرفتی تەندروستیت بۆ دروست ببێت، باشترە دوور بکەویتەوە لە خواردنی ناتەندروست و خواردنی دەرەوە، لە ڕووی پیشەییەوە توشی زیان دەبیت، پێویستت بە پلانێکی باشتر هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە پێویستە خێراتر کار بکەیت لەسەر پرۆژەکانت، بڕیارێکی خێرا دەدەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانت سوود لە بیرۆکەی خۆشەویستەکەت ببینە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

چێژ لە ساتەکانی ژیانت ببینە، ئەم ماوەیە زۆر نیگەرانیت و بیرکردنەوە لە داهاتوو مێشکی سەرقاڵ کردویت، وا باشترە شتەکان بۆ کات جێ بهێڵیت و لە ئێستاتدا بژیت، لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە داوای یارمەتیت لێ دەکرێت، هەوڵبدە ڕەتیان مەکەرەوە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

گەشتێکی کورت گرفتەکانت چارەسەر دەکات، ئەم ماوەیە دوور بکەوەرەوە لەوەی خۆت بە کێشەکانتەوە سەرقاڵ بکەیت، ئەگەر هێندە فشار بخەیتە سەر خۆت، زیان بە تەندروستیی جەستە و دەروونت دەگات، هەندێك کات بۆ خۆشەویستی تەرخان بکە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە چاوەڕێی ستایشی خاوەن کارەکەت مەبە، هەوڵ بدە کارەکانت بۆ سەرکەوتنی خۆت بکەیت، نەك بۆئەوەی کەسانی چواردەورت لە خۆت ڕازی بکەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر کێشە لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەیە، باشترە بۆ چەند ڕۆژێك کاتەکانتان بە تەنیا بەسەر بەرن.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەو کاتانە دووبارە نابێتەوە کە لەگەڵ خێزانەکەت بەسەری دەبەیت، هەوڵ بدە چێژ لە ساتەکان ببینە، لە ڕووی داراییەوە کێشەکانت بەرەو چارەسەر دەڕۆن، ئەگەر دەتەوێت نەکەویتە کێشەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، وریای وشەکانت بە و بە زویی بڕیار مەدە.

بۆ زانیاریت

## ژەهری دووپشک



ژەهری دووپشك گرانترین شلەیە لە جیهاندا کە نرخی هەر لیترێك ١٠ ملیۆن دۆلارە، واتە بۆ هەر دڵۆپێك ٥٠٠ دۆلار، ژەهری دووپشك هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەوڵەمەندە بە پرۆتین کە یارمەتی دیاریکردنی خانە شێرپەنجەییەکان دەدات، بەمەش یارمەتی پزیشکەکان دەدات بۆ ئەوەی بە تەواوی لە خانە شێرپەنجەییەکان ڕزگاریان ببێت، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ مادده کیمیایی و تیشکییەکان ببەن، هاوکات یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی وەرەمی مێشك، زانا و توێژەرانیش پشتڕاستی دەکەنەوە کە ژەهری دووپشك یەکەم چارەسەری سەرکەوتووە بۆ وەرەمی مێشك بە جۆر و قەبارە و ژەهراوی بوونی جیاواز، بەڵام هەموویان گونجاون بۆ بەکارهێنانی پزیشکی و لە ناوەندەکانی توێژینەوەی پەسەندکراودا ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار دووپشك بەکاردێت بۆ دەرهێنانی ئەو ژەهرە، کە لە زۆرێك لە دەرمانەکاندا هەیە، گرنگترینیان شێرپەنجەی مێشك، ڕۆماتیزم، شێرپەنجەی گەدە و چەندین جۆری دژە زیندەیی.

## فیلم

### بکوژەکان لە گوڵی مانگ - Killers of the Flower Moon




درامایەکی تاوانکارییە و یەکێکە لە درێژترین فیلمەکانی ساڵی ٢٠٢٣، کە ماوەکەی سێ کاتژمێر و ٢٠ خولەکە، باس لە کۆمەڵێك بیزنیسمان و خاوەندارێتی نەوت لە ساڵی ١٩٢٠ دەکات، کە لە کاتی کاری خۆیاندا بۆ فرۆشتن و بازرگانیی نەوت لەژێر چەند حاڵەتێکی سەیردا دەکوژرێن، فیلمەکە لە دەرهێنانی مارتن سکۆرسێس و نووسینی ڕۆدریگۆ پرۆتۆیە، بودجەی فیلمەکە ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (لیۆناردۆ دیکاپریۆ، براندان فرێزەر، لیلی گلادستۆن، ڕۆبێرت دی نیرۆ، جیسی پلیمۆنس، لویس کانسلیم)ـە.



## پەند و وتە

ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی و نووسەر (میگنون ماکلۆلین) لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری بالتیمۆر لە ماریلاند لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٨٣ لە فلۆریدا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی عەقڵ و دڵ دەڵێت: «وا دەگوترێت کە عەقڵ کۆنترۆڵی دڵ بەڕێوە دەبات، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، تەنیا لە کاتی تاواندا هاوبەشی دەکات».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك هەیە، کە ڕووخساری بە جۆرێ ٣٢ك دەرکەوتووە، وەك ئەوەی دەمی لە لایەك بێت و چاوەکانی ڕوویان لەلایەکی دیکە بێت، هەوڵ بدە فێلکاریی وێنەگرتنەکە بزانیت کە چۆن گیراوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانت بەسەر دەبەیت، ئەمەش ئاسوودەت دەکات، لە ڕووی تەندروستییەوە پێویستە زیاتر گرنگی بە خۆت بدەیت، لە ڕووی پیشەییەوە دڵخۆشبە بەو دەستکەوتانەی بەدەستی دەهێنیت و چێژ لە ساتەکان وەربگرە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بە تەواوی پاڵپشتی دەکرێیت لەلایەن خێزانەکەتەوە، کاتێك ڕووبەڕووی بەربەستەکان دەبیتەوە چاوەڕێ مەکە کەسانی دیکە دەستت بگرن، گرفتەکانت تەنیا بە خۆت چارەسەر دەکرێت، کاتەکانت بەهەدەر مەدە و سوودی لێ ببینە بۆ سوودگەیاندن بە خۆت و کەسانی دیکە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

زۆر سەرقاڵی کارەکەتیت، ئەمەش جگە لەوەی زیانی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت گەیاندووە، دەروونت ماندووە، باشترە کەمێك لە ئەرکەکانت دوور بکەویتەوە و پشوو بدەیت، لەلایەنی داراییەوە ئەم ماوەیە گرفتت نابێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەمیشە ئامادەبە ئەو کاتەی خێزانەکەت پێویستیان بە تۆ هەیە، داواکارییەکانیان ڕەت مەکەرەوە، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵ بدە ناکۆکی لەگەڵ هاوپیشەکانت دروست مەکە و زیاتر پەیوەندییەکانت بەهێز بکە، چونکە پاڵپشتی ئەوان یارمەتی بەرەوپێشچونت دەدات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

وزەیەکی زۆرت هەیە، باشترە لە پرۆژە سودبەخشەکاندا بەکاری بهێنیت، مەکەوەرە ژێر کاریگەری ئەو وشە نەرێنی و ڕەخنانەی لێت دەگیرێت، متمانە بەخۆبوون بەرەو سەرکەوتنت دەبات، لە ڕووی سۆزدارییەوە بەسەربردنی کات لەگەڵ هاوسۆزەکەت ئاسوودەت دەکات.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەگەر پلانی گەشتکردن لە مێشکتدا هەیە، ئەم ماوەیە دەرفەتێکی زۆر باشە، چونکە پەستانێکی زۆرت لەسەرە و پێویستە پشوو بدەیت، تەندروستیت لە ئێستادا باشە، تەنیا هەوڵ بدە دوور بکەویتەوە لە خواردنی ناتەندروست و دانیشتنی زۆر.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆڕی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆڕی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دوایین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆڕی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
May 1, 2023 Issue,No.1362


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەرێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626